# لەبەر دەرگای دەرەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ڤۆڵڤگانگ بۆرشێرت

# لەبەر دەرگای دەرەوە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد



ناوی کتێب: لەبەر دەرگای دەرەوە - شانۆنامە
نووسینی: ڤۆڵڤگانگ بۆرشێرت
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٩٤
هەڵەگری: عەبدولخالق یەعقووبی + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## لەمەڕ ئەم بەرهەمەوە

(ڤـۆڵفگانگ بۆرشـێـرت)، لە ٢٠/ ٥/١٩٢١دا و لە هامـبـۆرگ لە دایک بووە، لـە ١٩٤٧/١١/٢٠ دا و لە شـاری (باسڵ)ی سـویسـرا، کـۆچی کردووە. ئـەم بەرهـەمەی لە کۆتایی پایزی ١٩٤٦ دا و لە چەند ڕۆژێکدا نووسـیووە، ٨ ڕۆژ!. بۆ یەکەمجار و لە مانگی فێبروەری ١٩٤٧ دا، لە لایەن ڕادیـۆی ڕۆژئاوای باکـــوورەوە. کـــراوەتە بـەرنامـــەی ڕادیـۆیی. بەرنامـەکـەیش چەندان پاتە کـراوەتەوە. پاشـانیش، لە لایەن چـەندین ئێـسـتگەی تـرەوە، وەرگیـراوە و لێـدراوە. بـۆ یەکـەمـجاریش لە لایەن (ڤۆڵفگانگ لیبنایەر)ەوە و لە ١٩٤٧/١١/٢١ دا، کەوتە سـەر شـانۆی شـاری (هـامـبـۆرگ)، واتە، ڕۆژێک دوای مـردنی نووســەر. نێـزیکەی هەموو شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، ئەم شانۆگەرییەیان نمایش کردووە. لەژێر ناوی (خـۆشـەویسـتی ٤٧)یشـدا و لە لایەن هەمـان دەرهێنەرەوە، کراوەتە فیلـم. ئەم بەرهـەمـە، لە سـاڵی ١٩٤٧ دا و لە دەسـتگای چاپی (ڕۆڤـۆڵت)، بەچاپ گـەیەنراوە و بـۆ زۆرێک لە زمـانە ئەوروپییـەکـانیش وەرگێڕدراوە.

## پوختەی بابەت

مرۆڤێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەو پیاوەی کە لە مێژبوو ڕۆیشتبوو. بۆ ماوەیەکی درێژ، هەر زۆر درێژ. بەڵام هەر تەواو بەجۆرێکی دی و جیاواز لە ڕۆیشتنەکەی هاتەوە. ئەو لە ناخەوە خزمایەتی لەتەک (داهۆڵ) دا هەیە. ئەو داهۆڵانەی کە لە مەزراکاندان، هەتا باڵندە و هەندێک جاریش، مرۆڤەکان بترسێنن. ئەو، هەزار شەوان لە سەرمادا چاوەڕێی کرد. دوای ئەو هەزار شەوان چاوەڕێکردنە، لە ئاکامدا بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. بەڵام نرخی هاتنەوە ژوورەوەکەی، کڵاوەی ئەژنۆی بوو. پیاوێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و فیلمێکی زۆر گرنگ دەبینێت! جا لە ساتی کارکردنی فیلمەکەدا، بۆ ئەوەی بزانێت بەئاگایە، یانیش خەون دەبینێت دەبووایە چڕنووک لە دەستەکانی خۆی بگرێت. بەڵام وا دەبینێت کە لە ڕاست و چەپیەوە، خەڵکی زۆری دی هەن، کە ئەوانیش وەک ئەویان لێ بەسەر هاتووە. بۆیە پاشان بیر دەکاتەوە کە: نەخێر، دەبێت ئەمە ڕاست بێت. بەڵێ، بەڵام کە لە کۆتاییی فیلمەکەدا، بەگەدەی بەتاڵ و قاچی ڕچیو و سەرمابردووەوە، هەمدیسان دەکەوێتەوە سەر شەقام. ئەوسا هەستی پێ دەکات کە هەر بەڕاستیش، ئەوە فیلمێکی ئاسایی ڕۆژانە بووە. فیلمی پیاوێک کە بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە. یەکێک لەوانەی کە دێتەوە و ناشیەتەوە! چونکە، بۆ ئەو جۆرانە، ئیدی لەماڵەوەبوون نییە. لەماڵەوەبوونەکەی، دەرەوەیە و بەر دەرگا. ئەڵمانەکەی ئەو، دەرەوە و سەر شەقام و شەوانی بەر بارانە... ئەوە ئەڵمانەکەیەتی.

## پێشەکییەکی وەرگێڕ

دەربڕینێکی مافخوازە ئەگەر بەڕاشکاوی بڵێم: ئەگەر نووسەر و هەڵبەستەوانی لاو (ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت)ی تەمەن بیست و شەش ساڵ و نیو! لە ژیاندا بمایە، بەڵام بەهەمان جیهانبینی و بیر و بۆچوونەوە، ئەوا ئەگەر لە ناو و ناوبانگی (بێرتۆلت برێشت)ی تێ نەپەڕاندایە، بێ شک لە پاڵیدا ڕێی دەکرد. (بۆرشێرت) خاوەنی گەلێک بەرهەمی جۆراوجۆرە. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا، نەفرەت لە شەڕ و درۆ و تەفرەدان دەکات. بەخوێندنەوەی سەرپاکی بەرهەمەکانی، خوێنەر لەوەی تێ دەگات کە مەیدانی بیرو بۆچوونەکانی، هەموو جێیەکی ئەم دنیایە و هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگەشە. ژیان و بیر و نووسینەکانی، وەک (ڕاستی – حەقیقەت!) خۆی بوون. ئەوەیش کە (ڕاستی) ئازار دەرە و تەنیایی دەخولقێنێت، ئەمەی هەر لە گەنجێتییەوە دەزانی، ئەوەیش لە نامەکانییەوە کە لە سەربازییەوە دەیناردنەوە. ئەو لەمەڕ (ڕاستی)یەکی (درۆ) وە دەدوا، کە ملیۆنان مرۆڤی بەرەو بۆگەنکردن دەبرد. ئەو نامانەشی لە (هامبۆرگ) و لە ماڵ پشکنیندا دۆزرانەوە، کە بوونە هۆکاری شکات لێ کردن و تاوانبار کردنی. بەڵام بەر لەوەی کە ئەم لاوە تەمەن بیست ساڵییە بگیرێت، لەمێژ بوو لەتەک سەدان هەزار ئەڵمانی تردا، ڕەوانەی بەرەکانی ڕووسیا کرابوون. ئەو باوەکو خوێنڕشتنی ئەو سەد هەزارانەی لە بەر چاوان بوو، پاشان زامدار بوو و خوێنی خۆیشی ڕژێنرا. هاوکات تووشی نەخۆشییەکانی (زەردوویی و دیفتری)یش



بوو کە خوێنی هەڵدەهێنایەوە. شکاتەکە لێی، لە شاری (هامبۆرگ)ەوە، ڕەوانەی بەرەی شەڕ کرا. ئیدی بەو نەخۆشییانە و دەستێکی پێکراو و زەخمییەوە، بەرەو بەندیخانەی (نورنبێرگ)ی ئەڵمانیا پەلکێش کرا. هەر بەو گوزەرانەوە لەبەر دادگادا ڕاوەستێنرا. دادگایش بڕیاری مردنی بۆ ئەم لاوە دەرکرد، کە باسی لە (ڕاستی) دەکرد. شەش مانگ بەو ترسەوە لە زینداندا مایەوە. بەڵام تەنیا لەبەر گەنج بوونەکەی، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ناو ژیان پێ درایەوە. دوای ساڵێکیش و لەسەر داوای خەڵکی و بۆ چارەسەر، لە مانگی نۆی ١٩٤٧ دا ڕەوانەی سویسرا کرا. بەڵام دوای ژیانێکی پڕ ئازار لە ٢٠/ نۆڤێمبەری ١٩٤٧دا، ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

(ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت) لەمەڕ (ڕاستی)یەوە، ئەم دەربڕینە فەلسەفییەی بەیان کردووە: "مامەڵەکردن لە تەک (ڕاستی – حەقیقەت) دا، وەک مامەڵە کردنە لەتەک ناسراوترین قەحبەی شاردا. چونکە هەمووان دەچنە لای و دەیناسن، بەڵام بۆ هەر کامیشیان جێی شەرمەزارییە، لەسەر شەقام بەرەو ڕووی ببنەوە. دەبێت بەدزییەوە بێت و لە شەودا. چونکە (قەحبەو ڕاستی) لە ڕۆژدا، بۆر و ناحەز و ناشیرین. هەندێکیش لە هەموو ژیانیاندا، ئەمەیان بۆ هەرس ناکرێت."

**سەرچاوە:**

ئەم درامایە لە کۆ بەرهەمی نووسەر وەرگیراوە.

دەستگای ڕۆڤۆڵت، چاپی ١٩٥٩، هامبۆرگ

"بەرهەمێک، نە شانۆیەک دەخوازێت بیکاتە شانۆگەری و
نە بینەرانیش دەیانەوێت بیبینن"

ڤۆلفگانگ بۆرشێرت



## کەسەکان

بێکمەن:

ژنەکەی: "کە ئەوی لە بیر کرد"

هاوەڵەکەی: "کە ژنەکەی بێکمەنی خۆش ویست"

کچێک: "کە مێردەکەی بەلاقێکەوە، بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. ئەو مێردەی کە هەزاران شەوان، خەونی بەوەوە دەدی"

سەرکردەیەک: "کە زۆر قۆشمەیە"

ژنی سەرکردە: "کە لە ماڵە گەرمەکەیدا، لە سەرمادا هەڵدەلەرزێت!"

کچەکەیان: "کە خواردنی ئێوارە چێ دەکات"

مێردی کچەکە: "ڕاڤەچی... شیکەرەوە"

بەڕێوەبەری کابارێت: "دەیویست بوێر بێت. بەڵام نابوێریی بەباشتر زانی"

خانمی کرامەر: "کە لە خانمی کرامەر زیاتر، هیچی دیکە نییە. ئەوەیش هەر بۆ خۆی تۆقێنەرە"

پیرە پیاوەکە: "کە، کەسێک باوەڕی پێی نییە."

پەیمانکاری مردوونێژ(قرقێنە لێدەر)

کەنناسێک: (کە لە ڕاستیدا کەنناس نییە)

ئەوی تر: (کە هەمووان دەیناسن)

ئێلبە: (ڕووبارێکی ناو شاری هامبۆرگ –وەرگێڕ–)

# پێشپەردە

(با) کە نرکەی دێت. (ئێلبە)یش، خۆی بە لەنگەرگەکەدا دەکێشێت. ئێوارەیە و مردوونێژ لەوێکانەیە. ئەو لە ئاسمانی ئێوارەکەدا، تارمایی مرۆڤێک دەبینێت. مردوونێژ چەند جاران قرقێنە لێ دەدات و هەر جارەیش دەڵێت، قڕوومس. هەر وەک باڵندەی (ڕومس) خۆی. ئەها، وا کەسێک لەوێکانەدا وەستاوە. لەوێکانەی ژووررووی لەنگەرگەکەوە. وایش دەردەکەوێت کە بەرگ و پاڵتۆیەکی کۆنی سەربازی پۆشیبێت. بەڵام کڵاوی بەسەرەوە نییە. بێگومان قژی وەک تووکی فلچە کورتن. ئەو هەر تەواو لە نێزیکی ئاوەکەوەیە. زۆر جێی گومانە، ئەگەر لە تاریکی ئێوارەدا، بەسەر ئاوەوە بووەستیت. یان دڵدار وەها دەکەن یانیش هەڵبەستوان. ئەوەیش کەسێکە لەو ژمارە زۆرەی کە ئیدی ناخوازن بەشداری مانەوە بن و دوکانەکەیان دادەخەن. جا پێ دەچێت کە کەسی بان لەنگەرگەکە، یەکێک لەو جۆرانە بێت. وەستانەکەی نێزیک لە ئاوەکەوە، جێی مەترسییە. نا، ناکرێت دڵدار بن. چونکە دڵداران هەمیشە جووتەن. ئەو هەر بەتەنیا لەوێکانەدا وەستاوە. ناشکرێت هەڵبەستوان بێت. چونکە هەڵبەستوانەکان قژیان درێژە. بەڵام ئەم کەسە، دەڵێیت فلچەیەکی بەسەرەوەیە. ئەوەی بەسەر لەنگەرگەکەوەیە سەیرە، هەر زۆر جێی سەرسووڕمانە.

(شڵپەیەک لە تاریکییەکەدا دێت و ئیدی تارماییەکەی سەر لەنگەرگەکە دیار نامێنێت)



شڵپ... ئیدی ڕۆیشت و نەما. خۆی هەڵدایە ناویەوە. ئەو زۆر لە ئاوەکەوە نێزیک بوو. بێ شک کە ئاوەکە ڕایکێشاوەتە خوارەوە. ئیدی نەما و ڕۆیشت. بەڵام ئێلبە درێژە بە شڵپوهۆرەکەی دەدات. (ترامواییەکان) درێژە بەزەنگ لێدانەکەنیان دەدەن. قەحبەکان هەر خۆیان بەلێواری پەمجەرەکاندا دەدەن. جەنابی (کرامەر)یش، خۆی بەسەر لاکەی تردا تل دەدات و درێژە بەپرخە پرخەکەی دەدات. هیچ کاتژمێرێکیش ناوەستێت. پڵمپ...مرۆڤێک مردووە... ئینجا چییە؟! هیچ. تەنیا چەند زنجیرە شەپۆلێکی بازنەیی دەیسەلمێنن، کە مرۆڤێک لەوێکانەدا بووە.بەڵام شەپۆلەکانیش، هەر خێرا ئارام بوونەوە. ئیدی هەر کە شەپۆلەکان دوور کەوتنەوە، ئەویش لەبیر چووەتەوە. بێ ناو و نیشان، نەماوە. هەروەک هەرگیز نەبووبێت. ئاوها بەو جۆرە. هێی...کەسێک لەوێکانەدا دەگری. سەیرە. پیرەپیاوێک لەوێکانەدا وەستاوە و دەگری: ئێوارەت باش...

پیرە پیاو: (*بەگلییەوە نا، بەڵکووم بەنیگەرانییەوە*)، ئۆوو منداڵەکان، منداڵەکان. منداڵەکانم...!

مردوونێژ: ئەرێ پیرە بۆچی دەگریت؟

پیرەپیاو: چونکە هیچم بۆ ناگۆڕدرێت. ئۆف، چونکە ناتوانم هیچ بگۆڕم...

مردوونێژ: هیپ، ببوورە، جا ئەوە خراپە. مرۆڤیش ناتوانێت هەرواو لە خۆوە، درێژەی بداتێ، هەر وەک بووکی بەجێماو... قڕوومس... هاە... ببوورە...

پیرەپیاو: ئۆو منداڵەکانم. خۆ ئەوانە هەموو منداڵی منن!

مردوونێژ: کەواتە تۆ کێیت؟!

پیرەپیاو: یەزدان. ئەو یەزدانەی کەس باوەڕی پێی نییە.

مردوونێژ: قروومس... ببوورە، ئەی بۆچی دەگریت؟

پیرەپیاو: چونکە هیچم بۆ ناگۆڕدرێت. تەقە لە خۆیان دەکەن. خۆیان هەڵدەواسن. خۆ سەرخۆش دەکەن. یەکتری دەکوژن. ئەمڕۆکە سەد و سبەینێش سەدان هەزار. ئەی من چی بکەم؟ منیش هیچ گۆڕانکارییەکم بۆ مەیسەر نابێت.

مروونێژ: پیرە، شەوەزەنگە، شەوەزەنگ. هەر ئەوەیە کە ئیدی کەسێک باوەڕی بەتۆ نەماوە.

پیرەپیاو: بەڵێ، شەوەزەنگە. من ئەو یەزدانەم، ئیدی کەسێک باوەڕم پێ ناکات. تاریکییەو منیش هیچم بۆ ناگۆڕدرێت. منداڵەکانم، هیچ گۆڕانێکم بۆ ناکرێت. شەوەزەنگە... شەوەزەنگ....

مردوونێژ: قروومس... ببوورە... هەر وەک مێش و مەگەز!... قروومس... ئاخ نەفرەتی...

پیرەپیاو: ئەوە بۆچ وەها بەردەوام، قرقێنەی قێزەون لێدەدەن؟... ناحەز و ناشیرینە...!

مردوونێژ: وەسایە، وایە، ناشیرینە. هەر تەواو ناحەز و ناشیرینە. ئەمەیش دەردی پیشەیە. من پەیمانکاری مردوونێژم.

پیرەپیاو: هەی مەرگ؟ تۆ گوزەرانت هەر زۆر باشە! تۆ خودای نوێیت و باوەڕیان بەتۆ هەیە. خۆشیان دەوێیت و لێیشت دەترسێن. تۆ شایانی ڕووبەڕوو بوونەوە نیت. کەسێک ناتوانێت لەتەک تۆدا درۆ بکات. یانیش قەڵست بکات. بەڵێ، گوزەرانی تۆ هەر زۆر



باشە و خودای نوێیت. بەڵام ئەتۆ قەڵەو بوویت. چونکە من تۆم بەجۆرێکی دی لە بیرەوەریدایە. لەڕ و لاواز و ئێسقاناوی. کەچی وەها خڕۆڵە و قەڵەو و کەیفسازیت. تۆی مەرگی ڕابردووی کۆن، هەمیشە وەک برسییەک دەبینرا...

مەرگ: ئا. بەڵێ. لەم سەردەمەدا برێک چەوریم گرتووە. کاسبییەکەشم باش بووە، چونکە، ئەم جەنگ دەست دەداتە ئەو جەنگ. مردووەکانیش هەروەک مێش، بەڵێ مێش، خۆیان بەدیواری ئەم سەدەیەوە دەنووسێنن. هەروەک مێش لەبەر پەنجەرەکاندا وشک هەڵگەڕاون و کەوتوون.

پیرەپیاو: بەڵام ئای لەو قرقێنەیە. بۆچ وەها قرقێنەیەکی ناحەز؟!

مەرگ: زیادەخۆری. هەر تەواو زیادەخۆری. ئەوە هۆکەیەتی. لەم ڕۆژگارەدا ناتوانرێت، خۆ لە قرقێنە بەدوور بگریت... قروومس... ببوورە...

پیرەپیاو: ئاخ منداڵەکان. منداڵەکان. کە چی من ناتوانم هیچ بگۆڕم. منداڵەکان... منداڵەکان.........

(*هەڵدەکشێتە سەرەوە*)

مەرگ: نا، دەی پیرە شەو باش. بخەوە. ئاگاداربە کە تۆیش نەکەویتە ناو ئاوەوە. چونکە پێش تۆ، کەسێک خۆی تێ فڕێ دا. باش ئاگات لەخۆت بێت، پیرە. چونکە شەوەزەنگە، هەر تەواو شەوەزەنگ... قروومس... پیرە بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە. خۆ تۆ هیچت بۆ نایەتە گۆڕین. بۆ ئەوەیش مەگری کە ئێستاکە بازێکی دا. ئەوەی کە پاڵتۆیەکی کۆنی سەربازی لەبەردا بوو. قژە کورتەکەشی وەک تووکی فڵچە وابوو. بۆ ئەوانە دەگریت کە ئەم

ئێوارەیە لەسەر ڕۆخی ئاوەکە وەستان؟ بەڵام ئەوانە نە جووتە دڵدار بوون و نە هۆزانڤانیش. ئەوەی کە لێرەکانە بوو، لەو کەسانە بوو؛ کە ئیدی نە دەخوازن و نە حەزیش لە مانەوە دەکەن. ئەوانەی کە ئیتر توانایان نەماوە، ئێواران بەبێ دەنگی خۆیان دەهاوێژنە ئاوەوە. شڵپ و... ئیدی بەسەرچوو. پیرە مەگری و وازبێنە. تۆ بۆ تێداچووەکان مەگری. ئەویش یەکێک لەوانە بوو، کە ئیدی ناتوانن بمێننەوە. یەکێک لەو هەموو ژمارەیە و تەنیا یەکێک.

***

## (خەون)

*(لە ناو ڕووباری ئێلبە دا و شەپۆلی بچکۆلەی بەدوای یەکدا و بەئاوازێک. ئێلبەو بێکمەن)*

بێکمەن: لە کوێم؟ خودایە من لە کوێم؟

ئێلبە: تۆ لە کن منیت.

بێکمەن: لە کن تۆ؟ تۆ کێیت؟

ئێلبە: دەبێت من کێ بم؟ جووجەڵە؟ کە تۆ لە بان پردەکەی (شتپاوڵی)یەوە، خۆت فڕێ بدەیتە ناو ئاوەوە؟

بێکمەن: ئێلبە؟

ئێلبە: بەڵێ، ئێلبە.

بێکمەن: (*بەسەر سوورِمانەوە*) تۆ ئێلبەیت؟

ئێلبە: ئۆوو، کوڕە چاوە منداڵ ئاساکانت بکەوە. چۆن؟ وادەزانیت کە منیش وەک (ئۆفێلیا)، کیژۆڵەیەکی پێست سەوز و قژ پرش و





بڵاوی ڕۆمانتیکم؟ کە دەتوانیت بۆ هەمیشە، لە باوەشە بۆندارەکەمدا بەسەر بەریت؟ نەخێر کوڕەکەم بەهەڵەدا چوویت. من نە ڕۆمانتیکم و نە بۆنخۆش و شیرینیش. بەڵکووم، ڕووبارێکی ئاساییم کە بۆگەنی دێت. بەڵێ، بۆگەنی ڕۆن و ماسی. ئەرێ تۆ لێرەکانە چیت دەوێت؟

بێکمەن: بخەوم. چونکەی ئیدی لەو سەرەوە خۆم بۆ ناگیرێت و ناتوانم درێژەی پێ بدەم. بۆیە دەمەوێت بخەوم. لە بێ دەنگیدا و بەهەزاران شەو بخەوم.

ئێلبە: تۆ دەتەوێت خۆت دەرباز بکەیت. تۆی دەستپێک. چی؟ تۆ لەو باوەڕەدایت کە ئیدی لەسەرەوە، ناتوانیت تەحەموڵ بکەیت؟ هم؟ چۆن؟ بەڵام خراپ حاڵیت! دەی تۆیش زۆرت کرد. تۆی بچکۆلەی فیتنەچی. تۆی دەستپێک لە ئینکاریدا. ئەرێ تەمەنت چەندە؟

بێکمەن: بیست و پێنج ساڵ. کە دەمەوێت نیوەی بخەوم.

ئێلبە: دەی بڕوانە. بیست و پێنج و ئیدی باقییەکەی بەخەوتن. بیست و پێنج ساڵان و کەچی لە شەوێکی تەماویدا، خۆت هەڵبدەیەتە ئاوەوە. هەر لەبەرئەوەیش کە ئیدی ناتوانیت، هەی لە تۆی داوەشاو، ئیتر چی ناتوانیت؟

بێکمەن: هەموو شتێک. هیچ شتێک لەسەرەوە ناتوانم. ئیدی ناتوانم کە برسی بم. بشەلم. لەبەر پێخەفەکەمدا بوەستم و بەشەلەشەلیش، بڕۆمەوە دەرەوە. ئەویش هەر لەبەرئەوەی کە جێگەکەم گیراوە. لاق، پێخەف، نان. ئیتر تەحەمول ناکرێت. تێ دەگەیت؟!

ئێلبە: نەخێر، ڕوو هەڵماڵراو... نەخێر. گوێت لێیە؟ تۆ لەو باوەڕەدایت، مادام دەشەلیت و سکیشت قۆڕەی دێت، ئیدی ژنەکەت لەتەکدا هەڵناکات؟ بۆیە مۆڵەت بەخۆت دەدەیت خۆت بەژێر تەنوورەکەمدا بکەیت؟ ئیدی هەرواش بەسانایی خۆت هەڵبدەیتە ناو ئاوەوە؟ وەی لە تۆ، وەی. خۆ ئەگەر خەڵکی لەبەر برسێتی بیانەوێت خۆیان سەرخۆش بکەن، ئەوسا کۆنە زەوی باشمان، وەک سەری ڕووتاوەی بارهەڵگرێکی لێ دێت.... ساف و لووس. نەء لاوۆ، نەء. شتی وەسا نییە. بەم ناڕازی بوون و گلەیی کردنەوە، ناشێت لە کن من شانسێکت هەبێت. لەلای من بەرپەرچ دەدرێیتەوە. دەشبووایە، یاخود پاڵتۆکەتیان کەمێک هەڵبکێشایە، یانیش کەمێک بچووکتر بووایە! دەی خۆ تۆیش شەش ساڵان سەرباز بوویت. هەمووانیش هەر وا بوون. هەر یەکە و لە جێیەک گیری خواردووە. ئەگەریش پێخەفەکەت گیراوە، بگەڕێ بۆ یەکێکی دی. من ژیانە کەم و هەژارانەکەی تۆم ناوێت، لاوەکەم. چونکە تۆ بۆ من کەمیت. لێ گەڕێ هەروەک پیرەژنان دەڵێن: جارێ بژی. پاشان با خۆت لێ بدەن. هەر پێی دەگەیت. ئەوسای کەناڵەکەت هەتا سەرەوە پڕ دەبێت، یاخود ئیفلیج بوویت و کەوتیتە سەر هەر چوار پەلان. ئەوساکە دەتوانین لە بارەیەوە قسان بکەین. بەڵام نهاکە مەکەوە بێمێشکی... باشە؟ ئیدی ئێستاکە لەم ناوە دەڕۆیت، لاوە ئاڵتوونییەکەم. ژیانەکەت کە تەنیا پڕی مشتێکە، بۆ من کەمە. با لەکن خۆت بێت و من نەمگەرەکە. ئەو ژیانە کەمەم ناوێت کە تۆ تازە دەستت پێ کردووە. دەی، دەمت داخە، ئەی وەچەی



مرۆڤ. دەمەوێت زۆر بەهێواشی، شتێک بەگوێتا بچرپێنم: وەرە ئێرەوە. گوو بەخۆ کوژییەکەت، تۆی مەلۆتکە. بزانە چیت بەسەردا دێنم. (بەدەنگی بەرز) . ئادەی کوڕەکان! ئەم گچکەیە لێرەوە و لە گۆمی (بلانکن)ەوە فڕێ بدەنەوە سەر زیخی ڕۆخ! چونکە ئەوە نهاکە بەڵێنی پێدام، کە جارێکی دی هەوڵ دەداتەوە. بەڵام ئەم گچکە کێچ ئاسا و سەوزباوە! دەشڵێت: کە لاقێکی شەلی هەیە.

## دیمەنی یەکەم

*(ئێوارەیە و لە گۆمی بلانکە دا. دەنگی ئاو و با دەبیسترێت. بێکمەن و ئەوی تر).*

بێکمەن: ئەوە کێیە لەوێکانەدا؟ لە نیوەی شەودا و لەم ئاوەدا؟ هێی! ئەوە کێیە لەوێکانەدا؟

ئەوی تر: منم.

بێکمەن: سپاس، ئەی منم کێیە؟

ئەوی تر: منم، ئەوی تر.

بێکمەن: ئەوی تر؟ کام ئەوی ترە؟

ئەوی تر: ئەوی تری دوێنێ. ئەوی تری ڕابردوو. ئەوی تری هەمیشە. بەڵێ بێژ و وەڵام دەرەوە.

بێکمەن: ئەوی ڕابردوو؟ ئەوی هەمیشە؟ تۆ ئەوی تری سەر مێزی خوێندنگەیت؟ ئەوی تری سکەی شەمەندەفەر؟ سەر پلیکانەی ماڵ؟

ئەوی تر: ئەوی ناو زریانە بەفرەکەی (سمۆلێنیسک) و ئەوی ناو ژێرزەمینەکەی (گۆردۆک) .

بێکمەن: ئەوی (ستالینگراد)یش؟ تۆ ئەوی تریشیت؟

ئەوی تر: ئەویش. ئەوی ئێوارەی ئەمڕۆیش. من ئەوی تری سبەینێشم.

بێکمەن: سبەینێ، سبەینێ نییە. سبەینێ بەبێ تۆیە. دەی لاچۆ، تۆ ڕوخسارت نییە.



ئەوی تر: تۆ منت لە کۆڵ نابێتەوە. من ئەوی ترم کە هەمیشە ئامادەیە و لەوێکانەدایە: سبەینان و پاش نیوەڕوانەکان. شەوەکان و لەناو پێخەفیشدا.

بێکمەن: دەی لاچۆ. من پێخەفم نییە. ئەوەتا لێرەکانە و لە پیساییدا لێی پاڵکەوتووم.

ئەوی تر: منیش هەر لە پیساییدام. من هەمیشەییم و تۆ منت لە کۆڵ نابێتەوە.

بێکمەن: لاچۆ و بڕۆ، تۆ ڕوخسارت نییە.

ئەوی تر: تۆ منت لە کۆڵ نابێتەوە، چونکە هەزار ڕوخسارم هەیە. من ئەو دەنگەم کە هەر کەسێک دەیناسێت. من ئەو ئەوی ترەم کە هەمیشە هەیە. ئەو مرۆڤە ئەوی ترەم کە وەڵامدەرەوەیە. ئەوەی کە پێدەکەنێت، ئەگەر تۆ بگریت. ئەوەی کە قنگەتیلکەت دەدات، ئەگەر تۆ ماندوو بیت. من قنگەتیلکەکەری قەڵسکەرم. من ئەو گەشبینەم کە لە خراپەکاریدا، باشی دەبینێت. گڵۆپی ناو تاریکترینی تاریکیم. من ئەوەم کە باوەڕدارە، پێدەکەنێت. خۆشەویستی هەیە! من ئەوەم کە بەردەوامی بە ڕۆیشتنەکەی دەدات، ئەگەرچیش بۆی دەشەلێت. ئەوەیشم کە تۆ (نەء) دەڵێیت، ئەو (بەڵێ) دەڵێت. من بەڵێ بێژم. ئەوەیش کە......

بێکمەن: هەتا دەتوانیت (بەڵێ) بڵێ. لاچۆ و من تۆم ناوێت. من (نەء) دەڵێم. نەء، نەء، نەء. لاچۆ و دوورکەوە. من (نەء) دەڵێم. گوێت لێیە؟

ئەوی تر: گوێم لێیە. هەر بۆیەش لێرەکانە دەمێنمەوە. ئەی تۆ کێیت هەی (نەء) بێژ؟

بێکمەن: من ناوم بێکمەنە.

ئەوی تر: ئەی (نە) بێژ، ناوی یەکەمی خۆتت نییە؟

بێکمەن: نەخێر، ئەویش لە دوێنێوە. لە دوێنێوە تەنیا ناوم بێکمەنە. هەروا بێکمەن. هەروەک چۆن بە مێز دەوترێت مێز.

ئەوی تر: کێ بەتۆ دەڵێت مێز؟

بێکمەن: ژنەکەم. نا، ئەوەی کە ژنم بوو. من نێزیکەی سێ ساڵان لێی دوور بووم. لە ڕووسیا. کە دوێنێ بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. بەڵام بەدبەختی بوو. دەزانیت کە سێ ساڵان زۆرە؟ ژنەکەم هەروا بەسانایی بێکمەنی پێ دەوتم. بێکمەن. چۆن مرۆڤ مێزێک بە مێز ناو دەبات. پارچە مۆبیل بێکمەن! ئەم پارچە مۆبیل ئاسایەی ناوی بێکمەنە، بخەنە ئەولاوە. دەبینیت؟ هەر بۆیە کە ئیدی ناوی یەکەمی خۆمم نییە. تێ دەگەیت؟

ئەوی تر: ئەی بۆچ لێرەکانە و لە ناو ئەم زیخەدا پاڵکەوتوون؟ لە نیوەی شەو و لە ئاودا؟

بێکمەن: چونکە ناتوانم سەربکەومەوە. چونکە من، بۆ یادگاری، لاقێکی شەلم لەتەک خۆمدا هێنایەوە. دەزانیت کە وەها بیرەوەرییەک باشە؟ ئەگینا مرۆڤ زۆر خێرا جەنگی لەبیر دەچێتەوە. دەی منیش وەهام نەدەویست. جا لەسەر ئەوەشەوە، هەموو شتێک خۆش بوو. ئای منداڵەکان، کە خۆش بوو. یانیش؟

ئەوی تر: هەر بۆیە لەم ئێوارەیەدا و لەم ئاوەدا ڕاکشاویت؟

بێکمەن: من کەوتمە خوارەوە.



ئەوی تر: ئاخ. کەوتیتە ئاوەوە؟

بێکمەن: نا، نا، نا. تۆ گوێ بگرە. من خۆم دەمویست بکەومە خوارەوە و بەمەبەست. چونکەی ئیدی سەبرم نەمابوو. ئەم شەلە شەل و هەنگڵەشەلێیە و بەزمی ژنەکەیشم کە ژنم بوو. ژنەکەم هەروەک چۆن بە مێز، مێز دەوترێت، ئاوەهایش بەسانایی پێم دەڵێت بێکمەن. جا ئەوەیشی کە لەکن ئەو بوو، ڕوخساری گرژ کرد. جا لەگەڵ ئەو کاولکاری و خەرابەیەی ئێرەکانەدا، لە هامبۆرگ. هۆ لە لەیەکیشەوە کوڕەکەم لەژێر خەرابەدایە. بڕێک ئازایەتی و ئێسک و پرووسک و چڵقە. ئازایەتی مرۆڤ و وردە ئێسقان. ئەو تازە ببووە ساڵێک و منیش نەمدیبوو. بەڵام ئێستاکە، هەموو شەوێک دەیبینم. ئەویش لە ژێر دەها هەزار بەرد و وێرانەدا. بۆیە بیرم کردەوە، کە ناتوانم تەحەمولی بکەم. بۆیە ویستم خۆم بەر بدەمەوە. بیریشم کردەوە کە زۆر ئاسان دەبێت. لە سەکۆکەوە بۆ خوارەوە، شڵپ و تەواو، بەسەرچوو.

ئەوی تر: شڵپ، تەواو و بەسەرچوو؟ تۆ خەونت بینیوە، چونکە تۆ لێرەکانە و لەسەر زیخ ڕاکشاویت.

بێکمەن: خەونم دیوە؟ بەڵێ، خەونم بەبرسێتییەوە دیوە. من خەونم دی کە وا (ئێلبە) هەمدیسان منی بۆ دەرەوە تف کردووەتەوە. ئەم کۆنە ئێلبەیە... منی نەدەویست. ئەو لەو باوەڕەدا بوو، کە دەبێت جارێکی دی هەوڵی ژیان بدەمەوە. چونکە من مافی خۆ تێدابردنم نییە. وتیشی کە من هێشتاکە ناکاملم. وتیشی؛ گوو بەو تۆزە ژیانەمدا دەکات. بەگوێمیدا چرپاند؛ کە ئەو گوو بە خۆکوشتنەکەمدا دەکات. وتی گووی لێ بێت. ئیدی هەروەک

پیرە ماسیفرۆشەکانی بازاڕ، کردییە هەڵا. وتی ژیان خۆشە و جوانە، کەچی منیش بەم بەرگە تەڕانەمەوە و لەم ڕۆخی (بلانک)ەدا لێی ڕاکشاوم و سەرمامە. لێ، من هەمیشە سەرمامە. لە ڕووسیا هەر زۆر و بێبڕانەوە سەرمام بوو. من لووتم لەو هەمیشە سەرمابوونە پڕە. ئینجا ئەم (ئێلبە) نەفرەتییەش. بەڵێ، خەونم بە برسێتییەوە دیوە. ئەوە چییە لەوێکانەدا؟

ئەوی تر: وا یەکێک دێت. کچێک و یانیش شتێکی لەو بابەتە. ئەوەتا، ئەوەتا.

کچ: ئەرێ کەسێک لەوێکانەدایە؟ خۆ نهاکە کەسێک قسەی دەکرد. ئەرێ کەسێک لەوێکانەیە؟

بێکمەن: بەڵێ. یەکێک لێرەکانە پاڵکەوتووە. لێرەکانە. لێرەکانە و لە بن ئاوەکە.

کچ: لەوێکانەدا چی دەکەن؟ بۆچ هەڵناسنەوە؟

بێکمەن: خۆ دەبینن کە من لێرەکانەدا پاڵکەوتووم. نیوەم لەسەر زەوی و نیوەکەی تریشم لە ئاودا.

کچ: ئاخر بۆچی؟ دەی هەستە، دەی. کە تۆپەڵێکی ڕەشم لە ئاوەکەدا دی، وام دەزانی مردووییەکە.

بێکمەن: ئۆ، بەڵێ. یەک تۆپەڵی ڕەش.

کچ: بەڵام جەنابتان زۆر سەیر دەپەیڤن. پێم وایە ماوەیەکە، زۆرجار ئێواران مردوو لەناو ئاودا دەبینرێت. کە جار جارە هەڵپەنماو و تەڕ و چڵقاوین. هێندەیش سپی، هەر وەک خێو. هەر بۆیەش



تۆقیم. بەڵام زۆر سوپاس بۆ یەزدان کە جەنابتان زیندوون. بەڵام خۆ دەشبێت تەڕی تەڕ بن.

بێکمەن: هەروەهایە. هەروەک لاشەیەکی تەواو، تەڕ و سارد.

کچ: دەی کەواتە هەڵسن. یانیش خۆتان زامدار کردووە؟

بێکمەن: بەڵێ وەسایە، چونکە کەڵکەڵەی ئەژنۆمیان لێ دزیوم. ئەویش لە ڕووسیا. کە ئیدی ناچارم بەلاقێکی ڕەپەوە، بەناو ژیاندا هەنگڵەشەلێ بکەم. هەمیشەیش وادەزانم، لە باتی بەرەو پێش، بەرەو دواوە دەچم. بۆیە هەر باسی هاتنە سەرەوە مەکە.

کچ: ئێ دە وەرە و من هاوکاریت دەکەم. دەنا هێدی هێدی دەبنە ماسی.

بێکمەن: جا ئەگەر لەو باوەڕەدان کە ئیدی پاشە و پاش ناچم. ئەوا دەتوانین هەوڵێک بدەین. ئاوەها. سپاس.

کچ: دەیبینیت، کە بەرەو سەرەوە دەبێت. بەڵام جەنابتان تەڕ و وەک سەهۆڵ ساردن. خۆ ئەگەر من بێرەدا تێ نەپەڕیمایە، بێشک تا نهاکە دەبوونە ماسی. هێندەشی نەمابوو، لاڵ و بێ دەنگیش بن. مۆڵەتم دەدەیتێ شتێکت پێ بڵێم؟ من ئا لەم نێزیکانەوە دەژیم و لە ماڵیشەوە جلوبەرگی وشکم هەیە. وەرە لەگەڵمدا، باشە؟ یانیش جەنابتان هێندە بەفیزن، نایەڵن لە لایەن منەوە وشک بکرێنەوە؟ ئەی نیوە ماسی. ماسیی بێ دەنگ و تەڕ!

بێکمەن: جەنابتان گەرەکتانە من لەگەڵ خۆتاندا ببەن؟

کچ: ئەگەر بتانەوێت، بەڵێ. وەلێ هەر لەبەرئەوەی کە ئێوە تەڕن. هیوادارم کە جەنابتان ناشیرین و ئاسایی بن، هەتا پاشان

لەوەی پەشیمان نەبمەوە، کە ئێوەم لەتەک خۆمدا بردووە. من تەنیا لەبەرئەوەی ئێوە لەتەک خۆمدا دەبەم، چونکە جەنابتان تەڕ و ڕچیون. تێ دەگەن! وە لەبەرئەوەشی...

بێکمەن: لەبەرئەوەشی؟ لەبەر چی؟ نەخێر، هەر لەبەرئەوەی کە من تەڕ و ساردم. ئەگینا ئیدی لەبەرئەوەشی نییە!

کچ: بەڵێ هەیە. لەبەرئەوەشی کە جەنابتان دەنگێکی بێ هیوا و خەمبارتان هەیە. دەنگێکی ماتەم و ناشاد. ئاخ، ئەمانە هەمووی بێ مێشکییە. چۆن؟ دەی ماسییە پیرەی بێ دەنگ و تەڕ، وەرە لەگەڵمدا.

بێکمەن: ڕاوەستن! ئەوە لێم هەڵدێن؟ بەکاوەخۆ، چونکە لاقم لەتەکما نایەت.

کچ: ئاخ بەڵێ، باشە. دەی کەواتە بەهێواشی. هەروەک دوو ماسی زۆر کۆنی تەڕی زەمانی بەرد.

ئەوی تر: دوو لاقەکان ئاوەهان، ڕۆیشتن. مرۆڤی وەها سەیر و سەمەرە لەسەر ئەم گێتییەیە. لە پێشدا خۆیان توور دەدەنە ئاوەوە و سەرسامن بەمردن. بەڵام پاشان، هۆ لەولایەوە و بەرێکەوت دوولاقێک لە تاریکییەکەوە دێ بەلایەوە. دانەیەکی وەهای بەتەنوورە و مەمک و پرچی درێژەوە. کە ئیدی، لە ناکاو ژیان زۆر خۆش و شیرین دەبێت. کە ئیدی کەسێک نایەوێت بمرێت. ئەویش هەر لەبەر تۆزقاڵێک پرچ و پێستی سپی و بۆنی ئافرەت. کە ئیدی لەسەر پێخەفی مردن ڕاست دەبنەوە و وەک هەزار ئاسکی مانگی فێبروەر، تەندروستییان باشە. کە تەنانەت نیوە لاشەکانی ناو ئاویش زیندوو دەبنەوە، کە لە



پێشدا زەوق و توانای مانەوەی سەر ئەم گێتییە نەفرەتی و چۆڵەوانییەیان نەبوو. جا هەر لەبەر چەند چاوێک و برێک گەرمی بەزەیی و دەستی بچکۆلانە و لاملێکی باریکەڵە، نیوە لاشەکانیش دەکەونەوە جموجووڵ.

## دیمەنی دووەم

(*ئێــوارەیە و لە ژوورێکدا . دەرگــایەک جـیــرەی دێت و دادەخرێتەوە. بێکمەن و کچەکە*)

کچ: ئا، بەڵێ. ئێستاکەیش دەمەوێت ئەو ماسییەی کە گرتوومە، لە بەر ڕووناکی گڵۆپدا ببینم. ئاها . (پێدەکەنێت). بەڵام تۆ ئاسمان پێم بڵێ، ئا ئەمە چییە؟!

بێکمەن: ئەمە؟ ئەمە چاویلکەکەمە. بەڵێ، جەنابتان پێدەکەنن. بەداخەوە، ئەمە چاویلکەکەمە.

کچ: بەمەیش دەوترێت چاویلکە؟ من لەو باوەڕەدام کە جەنابتان بەمەبەستی تایبەتی جەفەنگبازن.

بێکمەن: بەڵێ، ئەوە چاویلکەکەمە. ڕاستیش دەکەن. پێ دەچێت بەم چوارچێوەی تەنەکە و شووشانەوە، کەمێک سەیر بێت. ئەوجا ئەم بەنە بۆرانەیش، کە دەبێت لە پشتی گوێکان قایم بکرێن. ئەو بەنە ناحەزەی بەلای لووتدا دێتە خوارەوە! کە مرۆڤ ڕوخسارێکی سەربازی پێ وەردەگرێت. ڕوخسارێکی ڕۆبۆتە ئاسای لە تەنەکە. ڕوخسارێکی گازماسک ئاسا . دەی خۆ ئەمەیش چاویلکەیەکی گازماسکە.

کچ: چاویلکەی گازماسک؟

بێکمەن: چاویلکەی گازماسک. ئەو سەربازانە هەیانبوو کە چاویلکە لەچاو بوون. هەتا لەژێر گازماسکەکەیشەوە بتوانن ببینن.



کچ: ئەی باشە بۆچ ئێستاکە بەمەوە دەخولێنەوە؟ چاویلکەی ئاساییتان نییە؟

بێکمەن: نەخێر. بەڵێ، هەمبوو. بەڵام بەر تەقە کەوت. نەخێر ئەمیش جوانە. من خۆشحاڵم بەوەی کە هیچ نەبێت، ئەمەیشم هەیە. ئەگەرچیش دەزانم کە هەر زۆر ناشیرینە. هەر بۆیەش کە جار جارە خەڵکی پێم پێدەکەنن، تووشی شڵەژان دەبم. بەڵام لە کۆتاییەکەشیدا، قەیدی نییە و با پێبکەنن. خۆ ناتوانم وازی لێ بێنم. چونکەی بەبێ چاویلکە سەرلێشێواو و بزرم. هەر بەڕاستی، بێ توانام.

کچ: ئاوەها؟ بەبێ ئەوە بێتوانان؟ (*بەخۆشحاڵییەوە، نەک بەڕەقی*) دە کەواتە هەر خێرا ئەو شتە ناحەزەم بدەرێ. نا، ئێستا دەڵێن چی؟ نەخێر، کاتێک وەری دەگرنەوە کە من بزانم بەڕاستی بێ توانان. زۆر جێی ئارامییە. چونکە بەبێ چاویلکە شێوەیەکی دیتان هەیە. من لەو باوەڕەدام بۆیە وەها ڕوخسارێکی خەمبارتان هەیە، چونکە هەمیشە پێویست بووە کە لەو چاویلکەی گازماسکەوە، بڕوانن.

بێکمەن: ئێستاکە هەموو شتێک بە لێڵی دەبینم. دەی بمدەنەوە، چونکەی هیچ نابینم. تەنانەت تۆیش بۆ من زۆر دوور و لێڵیت.

کچ: هەر زۆر باشە. ئەمەیش مافی منە. بۆ تۆیش هەروەها باشە. چونکە بەچاویلکەکەوە لە خێو دەچن.

بێکمەن: گومانی ئەوەش هەیە کە خێوێک بم. خێوێکی دوێنێ، کە ئەمڕۆکە کەس نایەوێت بیبینێت. خیوێکی ناو جەنگ کە لە لایەن ئاشتییەوە بەشێوەیەکی کاتی، چاک کراوەتەوە.

کچ: (*لە دڵەوە و بەگەرمی*) ئەی چ خێوێکی ترسناک؟ من لەو باوەڕەی دام کە جەنابتان، لە ناخیشەوە، وەها چاویلکەیەک هەڵدەگرن. تۆی ماسی شایان یارمەتیی. ئەم چاویلکەیە لە کن من دابنێ. چونکە باشیشە کە تۆ ئێوارەیەک، هەر هەموو شتێک نەختۆکەیەک بە لێڵی ببینیت. ئەی باشە، هیچ نەبێت پانتۆڵەکان بە بەری تۆ دەبن؟ نا، لە خراپ ناچێت. ئادەی ئەو چاکەتەیش لەبەر بکەن.

بێکمەن: ئۆف، لە پێشدا لە ئاو دەرم دێنیت و پاشان وازم لێ دێنیت کە بخنکێم. خۆ ئەمە چاکەتی پاڵەوانێکە. چ زەبەلاحێکتان ماشیوەتەوە؟

کچ: زەبەلاحەکە مێردمە. نەء، مێردم بوو.

بێکمەن: مێردی تۆ؟

کچ: بەڵێ، بۆچ واتان بیر دەکردەوە کە بازرگانی بەپۆشاکی پیاوەوە دەکەم؟

بێکمەن: ئەی مێردەکەتان لە کوێیە؟

کچ: (*بەهێواشی و تاڵییەوە*) لە برساندا مرد. ڕەق بووەوە. بەجێ ماوە. من چی دەزانم . لە گەیشتنییەوە بۆ (ستالینگراد)، ئیدی ئەوە بزرە. ئەمەیش بۆ سێ ساڵ دەبێت.

بێکمەن: (*بەواق ورمانەوە*)، لە ستالینگراد؟ هەر بەڕاستی لە ستالینگراد. بەڵێ، بەڵێ، لە ستالینگراد. ئا لەوێکانەدا هەندێک بەجێ مان. بەڵام هەندێکیش هەر دەگەڕێنەوە. ئەوانەشی کە نایەنەوە، پۆشاکەکانیان لێ دەکەنەوە! جا ئەو پیاوەی کە پیاوت بوو. ئەوەی کە زەبەلاح بوو، ئەوەی کە ئەم پۆشاکانە هی ئەون، بەجێ ماوە. ئەی من. منیش دێمە ئێرەکانە و پۆشاکەکانی ئە لەبەر دەکەم. بەخوا جوانە، وەها نییە؟ چاکەتەکەشی هێندە گەورە و دەڵبە، خەریکم تێیدا دەخنکێم. (*بەخێراییەوە*)، دەبێت دایان بکەنمەوە. بەڵێ، من دەبێت پۆشاکە تەڕەکانی خۆم لەبەر بکەمەوە. چونکە من لەم چاکەتەدا تێدا دەچم. ئەم چاکەتە دەمخنکێنێت. من لەم چاکەتەدا تەنیا جەفەنگبازێکم. جەفەنگێکی خراپی زاڵم کە جەنگ دروستی کردووە. ئیدی نامەوێت ئەم چاکەتەم لەبەردا بێت.

کچ: (*بەگەرمی و دوودڵییەوە*)؛ ماسی، وسبە و تکایە لەبەرتا بیهێڵەوە. ماسی، لەگەڵ مۆدێلی سەمەری قژەکەیشتدا، من تۆم ئاوەها بەدڵە. ئەو مۆدێلی قژەیشت هەر لە ڕووسیاوە هێناوە؟ ها؟ ئەم چاویلکە و لاقی شەل و قژی فلچە ئاساییەشت. چاوت لێیە، کە هەستێکی وەهام لا دروست ببوو. ماسی، تۆ نابێت وەها بیر بکەیتەوە کە من بەتۆ پێدەکەنم. نەخێر، ماسی، من شتی وەها ناکەم. تۆی خێوی بۆرەقنەی هەژار، هەر زۆر خەمبار دێیتە بەر چاوان، کە لێشت دێت. بەڵێ، ئا بەم چاکەتە دەڵب و قژی بژ و لاقی ڕەپەوە. هەی ماسی، واز بێنە و تۆ زۆر خەمبار و دڵگیر دێیتە بەر چاوان. نەخێر، من بەشایانی پێکەنینی نازانم. کە بەو چاوە بێ هیوایانەتەوە لێم دەڕوانیت، دەمەوێت بگریم. دەی تۆیش هیچ نالێیت. دەی ماسی شتێک بڵێ. تکایە، هەر شتێک دەتەوێت بیلێ. تۆ هەر شتێک بڵێ، مەرجیش نییە کە مانایەکی هەبێت. دەی ماسی، چونکە لەم دنیایەدا، بێ دەنگییەکی زۆر قێزەون هەیە. شتێک بڵێ، کە ئیدی مرۆڤ هەست بەتەنیایی نەکات. تکایە، ئەی مرۆڤەماسی دەمت

بکەرەوە و هەموو ئێوارەکە لەوێکانەدا مەوەستە. وەرە، وەرە و لە پاڵ مندا دانیشە. نا، ماسی وەها دوور نا. تۆ دەتوانیت بەهێمنی و ئارەزووی خۆت، لێم نێزیک ببیتەوە. چونکە بەلێڵی دەتبینم. دەی وەرە. جا ئەگەر حەزیش دەکەیت، چاوەکانت بنووقێنە. وەرە و شتێک بڵێ. هەتا لێرەکانەدا شتێک هەبێت. هەست ناکەیت کە بێدەنگی چەندە ئەشکەنجەدەرە؟

بێکمەن: (*شڵەژاوە*) من حەز دەکەم بتبینم. بەڵێ، تۆ. بەڵام لەوەی دەترسێم کە لەتەک هەر هەنگاوێکدا، بۆ دواوە بگەڕێمەوە. بەڵێ، ئەو ترسەم هەیە.

کچ: هەی لە تۆ. بۆ پێشەوە. بۆ دواوە. سەرەوە. خوارەوە. پێ دەچێت کە سبەینێ، سپی وهەڵئاوساو لە ئاودا کەوتبێتین. زۆر بێدەنگ و سارد. بەڵام ئەوەتا کە ئەمڕۆکە گەرمین. ئەم ئێوارەیەش. دەی ماسی، شتێک بڵێ. ئەم ئێوارەیە بە مەلە لە دەستم قوتار نابیت. بەڵام دەرگاکە. دەبێت دەرگاکە کلۆم بکەم.

بێکمەن: واز بێنە. من ماسی نیم و تۆیش پێویست ناکات دەرگاکە کلۆم بکەیت. نا نا، بەخودای من ماسی نیم.

کچ: (*لەبەرخۆیەوە*) ماسی! تۆی ماسی! تۆی خێوی چاککراوی بۆرەقنە.

بێکمەن: (*زۆر بەتێڕامانەوە*) دەمپەستێتەوە. هەناسەم لەبەر دەبڕێت. دەمخنکێنێت. ئەم هەستە لەوەشەوە دێت، چونکە خراپ دەبینم. هەر زۆر تەماوییە. لێ، دەمخنکێنێت.

کچ: (*بەترسەوە*) هەی، ئەوە چیتە؟

بێکمەن: (*بەترسی زۆرەوە*) هەر ئێستاکە شێت دەبم. دەی خێرا





چاویلکەکەم بدەرەوە. هەمووشی لەوەوە دێت، چونکە بەر چاوانم تەمە. ئەوەتا. هەستێکی وەهام هەیە، دەڵێیت پیاوێک لە پشتی تۆوەیە! هەر هەموو کاتەکیش. پیاوێکی گەورە، گەورەی وەک پاڵەوان. زەبەلاحێک. بۆیەش وەهای دەبینم، چونکە چاویلکەکەم لە چاودا نییە. زەبەلاحەکەیش یەک لاقی هەیە. زەبەلاحە بەیەک لاق و دوو دار شەقەکەیەوە، هەر نێزیک دەبێتەوە. گوێت لێیە؟ تاق تۆق تاق تۆق. دارشەق وەها دەکەن. وا نهاکە لە پشتی تۆوە وەستاوە. هەست بەهەناسەدانەوەی دەکەیت، بەسەر پشتە ملتەوە؟ دەی چاویلکەکەم پێ بدەرەوە، چونکە نامەوێت ئەو ببینم. ئەوەتا. ئێستاکە هەر تەواو نێزیک لە پشتی تۆوە وەستاوە!

کچ: (*دەقیژێنێ و دەکەوێت. دەرگایەکەش جیڕەی دێت و شەق دادەخرێتەوە. ئیدی بەرزتر دەنگی تاق تۆق تاق تۆقی دارشەق دەبیسترێت.*)

بێکمەن: (بەچرپە) زەبەلاحەکەیە!

یەک لاق: (*بەردەوام*) ئەوە لێرە چی دەکەیت؟ لە پۆشاکەکانم و لە جێگەکەمدا و لە کن ژنەکەم؟

بێکمەن: (*هەروەک ئیفلیج بووبێت*) شتەکانی تۆ، جێگەکەت و لە کن ژنەکەت؟

یەک لاق: (*بەبەردەوامی و گرژییەوە*) ئەی تۆ؟ تۆ لێرە چی دەکەیت؟

بێکمەن: (*بەلاڵەپەتەیی و هێواشییەوە*) منیش دوێنێ شەو، هەمان پرسیارم لەو پیاوە کرد، کە لە کن ژنەکەم بوو. لە کراسەکەم و لە پێخەفەکەمدا بوو. ئەرێ ئەوە تۆ لێرەکانە چی دەکەیت؟

هەروا شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: بەڵێ، ئەوە من لێرە چی دەکەم. ئاوەها وەڵامی دایەوە. ئیدی منیش دەرگای ژووری نوستنەکەم داخستەوە. نەخێر، لە پێشدا گڵۆپەکەم کوژاندەوە. کە ئیدی کەوتمە دەرەوە.

یەک لاق: ئا تۆ ڕوخسارت بێنە ژێر گڵۆپەکەوە، زۆر نێزیک. (دەورتێنێت) بێکمەن!

بێکمەن: بەڵێ، منم. وام دەزانی کە تۆ من نەناسیتەوە.

یەک لاق: (*بەئاسپایی و بەڵام گلەییەکی زۆرەوە*) بێکمەن... بێکمەن... بێکمەن...!!!

بێکمەن: (*ئازار دەکێشێت*) دە واز بێنە. ئەو ناوە مەهێنە! ئیدی نامەوێت ئەو ناوەم هەبێت، بۆیە وازبێنە!

یەک لاق: (*هەمدیسان*) بێکمەن. بێکمەن

بێکمەن: (دەقیژێنێت) من ئەو نیم و ناشمەوێت کە ئیدی ئەو بم! من ئیدی نامەوێت بێکمەن بم!

(*بێکمەن دەچێتە دەرەوە. دەرگایەک جیڕەی دێت و شەق دادەخرێتەوە. با دەبیسترێت و مرۆڤێکیش لە شەوە کشوماتەکەدا، هەرا دەکات*)

ئەوی تر: بێکمەن بوەستە!

بێکمەن: ئەوە کێیە؟

ئەوی تر: منم. ئەوی تر.

بێکمەن: تۆ هەمدیسان لێرەیت؟

ئەوی تر: هێشتاکە، بێکمەن. هێشتاکە.



بێکمەن: چیت لێم دەوێت، لێ گەڕێ با ڕابوورم.

ئەوی تر: نەخێر، بێکمەن. ئەو ڕێیە بەرەو (ئێلبە) دەچێت. وەرە بەرەو ئەم شەقامەی سەرەوە

بێکمەن: دەی لێ گەڕێ تا تێ پەڕم. دەمەوێت بۆ (ئێلبە) بڕۆم.

ئەوی تر: نە بێکمەن. وەرە. تۆ دەبێت ئا لەم شەقامەوە درێژە بەڕۆیشتن بدەیت.

بێکمەن: لەو شەقامەوە درێژە بە ڕۆیشتن بدەم؟ دەبێت بژیم؟ من پێویستە درێژە بە ڕۆیشتن بدەم؟ دەبێت بخۆم؟ بخەوم و هەموو شتێکی دیش؟

ئەوی تر: وەرە، بێکمەن.

بێکمەن: (*بێ گرنگی پێدان تا تووڕە بوون*) ئەو ناوە مەڵێ. ئیدی ناوم نییە. من دەبێت لەوێکانە کە مرۆڤێک هەیە، درێژە بەژیان بدەم؟ لەوێکانە کە مرۆڤێکی یەکلاقی لێیە؟ کە بەهۆی منەوەیە یەک لاقی هەیە؟ هەر لەبەرئەوەی کە بێکمەن جێگری ئەفسەر بوو، بۆیە ئەو یەک لاقی هەیە؟ ئەو بێکمەنەی کە فەرماندەی مەفرەزە بوو و وتی: جەنابی (باوەری) جێگری عەریف، جەنابتان بێ شک هەتا کۆتایی ئێشکەکەتان دەگرن. منیش ئا لەو جێیەی کە یەکلاقێکی لێیە و هەمیشەیش بێکمەن بێکمەنێتی درێژە بەژیان بدەم. وایش بێکمەن دەڵێت، هەروەک بڵێت گۆڕ. دەڵێیت وشەی مردن یانیش سەگ بە دەمیدا دێت. کە ناوەکەم دێنێت، هەردەڵێیت باسی کۆتایی پێهاتنی دنیا و هەڕەشە و گومان دەڵێت. تۆیش ڕات وایە کە دەبێت درێژە بەژیان بدەم؟ جا لە دەرەوەیش. هەمدیسان لە دەرەوە. دوێنێ ئێوارە لە دەرەوە

بووم، ئەمرۆکەیش هەروەها. من هەمیشە لە دەرەوەم و دەرگاکانیشم لێ کێلوون کراون. مرۆڤێکم بەلاقی قورس و ماندووەوە، بە گەدەیەکیشەوە، کە لە برساندا قۆڕەی دێت. بەخوێنێکەوە کە شەو لە دەرەوە دەیبەستێت. ئینجا یەکلاقیش بەردەوام ناوەکەم دەڵێتەوە. تەنانەت شەوانیش ناکارم بخەوم. ئیدی بۆ کوێ بڕۆم؟ هەی زەلام لێ گەڕێ با تێ پەڕم.

ئەوی تر: وەرە بێکمەن، با بە شەقامەکەدا درێژە بە ڕۆیشتن بدەین. دەمانەوێت سەردانی پیاوێک بکەین، کە تۆ ئەم شتانەی بۆ دەگێڕێتەوە.

بێکمەن: چی؟

ئەوی تر: بەرپرسیارێتی.

بێکمەن: دەمانەوێت سەردانی پیاوێک بکەین؟ وامان دەوێت؟ جا منیش بەرپرسیارێکەی دەدەمەوە؟ بەڵێ؟ وامان دەوێت؟ من گەرەکمە تەنیا شەوێک بێ یەکلاقی بخەوم. بەڵێ وایە و بەرپرسیارێتییەکەی دەدەمەوە. بەڵێ، بەرپرسیارێتییەکەی بۆ دەگێڕمەوە. مردووەکانی بۆ دەگێڕمەوە. هم. دەی وەرە. گەرەکمانە سەردانی پیاوێک بکەین، کە لە خانوویەکی گەرمدا دەژی. جا لەم شارەدا و لە هەر شارێکی دیش. دەمانەوێت دیمانەی پیاوێک بکەین و شتێکی پێشکەش بکەین. سەردانی پیاوێکی خۆشەویست و بەڕەوشت. کە هەر هەموو ژیانی، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە. هەمیشەیش ئەرکەکانی! ئەرکێکی نەفرەت، نەفرەت لێکراو! وەرە وەرە!

## دیمەنی سێیەم

*(ژوورێک و سەرلە ئێوارەیە. دەرگایەک دەکرێتەوە و شەق دادەخرێتەوە. فەرماندەو خێزانەکەی، لەگەڵ بێکمەن).*

بێکمەن: فەرماندە، نۆشی گیانتان بێت.

فەرماندە: (*لەگەڵ جوویندا*) وتت چی؟

بێکمەن: فەرماندە، نۆشی گیانتان بێت.

فەرماندە: ئێوە لە ساتی نانخواردنی ئێوارەمدا، قەڵسم دەکەن. هەر بەڕاستی کاروبارەکانی جەنابتان هێندە گرنگە؟

بێکمەن: نەخێر. من تەنیا دەمویست بزانم کە ئایا من ئەمشەو، هێندە بخۆمەوە تا دەخنکێم، یانیش لە ژیاندا بمێنمەوە؟ بەڵام خۆ ئەگەر من لە ژیاندا بمێنمەوە نازانم چۆن؟ چونکە خۆ منیش دەمەوێت لە ڕۆژەکاندا و جارجارە شتێک بخۆم. شەوانیش، بەڵێ شەوانیش دەمەوێت کە بخەوم. لەوە زیاتر هیچی تر نییە.

فەرماندە: نا نا نا نا، باسی شتی نامرۆڤانە مەکەن. ئێوەیش سەرباز بوون؟

بێکمەن: نەخێر، جەنابی فەرماندە.

زاوای فەرماندە: بۆچی نەء؟ خۆ ئەوەتا جەنابتان بەرگی سەربازیتان لەبەردایە؟



بێکمەن: (*لەسەر یەک ئاواز*) بەڵێ، شەش ساڵان. بەڵام هەمیشە بیرم دەکردەوە، ئەگەر دە ساڵێک بەرگی پۆستەچییەکم لەبەردا بێت. هەر بۆیەشە نەبووم بەپۆستەچی.

کچی فەرماندە: بابە، ئا پرسیاری لێ بکە کە چی دەوێت؟ چونکە هەردەم چاوی لەسەر قاپەکەمە.

بێکمەن: (*بە میهرەبانییەوە*) لە دەرەوە پەنجەرەکەتان، گەرمی دەبەخشێت. منیش ویستم بزانم چۆنە، ئەگەر لە پەنجەرەیەکی وەهاوە هەڵبڕوانیت. بەڵام لە ناوەوە. لەناوەوە. دەزانن کە چەندە جێی سەرنجە، خۆت لە دەرەوە بیت و بڕوانیتە پشتی پەنجەرەی ڕووناک و گەرم، تێ دەگەن.

دایک: (*بەقینەوە نا، بەڵکوم بەترسەوە*) باوک، دە پێی بڵێ کە ئەو چاویلکەیە داکەنێت. کە سەیری دەکەم مووچڕکەم پێدا دێت.

فەرماندە: خۆشەویستەکەم، ئەمە گوایە چاویلکەی گازماسکە. لە ١٩٣٤ دا، بۆ ئەو سەربازانە دروست کرا، کە کێشەی بینینی چاویان هەبوو. تا لە ژێر ماسکەکەوە لە چاوی بکەن. ئەرێ ئەوە ئەم شتە قۆڕە بۆچ تووڕ نادەن، خۆ جەنگ کۆتایی پێ هاتووە؟

بێکمەن: بەڵێ، بەڵێ. هەموو وەها دەڵێن. بەڵام من هێشتاکە پێویستم بەم چاویلکەیەیە. چونکەی من کورتبینم. بەبێ چاویلکە هەموو شتەکان بەلێڵی دەبینم. بەڵام بەم چاویلکەیەوە دەتوانم هەر شتێک بناسمەوە. ئالێرەوە بەتەواوی دەبینم کە ئێوە چیتان لەسەر مێزەکە هەیە.

فەرماندە: (*قسەکەی پێ دەبڕێت*) ئاتۆ پێم بڵێ، ئەم مۆدێلی قژی

سەیرو سەمەرەیە چییە کە هەتانە؟ شتێکتان لووش داوە و بۆی کەوتوونەتە بەندیخانەوە؟ شتێکی لەم جۆرە؟ دەی قسە بکە. بەجێیەکدا هەڵگەڕاون و گیراون. شتێکی لەو بابەتە؟

بێکمەن: بەڵێ، جەنابی فەرمانده. بەڵێ، لەجێیەک لەتەک خەڵکانی تردا بۆی سەرکەوتین. لە ستالینگراد، جەنابی فەرمانده. بەڵام چالاکییەکە سەری نەگرت و ئەوان پەلاماری ئێمەیان دا. هەر هەموو سەد هەزارەکە، سێ دانە ساڵ جەنگمان درێژە پێ دا. بەڵام لێپرسراوەکەمان، بەرگی مەدەنی پۆشیبوو و (کاڤیار)ی دەخوارد. سێ دانە ساڵ کاڤیار. بەڵام ئەوانی تر لە ژێر بەفردا ڕاکشابوون و دەمیان پڕ بوو لە زیخ. ئێمەیش کەوچکمان لە ئاوی گەرم وەردەدا، بەڵام شێف دەبوایە کاڤیاری بخواردبایە . ئەویش بەدرێژایی سێ ساڵان. بەڵام سەری ئێمەیان هەتا ملمان تاشی. بەڵام سەر لێکراوەکان بەختەوەرترین بوون. چونکەی ئیدی پێویست نەبوو هەتا هەتایە کەوچک بەکاڤیاردا بکەن.

زاوا: (بە تووڕەیییەوە) ئەرێ خەزوورەکەم ئەمە چۆن دەبینیت؟ ها؟ چۆنی دەبینیت؟

فەرمانده: دۆستە گەنجە خۆشەویستەکەم. تۆ هەر هەموو شتەکان زیاد لە پێویست هەڵدەڕێژیت. خۆ ئێمە ئەڵمانین. بۆیە دەمانەوێت لە تەک ڕاستیی پەسەندکراوی خۆماندا بمێنینەوە. (کلاوسێویتز) دەڵێت: کێ ڕاستی بەرز ڕابگرێت، ئەو باشتر ڕێ دەکات.

بێکمەن: بەڵێ، جەنابی فەرمانده. زۆر جوانە، جەنابی فەرمانده.



منیش بەشداری لەم ڕاستیەدا دەکەم. ئێمە تەواو خۆمان تێر دەکەین، جەنابی فەرمانده. هەر تەواو تێر، جەنابی فەرمانده. کراسێکی نوێ و قاتێکی قۆپچەداری بێ کون لەبەر دەکەین. پاشان، تەندوورەکە هەڵدەگیرسێنین، جەنابی فەرمانده. ئەوجا قۆرییەکەی بۆ کوڵانی ئارەقی گرۆگ دەخەینە سەر. ئەوجا پەردە کرکڕاگەکان دادەدەینەوە و خۆمان دەخزێنینە قەنەفەیەکەوە. خۆ قەنەفەیەکمان هەیە. ئەوجا لە بریتی بۆنی خوێن، بۆنی بۆنی خۆشی ژنەکانمان دەکەین. وا نییە جەنابی فەرمانده؟ بۆنی خوێن ناکەین. بە هەبوونی پێخەفی پاقژیش خۆشحاڵ دەبین، جەنابی فەرمانده. ئەو پێخەفە نەرم و سپییەی لە ژوورەکەدا چاوەڕێمان دەکات، جەنابی فەرمانده. ئەوجا ڕاستی بەرز ڕادەگرین. ڕاستی باشی ئەڵمانیمان، جەنابی فەرمانده.

کچەکە: ئەوە شێتە.

زاوا: شتی وەها نییە، سەرخۆشە.

دایک: باوکە، کۆتایی بەمە بێنە. چونکەی بەم مرۆڤە سەرما دەمگرێت.

فەرمانده: (بەبێ تووڕەیی) من زۆر لەو باوەڕەدام، ئێوەیش یەکێک لەوانە بن کە جەنگ تۆزێک کاری کردبێتە سەر هۆش و قسەکانتان. ئەی بۆچ نەبوونە ئەفسەر؟ کە ئیدی سەر بەکۆمەڵێکی دی دەبوون؟ ژنێکی باش و ئێستاکەیش خانوویەکی باشترتان دەبوو. هەر تەواو مرۆڤێکی دی دەبوون. بۆچ نەبوونە ئەفسەر؟

بێکمەن: چونکە دەنگم زۆر نزم بوو، جەنابی فەرمانده، هەر زۆر نزم.

فەرماندە: دەبینیت کە جەنابتان دەنگتان زۆر نزمە. ڕاستگۆبە. ئێوە کەسێک نین لەوانەی، کەمێک نەرمۆکە و شتی لەو جۆرەن؟

بێکمەن: بەڵێ وایە، جەنابی فەرماندە. بڕێک دەنگ نزم. کەمێکیش بێدەستەڵات و ماندوویش، جەنابی فەرماندە. هەر بۆیەشە دێمە ئێرەکانە و کن جەنابتان، جەنابی فەرماندە. چونکە دەزانم کە جەنابتان دەتوانن یارمەتیم بدەن. من دەمەوێت هەر چۆنێک بێت بخەوم. ئیتر هیچی ترم ناوێت. تەنیا بخەوم. قووڵ و زۆر قووڵ بخەوم.

دایک: بابە، لامان بمێنەوە. ئەمەیش یەکێک لەوانەیە، بە کەمێک تێکچوونەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە و هیچیش ناکەن.

زاوا: من ئەم جەنابە زۆر بە لووت بەرز دەزانم.

فەرماندە: (*بە تێڕامانەوە*) منداڵەکان ئێوە واز بێنن. من خۆم جێبەجێی دەکەم. چونکەی من ئەم جۆرە کەسانە لە سەربازییەوە دەناسم.

دایک: ئۆوو خودایە، بەپێوە خەوی لێ دەکەوێت.

فەرماندە: (*باوکانە*) تەنیا دەبێت کەمێک توند، مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. ئێوە وازبێنن خۆم جێبەجێی دەکەم.

بێکمەن: (وەک زۆر *لە* دوورەوە) جەنابی فەرماندە؟

فەرماندە: دەی چیتان دەوێت؟

بێکمەن: (وەک زۆر *لە* دوورەوە) جەنابی فەرماندە؟

فەرماندە: گوێم لێیە، گوێم لێیە.

بێکمەن: (وەک بەدەم خەووە ببزرکێنێت) گوێتان لێیە، جەنابی



فەرماندە؟ کەواتە باشە کە گوێتان لێیە، جەنابی فەرماندە. من دەمەوێت خەونەکەمتان بۆ بگێڕمەوە، جەنابی فەرماندە. هەموو شەوێک ئەو خەونە دەبینم و خێرایش بەئاگا دێمەوە. چونکە کەسێک بەئەشکەنجەوە دەقیژێنێت. ئەوجا دەزانن ئەوە کێیە لەوێکانەدا دەقیژێنێت؟ من خۆمم، جەنابی فەرماندە. خۆم. گاڵتەجاڕییە؟ وانییە جەنابی فەرماندە؟ کە ئیدی ناشتوانم بخەومەوە. ئەمەیش هەموو شەوێک، جەنابی فەرماندە. جا بیری لێ بکەرەوە، جەنابی فەرماندە کە هەموو شەوێک بەبێداری پاڵکەوتبیت. هەر بۆیەشە ماندووم، جەنابی فەرماندە. هەر زۆریش ماندوو.

دایک: بابە تۆ لامان بمێنەوە. سەرمامە.

فەرماندە: (بەگرنگییەوە) بەڵام وەک دەڵێن، لە خەونەکەتان بەئاگا دەبنەوە؟

بێکمەن: نەخێر، لە قیژەکەم نەک لە خەونەکەم، لە قیژەکەم.

فەرماندە: (بەگرنگییەوە) بەڵام خەونەکە دەبێتە هۆکاری قیژەکەت. وایە؟

بێکمەن: وای دابنێ کە وایە. ئەوە هۆکارەکەیە. خۆ دەشبێت بزانن کە خەونێکی دەگمەنیشە. بۆیە گەرەکمە بۆتانی بگێڕمەوە. خۆ گوێتان لێیە، جەنابی فەرماندە؟ ها؟ پیاوێک هۆ لەوێکانەدا وەستاوە و (کسیلۆفۆن) دەژەنێت. جا لەبەرئەوەی کە ئەو زۆر گەورەیە، بۆیە لەتەک هەر لێدانێکدا، بەملاولادا خوار دەبێتەوە. جا ئەو چونکەی هەر زۆریش قەڵەوە، بۆیە ئارەقەیش دەکاتەوە. جیاوازییەکە ئالێرەدایە، ئەو ئارەقە دەرنادات، بەڵکوم خوێن

دەردەدات. خوێنی ڕەش و هەڵماوی. خوێنەکەیش لەشێوەی دوو هێڵی سووردا، لە پانتۆڵەکەیەوە دەڕژێنە دەرەوە. لەو پانتۆڵەوەی کە لە دوورەوە، ئەو وەک ژەنەڕاڵێک دەردەخات. هەروەک ژەنەڕاڵ. ژەنەڕاڵێکی قەڵەوی خوێناوی. دەشبێت ژەنەڕاڵێکی بەئەزموونی شەڕکەریش بێت، بۆیە وا هەردوو دەستەکانی لەکیس چووە. ئەو بەدوو دەستی باریکەڵەی (دروستکراو!) دەژەنێت. کە لە قوڵفی نارنجۆک دەچن. دەشێت جەنابی ژەنەڕاڵ مۆسیکژەنێکی نامۆیش بێت. چونکەی تەختەبەندی (کسیلۆفۆن)ەکەشی لە تەختە نین. نەخێر. باوەڕم پێ بکە کە لە ئێسقانن، جەنابی فەرماندە. لە ئێسقان.

فەرماندە: (*بەهێواشی*) بەڵێ، لەو باوەڕەدام کە لە ئێسقان بن.

بێکمەن: (*هێشتاکە وەک خەواڵوو*) بەڵێ، لە تەختە نا و لە ئێسقان. ئێسقانی سپی ڕند. ئێسقانی کەللە سەر و دەفەی شان و سمت و کەفەڵ. بۆ ئاوازی بەرزتریش، ئێسقانی... ئێسقانی باڵ و لاق، ئینجا پەراسووش. هەزاران پەراسوو. ئەوجا بۆ کۆتایی ئاوازی (کسیلۆفۆن)ەکەیش، کە ئاوازەکەی بڵندتر دەبێتەوە، ئێسقانی پەنجە، پەنجەکەڵە، قاچ و ئەوجا ددانەکان دێن. ئەوە ئەو کسیلۆفۆنەیە کە پیاوە قەڵەوە پانتۆڵ ژەنەڕاڵە دوو هێڵییەکە دەیژەنێت. کەواتە ئەو ژەنەڕاڵە، مۆسیقاژەنێکی سەیر نییە؟

فەرماندە: (*بە نائەمینییەوە*) بەڵێ، زۆر سەیرە، هەر زۆر سەیر!

بێکمەن: ئیدی ئالێرەوە خەونەکە دەست پێ دەکات. ژەنەڕاڵ لەبەر دەمی کسیلۆفۆنە گەورەکەدا وەستاوە، کە لە ئێسقانی مرۆڤ دروست کراوە . ئەوجا بەدەستە دروستکراوەکانییەوە،



ئاوازێکی ڕەوی سەربازی لێ دەدات. ئاوازی (گلۆریای پرۆس) یاخود (بادن وایلەر). بەڵام زۆرتر ڕەوی (گلادیاتۆر) و یانیش (کۆنە هاوڕێیان) دەژەنێت. زۆرتر ئەوانە دەژەنێت کە جەنابیشتان دەیزانن، جەنابی فەرماندە، وەک ئاوازی (کۆنە هاوڕێیان). (ئاوازەکەیش دەورتێنێت...)

فەرماندە: بەڵێ، بەڵێ. (*ئەویش ئاوازەکە دەورتێنێت*).

بێکمەن: ئەوجا گلادیاتۆرەکان دێن، گلادیاتۆرە هاوڕێ کۆنەکان. ئەوان لە گۆڕەکانیان ڕاست دەبنەوە، کە بۆنی لاشە خوێناوییەکانیشیان دەگاتە مانگی سپی. هەر بۆیەشە، شەوەکان وەک پیسایی پشیلە تاڵن و وەک خۆشاوی تووتڕکی سووری سەر کراسێکی سپی. ئیدی شەوەکان وەهان کە ناتوانین هەناسە بدەینەوە. ئیدی ئێمە دەخنکێین، ئەگەر دەممان بۆ ماچ و (شناپس) مان بۆ خواردنەوە نەبووایە. جەنابی فەرماندە، ئەو لاشە سپیانە هەتا مانگی سپی بۆگەنیان لێ هەڵدەستێت، ئەگەر مردووەکان بێن، مردووەکانی لە پەڵەی خۆشاو دەچن...

کچ: گوێتان لێیەتی؟ کە ئەو شێت بووە؟ ئەو دەڵێت کە مانگ سپییە. دەبێت مانگ سپی بێت؟

فەرماندە:(*لەسەرحاڵ*) بێ مانایە، ئاشکرایە کە مانگ وەک هەمیشە زەردە. زەرد وەک نانێکی بە هەنگوین! هەروەک کێکێکی بەهێلکە دروستکراو! مانگ هەمیشە زەرد بووە.

بێکمەن: نەخێر، جەنابی فەرماندە، نەخێر! لەو شەوەیدا کە مردووەکان دێن، مانگ سپی و نەخۆش کەوتووە. مانگ لەو

شەوانەدا وەک ورگی ئەو کچە سکپڕە وایە، کە لە جۆگەکەدا خنکاوە. ئاوەها سپی و نەخۆش و خڕ. نەخێر جەنابی فەرماندە، مانگ لەو شەوانەدا سپییە کە مردووەکان دێن و بۆگەنی خوێناوییان کە لە پیسایی پشیلە دەچێت، دەگاتە مانگی نەخۆش و سپی هەڵگەڕاو و خڕ. هەر خوێن و خوێن. کە ئیدی بە سارغی ڕزیوی دەوری سەرو بەرگە سەربازییە ڕزیو و خوێناوییەکانیانەوە، لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە هەڵدەستنەوە. کە ئیدیش، لە ئۆقیانووس و کلۆری دار و دارستانەکان و جادەکانەوە دێن. لە کەلاوە و زەلکاوەکانیشەوە دێن. ڕەش و ڕەقبووە و سەوز و داوەشاو، لە کلۆری دارەکانەوە هەڵدەستنەوە. یەک چاو، بێ ددان، بێ قاچ. بەڕیخۆڵەی پلیشاو و بێ جومگەی سەر . بەبێ دەست و هەنجن هەنجن کراو. کون کون کراو، کوێرن و بۆگەنیشیان دێت. بەدەم شەپۆلێکی ترسناکەوە بەمەلە دێن. لە ژمارە نەهاتوو. شەپۆلێکی ترسناک دەیانهێنێت. نە ژمارەیان هەیە و نە سنووری ئەشکەنجە. ئۆقیانووسی ترسناکی مردووەکان، بەشەپۆلان دەگاتە ڕۆخی گۆڕەکان . کە خوێناویشی بەسەر دنیادا بڵاو دەبێتەوە. ئەوجا ژەنەڕاڵی پانتۆڵ دوو هێڵی خوێناوی پێم دەڵێت: بێکمەنی جێگری ئەفسەر، ئەوا جەنابتان بەرپرسیاری وەئەستۆ دەگرن. دەی بکەونە ژماردن. ئیدی لە بەردەم ملیۆنان سکلێتی بۆشدا وەستاوم. لە بەردەم خەروارێک لە ئێسقاندا لەتەک بەرپرسیارییەکەمدا وەستاوم. بۆیە لێ دەگەڕێم بکەونە ژماردن. بەڵام برایان نایانەوێت بژمێرن. بەترسەوە و بەکاکیلەکانیان تەقەتەق دەکەن و بەڵام ناژمێرن. بۆیە ژەنەڕاڵیش فەرمانی



پەنجا جار خۆ دانەواندن دەدات. بەڵام ئێسقانە داڕزیوەکان قرچەیان دێت و سییەکانیش خیزەیان دێت! بەڵام ناتوانن بژمێرن. ئەرێ ئەمە مانای مانگرتن نادات، جەنابی فەرماندە؟ مانگرتنێکی ئاشکرا!

فەرماندە: (بە چرپە) بەڵێ، مانگرتنێکی ئاشکرایە!

بێکمەن: ئەوان ئەی ئەهریمەن وەرە دەرەوە ناڵێن. بەڵام لێک نێزیک دەبنەوە و کۆرسێک دروست دەکەن. کۆرسێکی هەڕەشەکەر و هەژێنەر. پاشان دەزانیت کە چی دەڵێن، جەنابی فەرماندە؟

فەرماندە: (بە چرپەوە) نەخێر.

بێکمەن: دەڵێن بێکمەن. جێگری ئەفسەر بێکمەن. جێگری ئەفسەری هەمیشەیی بێکمەن. بۆڵە و هاوارەکەیان زیاد دەکات و لە ئەندازە دەردەچێت. ترسناک هەروەک قیژەی یەزدان خۆی. سارد و قەبە. هاوارەکەیان خول دەخوات. گەورە دەبێت و خول دەخوات. کە ئیدی وەها قەبە دەبێت، هەناسە لەبەر بڕ و خنکێنەرە. کە ئیدی منیش ناتوانم هەناسە بدەم، بۆیەکە دەقیژێنم... بەشەوانیش هەر دەقیژێنم. ئیدی هەر دەبێت بقیژێنم. ترساناکاوی بقیژێنم... هەتا بەو هۆیەوە بەئاگا دەبمەوە. ئیدی ئەمە هەموو شەوێک. هەموو شەوێک ئەو کۆڕاڵە و بەکسینۆفۆنی ئێسقانەوە. هەموو شەوێک گوێ گرتن لەو کۆرسە و قیژەی ترسناک. کە ئیدی ناتوانم بخەومەوە. ئەمەیش لەبەر هۆی ئەوەی کە بەرپرسیارێتیم هەبوو. بەڵێ، بەرپرسیارێتیم هەبوو.؟ بەڵێ کە هەمبوو. هەر بۆیەش ئێستاکە بۆ لای جەنابتان هاتووم، جەنابی فەرماندە؟ چونکە دەمەوێت

بخەوم. گەرەکمە هەمدیسان بخەوم. بەڵێ، هەربۆیەش بۆ کن جەنابتان هاتووم، چونکەی دەمەوێت منیش بخەوم. بەتەواوی بخەوم.

فەرماندە: جا چیتان لە من دەوێت؟

بێکمەن: بۆتانی بگێڕمەوە

فەرماندە: چی؟

بێکمەن: (*وەک خۆ لە نەزانی بدات*) بەرپرسیارێتی.من بەرپرسیارێتیت بۆ دەگێڕمەوە، جەنابی فەرماندە. هەر تەواو لەبیرتان چووەتەوە؟ چواردەی فێبروەر و لە (گۆدرۆک)، کە بیست و چوار پلە سارد بوو؟ جەنابی فەرماندە؟ سەرتان لە جێگەکەمان دا و پرسیتان: جێگری ئەفسەر بێکمەن؟ منیش قیژاندم و وتیشم لێرەم. ئەوجا کە قسەتان کرد، هەناسەتان لە نێوان ملیوانە خوریەکەی پاڵتۆکەتانەوە، بۆ سەرەوە زنجیرەی دەبەست. دوو ملیوانەی خوریی زۆر جوانتان هەبوو. پاشان وتتان: جێگری ئەفسەر بێکمەن. من بەرپرسیارێتی بیست و چوار پیاو دەدەمە تۆ. دارستانی دەوری (گۆدرۆک) دەپشکنن و چەند کەسێک دەگرن. ڕوونە؟ منیش وەڵامم دایەوە: بەڵێ وایە، جەنابی فەرماندە. ئیدی ڕێککەوتین و کەوتینە پشکنین. ئەی من؟ دەی منیش بەرپرسیارێتیم هەبوو. بۆیە هەر هەموو شەوەکە کەوتینە تەقە و پشکنین. ئەوساشی کە بۆ جێگەکەمان گەڕاینەوە، یازدە کەسمان نەمابوو. دەی خۆ منیش بەرپرسیار بووم. بەڵێ، ئەمە هەمووی بوو، جەنابی فەرماندە. بۆیە ئیدی ئەو بەرپرسیارێتییەم نییە و بۆتانی دەگێڕمەوە، جەنابی فەرماندە.





فەرماندە: بەڵام خۆشەویستەکەم بێکمەن، ئێوە بەبێ پێویست خۆتان شڵەژاندووە. مەبەستێکی وەها خراپ نەبووە.

بێکمەن: (*بێ شڵەژان و بەڵام بە جدی*) بەڵێ، بەڵێ وابوو، جەنابی فەرماندە. خۆ بەرپرسیارێتی وشەیەک نییە کە فۆڕمی شیمیی لەشی مرۆڤ، بەخاکی ڕەش هەڵگەڕاو بگۆڕێت. دەی خۆ ناکرێت کە بۆ قسەیەکی هیچ، مرۆڤ بەکوشت بدرێت. خۆ پێویستیشە بە بەرپرسیارێتییەکەمانەوە، ڕوو لە جێیەک بکەین. چونکە خۆ مردووەکان وەڵامدەر نین. خوایش وەڵام ناداتەوە. دەی خۆ زیندووەکان دەپرسن. ئەی ژنان، جەنابی فەرماندە. ژنە خەمبارە پرسەگرەکان؟ پیرێژنە قژ سپییە دەست زبر و گەورەکان. ژنە گەنج و تەنیاکانی بەچاوە پڕ لە تاسەکانیانەوە. ئەی منداڵ، جەنابی فەرماندە؟ منداڵی زۆر. کە ئەوانە هەردەم لە تاریکییەوە دەچرپێنن: جێگری ئەفسەر بێکمەن، باوکم لە کوێیە؟ جێگری ئەفسەر، کوڕەکەم لە کوێیە؟ براکەم لە کوێیە؟ جێگری ئەفسەر بێکمەن، دەستگیرانەکەم لە کوێیە؟ جێگری ئەفسەر...؟ جێگری ئەفسەر...؟......لە کوێیە؟...لە کوێیە...؟ لە کوێیە....؟ ئیدی هەتا دنیا ڕووناک دەبێتەوە، ئاوەها دەچرپێنن. لەکن من تەنیا یازدە ژنن. ئەی لەلای جەنابتان چەندن، جەنابی فەرماندە؟ هەزار؟ دوو هەزار؟ ئەرێ باش دەخەون، جەنابی فەرماندە؟ کەواتە هیچ قەیدی نەبێت، ئەگەر بەرپرسیارێتیی ئەو یازدەیەی کن منیش، بخەمە سەر ئەو دوو هەزارەی لای تۆ. ئایا دەتوانن بخەون، جەنابی فەرماندە؟ ئەویش بەدوو هەزار خێوی شەوانەوە؟ هەر بەڕاستی دەتوانن بژین، جەنابی فەرماندە؟ دەتوانن تەنیا خولەکێک و بێ ئەوەی بقیژێنن، بژین، جەنابی

فەرماندە؟ جەنابی فەرماندە؟ جەنابی فەرماندە؟ ئەرێ شەوانە باش دەخەون؟ بەڵێ؟ جا کەواتە بۆ جەنابتان هیچ جیاوازییەک ناکات و منیش دەتوانم بەئارامی بخەوم. ئەگەر جەنابتان هێندە میهرەبان بن و ئەو بەرپرسیارێتییەم لێ وەربگرنەوە. کە ئیدی منیش دەتوانم بەڕۆحی ئارامەوە خەوم لێبکەوێت. بەڵێ، بەڕۆحی ئارامەوە. بەڕۆحی ئارامەوە، جەنابی فەرماندە. ئیدی، ئۆوو خودایە، بخەوم!

فەرماندە: (هەناسەی سوار بووە و بەزەردەخەنەیەک شڵەژاوییەکەی دادەپۆشێت. نەک بەگرژیەوە، بەڵکوم بەخۆبەچاک زانینەوە و ئارام) لاوۆ... لاوۆ... نازانم چی ڕاستە چی؟ وا نهاکە جەنابتان دژەجەنگێکی نادیارن. ئەی چۆن مرۆڤ بڕێک شایانی جێگەگۆڕکەیە. بەڵێ؟ بەڵام...(دەکەوێتە پێکەنین و قیافەیەکی پرۆیسی دەگرێت). خۆشەویستەکەم. خۆشەویستەکەم، وا خەریکم دەکەومە سەر ئەو باوەڕەی کە جەنابتان نوکتەبازێکی گچکەن. چی؟... (پێدەکەنێت) هەر زۆر بەچێژە. بەڕاستی زۆرتان بەدەمەوە داوە. نەخێر، دەزانن کە ئەمە بنەمای تەنزە؟ (لە پێکەنین دەکەوێت) . دەزانن کە بەم بابەت و ژمارەی زۆرەوە، دەتوانن بچنە سەر شانۆ؟ بەڵێ بۆ سەر شانۆ. (فەرماندە نایەوێت کە بێکمەن زامدار بکات. بۆیە زۆر ئارام و خۆگێلکەرە. ئیدی ئەو سەربازییە و خەونەکەی بێکمەنیش بەشایانی پێکەنین دەزانێت) ئابەم چاویلکە ناجایز و بەم قژە سەیر و سەمەرەیەتەوە، دەبووایە هەر هەموویتان بەمۆسیقاوە بگێڕایەتەوە. (پێدەکەنێت) ئۆو خودایە لەم خەونە بەنرخە.



چۆمانەوە بۆ سەر ئەژنۆ و بەمۆسیقای کسیلۆفۆنیشەوە! نەخێر، ئازیزەکەم، ئێوە پێویستە ئاوەها بچنە سەر شانۆکە، چونکە هەمووان پێدەکەنن. هەر زۆریش پێدەکەنن. ئۆوو خودایە...!!(*فرمێسک لە چاوان پێدەکەنێت و پوف دەکاتەوە*). لە دەستپێکدا، لەو باوەڕەدا نەبووم کە وەها ژمارەیەک دەڵێن. هەر بەڕاستی وەهام دەزانی، کەمۆکەیەک مێشکتان تێکچووە. نەمدەزانی کە چ کۆمێدییەکن. بەڵێ، ئازیزەکەم، ئێوە بەڕاستی ئێوارەیەکی خۆشتان بۆ پێکهێناین. کە ئەمەیش نرخی پاداشت دانەوەیەکی هەیە. دەزانن چی؟ بڕۆنە خوارەوە و بۆ لای شۆفێرەکەم. ئاوی گەرم وەربگرن و خۆتان بشۆن. ڕیشەکەشتان بتاشن و خۆ بکەنە مرۆڤ. پاشانیش هەر لە شۆفێرەکەم، دەستێک پۆشاکی کۆنەی من وەربگرە. بەڵێ، بەڕاستمە. ئەم بەرگە شڕانەت فڕێ بدە و بەرگە کۆنەیەکی من لەبەر بکە. هەر بەم جۆرە و بەخشکەیی قبووڵی بکەن. پاشان دەبنەوە بەمرۆڤ، لاوە خۆشەویستەکەم، دەبنەوە بەمرۆڤ.

بێکمەن: (*هەروەک لە خەون بەئاگا بووبێتەوە. یەکەم جاریشە بوێری بەبەردا بێتەوە*) مرۆڤێک؟ ببمەوە بەمرۆڤێک؟ جارێ ببمەوە بەمرۆڤێک؟ (دەقیژێنێت) دەبێت ببمە مرۆڤ؟ بەڵێ/ ئەی ئێوە چین؟مرۆڤن؟ مرۆڤ؟چی؟ چۆن؟ بەڵێ؟

دایک: (*بەتیژی دەقیژێنێت. شتێکیش دەکەوێتە خوارەوە و شەقەی دێت*) ئۆو نەخێر، دەمانکوژێت...!!... نا!!

(*غەڵبەغەڵبی ترسناکاوی. دەنگ و قیژەقیژەی تێکەڵی خێزانەکە*)

زاوا: چراکە توند بگرە!

کچ: کۆمەک، ڕووناکییەکە نەما. دایە، ئەو خۆی لە چراکە دا و خستیە خوارەوە.

فەرماندە: منداڵەکان ئارام بن.

دایک: چراکە هەڵبکە.

زاوا: چراکە لە کوێیە؟

فەرماندە: ئەوەتا، ئەوەتا.

دایک: سوپاس بۆ خودا کە هەمدیسان ڕۆشنایی هەیە...

زاوا: زەلامەکەیش ڕۆیشت. براله، وا بەسانایی نەدەبینرا...!

کچ: یەک، دوو، سێ... نەخێر. هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە و تەنیا قاپی باسوورمەکە شکاوە.

فەرماندە: هەی غەزەب... سەرنجی لەسەر چی بووە؟!

زاوا: پێ دەچێت تەنیا گەلحۆیەک بووبێت.

کچ: نەخێر. دەبینن کە بوتڵە ڕومەکە نەماوە؟

دایک: ئۆوو خودایە. بابە، ڕومە جوانەکەت!

کچ: نیو نانەکەیش نەماوە

فەرماندە: چی؟ نانەکە؟

دایک: نانەکەی لەگەڵ خۆیدا برد. باشە ئەو نانەی بۆ چییە؟

زاوا: لەوە دەچێت، یان دەیخوات یانیش هەڵی بگرێت. ئەو جۆرە کەسانە لە هیچ ناپرنگێنەوە.

کچ: بەڵێ. پێ دەچێت کە بیەوێت بیخوات.



دایک: بەڵێ. بەڵام ئەو نانە وشکە؟

*(دەرگایەک جیڕەی دێت و دادەخرێتەوە)*

بێکمەن: (هەمدیسان لەسەر شەقامە و بینی بە بوتڵێکەوە ناوە) خەڵکی ڕاست دەکەن. (کەمێک سەرخۆش) نۆش. ئەمە گەرم دەکاتەوە. نەخێر، خەڵکی ڕاست دەکەن. نۆش. دەبێت شێوەیەک لە دانیشتن و پرسە بۆ مردووەکان بگرین. ئەو مردنەی کە خۆی لە گەردنم ئاڵاندووە. نۆش. بەڵێ خەڵکی ڕاست دەکەن. وا بووین بەژێر مردووەوە. دوێنێ دە میلیۆن. ئەمڕۆ سی و سبەینێش کەسێک دێت و دنیا دەتەقێنێتەوە. هەفتەیەکی تر، کەسێک ئەوەیش دەدۆزێتەوە کە بە دە گرام ژەهر و لە حەوت چرکەیشدا، هەمووومان بمرین. جا دەبێت پرسە بگرین؟ نۆش. من ئەو هەستە نادیارەم هەیە، کە ئێمە بەپێی کات. دەبێت بۆ پلانێتێکی تر بگەڕێین. نۆش. خەڵکی ڕاست دەکەن. من دەچمە سێرکۆس، بەڵێ خەڵکی ڕاست دەکەن. فەرماندە نیوە مردوو پێکەنی و ئەوجا وتی: کە من پێویستە ئاوەها بچمە سەر شانۆ. بە هەنگڵەشەلێ و پاڵتۆوە. بە ماسک و چاویلکەکەی ناویەوە. بەو تووکە فلچە ئاساییەشی وا بەسەرمەوەیە. فەرماندە ڕاست دەکات، ئەگەر وەها زاڵمانە مامەڵە لەتەک خوێنی مردوواندا بکرێت، ئەوا بێ شک تەواوی مرۆڤایەتی، نیوە مردوو پێدەکەنن. دەی وەرەو قوم لە بوتڵەکە بدە. نۆش. (بەتەواوی سەرخۆشە) کێ خواردنەوەیەکی کحول و پێخەف و کچێکی هەبوو، ئەوە کۆتایی خەونی دەبینێت. جا پێ دەچێت کە سبەینێ دێر بێت. ئەوجا لە خەونەکەیدا،

کەشتییەکەی نوح دروست دەکات و بە سەرخۆشی و ستران چڕینەوە، لە پانتایی قێزەوندا، بەرەو تاریکی ئەزەلی سەوڵ لێ دەدات. ئەوانی دیش، لە ترس و ڕاڕاییدا خۆیان مەست دەکەن. کێش خواردنەوەیەکی (کحوولی!) هەبوو، ئەوە ڕزگاری بووە!
دەی نۆش. هەربژی فەرماندەی خوێناوی! هەربژی بەرپرسیارێتی! بە سەلامەتی! من دەچمە سێرکۆس! هەربژی سێرکۆس، سێرکۆسی زۆر گەورە.

## دیمەنی چوارەم

*(ژوورێک، بەڕێوەبەری کابارێتێک، بێکمەن کە هێشتا سەرخۆشە)*

بەڕێوەبەر: (*بەباوەڕەوە*) خـۆ دەبینیت، بەتایبـەتی لە هونەردا پێویستمان بەگەنجێکە، ئامادەیی بۆ هەموو چالاکییەکان هەبێت. لە هەلومەرجی بەرەوپێشچوونیشدا بێت.

بێکمەن: (*لەبەر خۆوە*) لەسەرحاڵ. پێویستە تەوا لەسەر حاڵ بێت.

بەڕێوەبەر: گەنجێکی شۆڕشگێڕ. ئێمە پێویستمان بەڕۆحێکی وەک (شیللەر)ی شاعیرە، کە بەبیست ساڵ (ڕێگری) نووسی. ئێمە پێویستمان بە(گرابە) و (هانریش هاینە)یە. وەها ڕۆحێکی بەجۆش و خرۆشی داهێنەرمان پێویستە. گەنجێک کە ڕۆمانتیک نەبێت. بەڵکوم هەمیشە لەڕاستی هەنوکەیدا بێت. لاتاریکەکانی سۆز و هەستی ژیان، بخاتە پێش چاوان و بابەتی بیر بکاتەوە. پێویستمان بەمرۆڤی لاوە. وەچەیەک کە دنیا ببینێت و خۆشیان بوێت. هەر خۆی چۆنە ئاوەها. ڕاستیش بەرز ڕابگرێت. ئەو گەنجەی کە بیر و پلانی هەیە. ئیدی پێویستیش ناکات کە هۆشمەندییەکی قووڵی هەبێت. نەبەخوا. خۆ پێویستمان بە(بەئەزموونێکی) هەموو شت زان نییە. ئەو کەسە تەنیا دەبێت هاوارێک بێت. هاوارێک لە دڵەوە و پرس و هیوا و برسێتیش.



بێکمەن: (*لەبەرخۆوە*) برسێتی؟ بەڵێ ئەوەمان هەیە.

بەڕێوەبەر: بەڵام ئەو لاوە دەبێت، بەڕاستی لاو بێت. بەئەزموون و بوێر. بەتایبەتیش لە هونەردا. بڕوانە من. من بەحەڤدە ساڵی لەسەر شانۆ بووم. کە ددانەکانم چیڕ دەکردەوە و جگەرەم دەقرتاند. ئەوەی کە ئێمە نیمانە پێشڕەوە. هەتا خۆمان بکەینە پیشاندەری ڕوخساری زاڵم و خەمبارانەی سەردەمەکەمان.

بێکمەن: (*لەبەرخۆوە*) بەڵێ، بەڵێ. هەمیشە پیشاندان. ڕووخسارەکان و چەکەکان و خێوەکان. هەمیشە شتێک پیشان بدرێت.

بەڕێوەبەر: لەگەڵ ئەوەیشدا، شتێک لە ڕوخساردا سەرنجم ڕادەکێشێت. ئەرێ ئەوە بۆچ بەم چاویلکە زەخفەرە ئاسایی و هونەرییەوە، دەسووڕێنەوە؟ ئەم شتەتان لە کوێ بوو، ئائەوەی بەسەر لووتتانەوەیە؟ مرۆڤ کە لێی دەڕوانێت، تووشی نزگەرە دەبێت.

بێکمەن: بەڵێ. چاویلکەی گازماسکەکەم. ئێمەی چاویلکە لەچاوکەر، لە سوپادا ئەمانەمان وەردەگرت. هەتا ئێمەیش لە ژێر ماسکەکەوە، دوژمن بناسین و بتوانین دەست بوەشێنین.

بەڕێوەبەر: بەڵام لەمێژە جەنگ بەسەرچووە و ژیانی مەدەنیمان هەیە. کەچی ئێوەیش هەتا ئێستاکە، بەم گازماسکەوە خۆدەردەخەن؟

بێکمەن: بەخراپم لێ وەرمەگرە، من واتازە و لە پێرێوە لە (سیبیریا) وە گەڕاومەتەوە. دوێنێ... بەڵێ... دوێنێ.

بەڕێوەبەر: سیبیریا؟ چی؟ ترسناکە. بەڵێ جەنگ ترسناکە. بەڵام بۆچ ئەم چاویلکەیە؟ مەگەر هی ترتان نییە؟

بێکمەن: بەوەیش خۆشحاڵم کە هیچ نەبێت، ئەمەیشم هەیە. ئەمە ڕزگارکەرمە. مەبەستم چاویلکەکەیە... ئەگینا ڕزگارکەر نییە.

بەڕێوەبەر: ئەی لەخەمیدا نەبوویت، ئازیزەکەم؟

بێکمەن: لە کوێ؟ لە سیبیریا؟

بەڕێوەبەر: بەڵێ کە سروشتییە. ئاخ لە سیبیریای گەمژە! بڕوانە، من خۆم نووقمی چاویلکە کردووە. بەڵێ، مشکۆڵە. من خاوەنی خۆشحاڵی سێ چاویلکەی گەورەم. لە شاخی ئەسڵیش، خۆشەویستەکەم. دانەیەک بۆ کار. دانەیەک بۆ چوونە دەرەوە و دانەیەکیش بۆ شانۆی ئێواران. ئازیزەکەم، دەزانیت کە چاویلکەیەکی ڕەشی قورسی لە شاخ دروستکراو، بەئاشکرا دیارە؟

بێکمەن: منیش هیچ نییە، کە شایەد بمدانایەتێ و شایانی قبووڵ بووایە. تەنانەت خۆیشمم بەچاککروا و ناشایستەی هاوکاری جەنابتان، دێتە بەر چاو. خۆ دەزانم کە ئەم شتە چەندە گێلانە دیارە، بەڵام چی بکەم، ناتوانم دایکەنم...

بەڕێوەبەر: هەی پیاوی باش، ئەوە بیرتان لە کوێیە؟ من ناتوانم واز لە دانەیەکیشیان بێنم. چونکە هەر هەموو هەڵچوون و داچوون و کار و زەوقیشم بەوانەوە بەستراوەتەوە.

بێکمەن: بەڵێ وایە. منیش هەروام. ئیدی خۆ مرۆڤیش هەموو ڕۆژێک (خواردنەوە) نییە. ئیدی کە ناشمێنێت، ژیان وەک ڕەساسی لێ دێت. توورت و کەوەیی و بێ نرخ. بەڵام لەوەیش دەچێت کە ئەم چاویلکە هەتا ئاسمان ناشیرینە، لەسەر شانۆ کاری خۆی بکات.



بەڕێوەبەر: بە چ هۆیەک؟

بێکمەن: مەبەستم ئەوەیە، زۆر جێی سەیر دەبێت، ئەگەر خەڵکی بەم چاویلکەیەوە بمبینن. هێندە پێدەکەنن هەتا بەلادا دێن. بێجگە لەوەیش، ئەی مۆدێلی قژو پاڵتۆکەم بۆ ناڵێیت؟ ئەی ڕوخسارم؟ دەبێت بیر لە ڕوخسارم بکەیتەوە، هەر زۆر زەوق بەخشە. یان....

بەڕێوەبەر: (*وەک شتێکی لێ بشارێتەوە*) بەزەوق؟ بەزەوق؟ خۆشەویستەکەم، خەڵکی ئابەم شێوەیەتان، پێکەنین لە گەروویاندا قەتیس دەبێت و ئارەقەی سارد بەبڕبڕەی پشتیاندا دێتە خوارەوە؟ ئەویش لەبەرئەوەی کە خێوێک لە بنی دنیاوە سەری دەرهێناوەتەوە؟ نەخێر. خەڵکی دەیانەوێت کە چێژ لە هونەر وەربگرن و لە کۆتاییشدا، لەبەر هونەرمەندەکە هەڵسن. شتێکیش فێر بووبن. بەڵام نەک خێو ببینن. نەخێر، وەسا نابێت. تۆ دەبێت شتێکی هەر زۆر گرنگ و بڕیاردەر و بەجۆشیان پێشکەش بکەیت. ئەرێتی، ئەرێتی خۆشەویستەکەم. بیر لە (گۆتە) و یانیش (مۆزارت) بکەرەوە. لە ئافرەتە گەنجەکەی ناو (ئۆرلیانس). لە (ڕیچارڤاگنەر) و(شمێرلینگ) و (شێرلی تێمبڵ)......

بێکمەن: بێگومان من ناتوانم کە لە هەمبەر ئەو ناوانەدا، لە مەیداندا بم. من تەنیا بێکمەنم. لە پێشەوە (بێ) و لە دوایشەوە (کمەن).

بەڕێوەبەر: بێکمەن؟ بێکمەن؟ ئالەم ساتەدا و بۆ کابارێت، نایەتە بەر زەینم. یانیش لەژێر ناوێکی نەهێنیدا کارتان کردووە؟

بێکمەن: نەخێر. من هەرتەواو نوێ و سەرەتاییم.

بەڕێوەبەر: (بەسەرگێژەوە) ئێوە سەرەتایین؟ بەڵێ ئازیزەکەم، لە ژیاندا

هەموو شتێک وەها بەسانایی بەڕێوە ناچێت. نەخێر. پێشم وایە کە زۆر سادە و سانایی بیر دەکەنەوە. بەمن نازانم و تۆیش نازانیت، کەسایەتی چیّ نابێت. جەنابتان بەرپرسیارێتیی ئێمەی خاوەنکار بەهیچ دەگرن. جا خۆ ئەگەر سەرەتاییەک وەربگرین، ئەوە دەبێتە ماڵویرانی. جەماوەر ناوداری دەوێت!

بێکمەن: هەروەک (گۆتە، شمێرلینگ، شێرلی تێمبڵ) و لەو جۆرانە؟

بەڕێوەبەر: ئاوەهایە. ئەی سەرەتایی و تازە دەستپێکەر و نەناسراو؟ ئەرێ تەمەنتان چەندە؟

بێکمەن: بیست و پێنج.

بەڕێوەبەر: نانا. جا بڕوانە! هاوڕێکەم، جارێ لێ گەڕێن (با) بەلووتتاندا تێ پەڕێت. ئەوجا کار بکەن و ناو و ناوبانگ پەیدا بکەن. پاشان لەکاری گەورەدا بەشدارت دەکەین. جارێ بڕۆن و بەدنیا ئاشنا ببن و دوایی وەرنەوە. ئەو کاتە دەبنە کەسێک بۆ خۆتان.

بێکمەن: (*هەتا ئەم ساتە ئارام بوو، هێدی هێدی توورە دەبێت*) باشە ئەی لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ لە کوێوە؟ خۆ مرۆڤ دەبێت جارێک لە جێیەکەوە، شانسی بدرێتێ. دەستپێکەر دەبێت لە جێیەکەوە دەست پێ بکات. لە ڕووسیا (با) بەلووتمدا گوزەری نەکرد، بەڵکووم میتاڵ. میتاڵی زۆریش. میتاڵی گەرمی بێبەزەیی. ئەی لە کوێوە دەبێت دەست پێ بکەین؟ لە کوێوە؟ خۆ دەبێت جارێک لە جێیەکەوە دەست پێ بکەین، هەی بەچکەی مرۆڤ؟



بەڕێوەبەر: دەشتوانن بێ خەم چڕنووک لە بەچکەی مرۆڤ بگرن.خۆ من خەڵکم بۆ سیبیریا نەناردووە... من... نەخێر...

بێکمەن: نەخێر. کەسێک ئێمەی بۆ سیبیریا نەناردووە و بەڵکووم خۆمان ڕۆیشتین. هەر هەموو خۆیان بەتەنیا ڕۆیشتن. بۆیە هەندێکیش هەر بەتەنیا، لەوێکانەدا مانەوە. لە ژێر بەفر و زیخ و لمدا. مردووە بەجێماوەکان شانسێکیان هەبوو، بەڵام ئێمە ناتوانین لە جێیەکەوە دەست پێ بکەین. لە هیچ جێیەکەوە دەست پێ بکەین.

بەڕێوەبەر: (*ڕازی دەبێت*) کەواتە چۆن دەتانەوێت دەست پێ بکەن؟ من گەورەترین شانستان پێ دەدەم. ئێوە بەختێکی زۆر گەورەتان هەیە، کە وەها گوێتان بۆ ڕادەگرم لاوۆ. بۆیە نرخی بزانن لاوۆ... نرخی بزانن. دەی توخودا دەست پێ بکەن، دەی تکایە...

(*مۆسیقایەکی نزمی ئامێری کسیلۆفۆن. مرۆڤ دەتوانێت ئاوازی سەربازە ئافرەتە بچکۆلەکە بناسێتەوە. بێکمەن هەروەک قسە و بە نزمی ستران دەبێژێت*)

سەربازە ژنە بچکۆلە ئازاکە
من ئەو سرووودە باش دەناسمەوە
سرووده خۆش و شیرینەکە
لێ، لە ڕاستیدا
هەمووی قۆریات بوو (پاتە کردنەوە)
دنیا پێکەنی و منیش بۆڵاندم
تەمی شەو هەموو دنیای شاردەوە
هەر تەنیا مانگ بوو لە کونی پەردەوە

که پێدەکەنی
کە گەڕامەوە من بۆ ماڵەوە
پێخەفەکەیشم لێ گیرابوو.
خۆنەکوشتنەکەم،
تەنیا بۆ خۆشم
جێی نیگەرانی بوو (پاتەکردنەوە)
دنیا پێ کەنی و منیش بۆلاندم
منیش لەنیوە شەوێکدا
بۆ کچێکی تر پێکەنیم
نە ئەو باسی ئەڵمانیای کرد و
نە ئەڵمانیایش هیچی لێ پرسین
سبەی داهاتوو شەو کورت بوو
کەسێک لەبەر دەر وەستابوو
کاتیش چواری بەرەبەیان بوو
ئەو تەنیا لاقەیش مێردی بوو (پاتەکردنەوە)
دنیا پێکەنی و منیش بۆلاندم
وا لە دەرەوەم دەسووڕێمەوە
گۆرانیش تێمدا دەخولێتەوە
گۆرانییە مالۆس ئاساکە
گۆرانییە مالۆس ئاساکە
گۆرانی سەربازە ژنە پاقژەکە
(کسیلۆفۆنەکە بەسەر یەکدا ڕما)



بەڕێوەبەر: هێندەیش خراپ نییە. نەخێر. بەڕاستی هێندەیش خراپ نییە. بۆ دەستپێکەرێک، هەر تەواو چاکە. بەڵام لەهەر هەموویدا، برێک ڕۆحییەتی خۆناسینی کەم بوو. لاڤۆک، هەندێک ڕەونەقی کەم بوو. هەڵبەتە ئەوە هێشتاکە هەڵبەست نییە و کەمایەسی لە ساختمانسازی و حەزی نەهێنیی تێدایە. بەتایبەتیش لە مەڕ بابەتی تێکچوونی پەیوەندی ژن و مێرد. بەڵام جەماوەر دەخوازن ختووکە بدرێن، نەک چرنووکیان لێ بگیرێت. دەنا بۆ ئەو گەنجێتییەی ئێوە، هەر زۆر باشە. بەڵام هێشتاکە دەستوورات و ژیریی قووڵی تێدا کەمە. وەلێ هەر وەک وترا، بۆ دەستپێکەرێک خراپ نییە! چونکە هێشتاکە زۆر دەنگۆیی و ئاساییە.

بێکمەن: (*بەئینکارییەوە، لەبەر خۆیەوە...*) هەر زۆر ڕوونە.

بەڕێوەبەر: زۆر زەق و ڕووبەڕووە. تێ دەگەن؟ سروشتیشە کە لە کن ئێوەی لاو، کەمایەسی لە گەرم و گووڕیدا هەبێت...

بێکمەن: (*بەئینکارییەوە*) گەرم و گوڕی؟

بەڕێوەبەر: کەیفسازی، تێرکردن. بیر لە مامۆستای پیرمان (گۆتە) بکەرەوە. ئەو لەتەک میرەکەیدا چوونە گەشت و گەڕان. هەر لەبەر ئاگری نشینگەکەیاندا، ئۆپەرێتێکی نووسی.

بێکمەن: (*بەئینکارییەوە*) ئۆپەرێت؟

بەڕێوەبەر: ئەوەیش ژیرییە. ئا ئەوە جیاوازییە گەورەکەیە.

بێکمەن: بەڵێ، بەڵێ. مرۆڤ دەبێت بڵێت کە ئەوە جیاوازییە گەورەکەیە.

بەڕێوەبەر: دۆستی خۆشەویست، چەند ساڵێک چاوەڕێ دەکەین.

بێکمەن: چاوەڕێکردن؟ ئاخر من برسیمە و پێویستە کار بکەم؟

بەڕێوەبەر: بەڵێ. بەڵام هونەر دەبێت پێ بگات. بابەتەکە هێشتاکە بێ ڕەونەق و بێ ئەزموونە. هەر زۆر بۆر و ڕووتەڵەیە. جەماوەرم لێ تووڕە دەکەن. نەخێر. ئێمە ناتوانین تەماشاکەران بە نانی ڕەش......

بێکمەن: (*بەئینکارییەوە*) بە نانی ڕەش...؟!

بەڕێوەبەر: تێر بکەین. ئەگەر ئەوان داوای بسکویت بکەن. ئارامتان بێت و لە خۆتاندا کار بکەن. خۆ پێ بگەیەنن. وەک وترا تەواو ژیرانەیە، بەڵام هێشتاکە هونەری نییە...

بێکمەن: هونەر! هونەر! بەڵام خۆ ئەمە ڕاستەقینەیە؟

بەڕێوەبەر: بەڵێ، ڕاستەقینە. بەڵام هونەر هیچ پەیوەندییەکی بەڕاستەقینەبوونەوە نییە.

بێکمەن: (*بەئینکاری و لەبەر خۆیەوە*) نەخێر.

بەڕێوەبەر: بەمەیش تەنیا چارەی خۆتان گران و ناحەز دەکەن. مەگەر ئێمە لە کوێوە دێین، کە هەرکەس بێت و بیەوێت ڕاستی بڵێت. کێ ئەمرۆکە گەرەکییە شتێک لە هەمبەر ڕاستییەوە بزانێت؟ ها؟ کێ؟ ئەمانە ئەو ڕاستییانەن کە ئێوە نابێت لە بیریان بکەن.

بێکمەن: (*بە تاڵییەوە*) بەڵێ، بەڵێ. تێ دەگەم. سوپاسیشت دەکەم. وا خەریکە وردە وردە تێ دەگەم. ئەوە ئەو ڕاستییانەن کە مرۆڤ هەرگیز نابێت لەبیریان بکات. (بەرە بەرە دەنگی قەبەتر دەبێت.



لە گەڵ جیڕە هەڵسان لە دەرگاکەیش، دەنگی بەرزتر دەبێتەوە) مرۆڤ نابێت هەرگیز لەیاد بکات کە بە ڕاستی هەرگیز ناچێتە پێشەوە. مرۆڤ بەڕاستی تەنیا خۆی ناحەز و ناشیرین دەکات. کێ ئەمرۆکە دەیەوێت بڕێک لە ڕاستی بزانێت؟ (بەرزتر) بەڵێ؟ وا بەکاوەخۆ تێ دەگەم کە ئەوانە ڕاستییەکانن......

*(دەرگایەک جیڕەی دێت و دادەخرێتەوە. بێکمەن بەبێ بەخواسپاردن دەڕوات)*

بەڕێوەبەر: بەڵام خورتۆ، بۆچ هێندە دڵناسکیت؟

بێکمەن: (*بەنائومێدییەوە*)

ئەوە هەموو (شناپس)ەکە بوو

دنیاش بۆر بوو

هەروەک پێستی

هەروەک پێستی

مالۆسێکی پیر

ڕێگایش بەرەو (ئێلبە) ڕێک و ڕاست دەڕوات.

ئەوی تر: بێکمەن لێرە بمێنەوە! شەقامەکە لێرەیە و لەم سەرەوە!

بێکمەن: شەقامەکە بۆگەنی خوێنی لێ دێت. ئالێرەدا ڕاستییان کوشت و هەنجن هەنجن کرد. شەقامەکەیشم ئالێرەدا و لەم ژێرەوە، بەرەو ئێلبە دەچێت!

ئەوی تر: وەرە بێکمەن. تۆ نابێت بەگومان بیت و ڕاستی دەژی!

بێکمەن: مامەڵەکردن لە تەک ڕاستیدا، وەک مامەڵەکردنە لەتەک

ناسیاوترین قەحبەی شاردا. هەمووان دەیناسن، بەڵام بۆ هەرکەسێکیش شەرمەزارییە ئەگەر لەسەر شەقام بەرەوڕووی ببێتەوە. دەبێت بەدزییەوە بێت و لە شەویشدا. چونکە، قەحبەو ڕاستی لە ڕۆژدا بۆز و ناحەز و ناشیرینن. هەندێکیش لە هەموو ژیانیاندا ئەوەیان بۆ هەرس ناکرێت...

ئەوی تر: بێکمەن وەرە، هەمیشە لە لایەکەوە دەرگایەکی کراوە هەیە.

بێکمەن: بەڵێ، بەڵام بۆ (گۆتە، شێرلی تێمبڵ و شێمێلینگ) بەڵام من هەر بێکمەنم. بێکمەنێک بەچاویلکەیەک و مۆدێلێکی قژیی گاڵتەجارییەوە. بێکمەنی بە لاقێکی شەل و پاڵتۆیەکی بابا نۆئێلییەوە. من تەنیا گاڵتەجارێکی خراپم کە جەنگی کردووە. خێوێکی دوێنێ. جا لەبەرئەوەی کە من تەنیا بێکمەنم و (مۆزارت) نیم، بۆیە هەموو دەرگاکانم لێ داخراوە. شەق.... شەق. هەر بۆیەشە کەوتوومەتە دەرەوە. شەق و هەمدیسانیش شەق. جارێکی دیش شەق. شەق و هەمدیسان لە دەرەوەم. جا لەبەرئەوەی کە من دەستپێکەرێکم، بۆیە ناتوانم لە جێیەکەوە دەست پێ بکەم. هەر لەبەرئەوەشی کە دەنگم زۆر نزمە، بۆیە نەبوومە ئەفسەر. لەبەرئەوەیشی کە نهاکە دەنگم بەرزتر دەکەمەوە، ئەوا جەماوەر نیگەران دەکەم! چونکە دڵێکم هەیە و شەوانە هاوار بۆ مردووەکان دەکات، بۆیە دەبێت لە پێشدا ببمە مرۆڤ. ئەویش لە قاتە جلەکەی جەنابی فەرماندەدا.

ئەوە هەموو (شناپس)ەکە بوو

دنیاش بۆرە

هەروەک پێستی



هەروەک پێستی

مالۆسێکی پیر

جا لەبەرئەوەی کە مرۆڤ ڕاستی کوشتووە، بۆیە شەقام بۆنی خوێنی لێ دێت و دەرگاکانیش هەر هەموو داخراون. دەمەوێت بۆ ماڵەوە بچمەوە، بەڵام شەقامەکان گشت تاریکن. تەنیا شەقامەکەی بەرەو (ئێلبە) ڕووناکە. ئۆوو، ئەو ڕووناکە.

ئەوی تر: لێرە بمێنەوە بێکمەن، چونکە شەقامەکەت لێرەوەیە! ئالێرەوە دەچیتەوە بۆ ماڵەوە. بێکمەن، تۆ دەبێت بۆ ماڵەوە بڕۆیتەوە، چونکە باوکت لە ماڵەوە دانیشتووە و چاوەڕێتە. دایکیشت لەبەر دەرگا وەستاوە. ئەو هەنگاوەکانتی ناسییەوە...

بێکمەن: ئۆووو خودایە، دەمەوێت کە بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە، بۆ کن دایکم!! هەر بەڕاستی وەهایشم گەرەکە، بۆ لای دایکم!! بۆ لای......

ئەوی تر: وەرە و ئەمە شەقامەکەتە. ئەو جێیەی کە مرۆڤ گەرەکیە بۆی بچێت و بەڵام لە کۆتاییدا بیری لێ دەکاتەوە.

بێکمەن: بۆ ماڵەوە. ئەو جێیەی کە دایکمی لێیە...... دایکم......

## دیمەنی پێنجەم

*(خانوویەک و دەرگایەک و بێکمەن)*

بێکمەن: هێشتاکە خانووەکەمان ماوە و دەرگاکەشی هەیە. ئەو دەرگایەش بۆ من لەوێکانەیە، چونکە دایکم لەوێکانەیە. ئەو دەرگاکەم لێ دەکاتەوە و ڕێگەم دەدات بچمە ژوورەوە. ماڵەکەمان هێشتاکە ماوە و بێ شک پلیکانەکانیش جیڕەیان دێت. ئەوە دەرگاکەمانە. ئا لەوێوە هەموو بەیانییەک و دەمژمێری هەشت، باوکم دێتە دەرەوە. هەر لەوێشەوە هەموو ئێوارەیەک دەچێتە ژوورەوە. تەنیا یەکشەمان نەبێت. بەتۆپەڵە کلیلەکەیەوە کە دەلەنگێتەوە، خۆی پێدا دەکات. دایکیشم هەر هەموو ژیانی، دێتە دەرەوە و دەچێتەوە ژوورەوە. ڕۆژی سێ، حەوت یاخود دە جاران. هەر هەموو ڕۆژێک و بەدرێژاییی ژیانیشی. بەڵێ، ژیانی درێژ. ئا ئەوە دەرگاکەمانە. لە پشتیشیەوە، دەرگای ژووری خواردنگەکەمان جیڕەی دێت. لە پشتیشیەوە، کاتژمێرەکە بەدەنگە گڕە نووساوەکەی، ساتە بەسەرچووەکان دەڕووشێنێت. لە پشتییەوە، لەسەر کورسییەکی هەڵەوگێڕاوە دادەنیشتم و کایەی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلم دەکرد. هەر لەو پشتەشەوەیە کە بابم دەکۆکێت. بەلوحەکە نزگەرە دەکات، کاشییەکانی تەختی چێشتخانەکەیش، کە دایکم پاکیان دەکاتەوە، کرچەیان دێت.



ئائەوە دەرگاکەمانە کە لە پشتییەوە، ژیانێک لە جموجووڵدایە. ژیانێکی تەقلەهەقی ئاسایی. ژیانێک کە هەرگاڤ وەسا بووە. بەدرێژاییی سی سالان و بە بەردەوامیش... جەنگ بەلای ئەم دەرگایەدا تێپەڕی. بەری نەکەوت و لە بناغەوە هەڵی نەکێشا. هەر بەڕێکەوت وازی لە دەرگاکەمان هێنا. یانیش لە نەبینینەوە. وا ئێستاکە ئەو دەرگایە، بۆ من لەوێکانەدایە. ئەو دەرگا کۆن و بۆیاخ ترەکیوە. بەسندووقی پۆستی قووپاو و دوگمەی سەری زەنگی شل بووەوە. بەپارچە ئاسنی سافی (ناو)ەوە. کە ناوەکەمانی بەسەرەوەیە و دایکم هەموو بەیانییەک پاکی دەکاتەوە. بێکمەن.... نەخێر، خۆ پارچە ئاسنی ناوەکەمان لەوێکانەدا نەماوە؟ کێ ناوەکەمانی لابردبێت؟ ئەی ئەم پارچە مقەبا پیسە چییە بەدەرگاکەمانەوە و بەناوێکی نامۆیشەوە؟ خۆ لێرەکانەدا (کرامەر) ناژین. بۆچ ناوەکەمان بەدەرگاکەوە نییە؟ خۆ سی سالان پێوەی بوو؟ بەلام ناوەکانی تری خانووەکان، وەک هەمیشە بەدەرگاکانەوەن؟ ئەی بۆچ ئیدی (بێکمەن) بێرەوە نییە؟ دەی خۆ نابێت هەروا بەبزمار، ناوێکی تر هەڵواسن؟ لە ساتێکدا کە ناوی (بێکمەن) بەدرێژایی سی سالان بەوێکانەوە بووبێت؟ ئەم (کرامەر)ە کێیە؟

*(لە زەنگ دەدات. دەرگاکە جیڕەی دێت و دەکرێتەوە)*

خانمی کرامەر: (*بێ گرنگیدان و بەناحەزییەوە. بەکرچ و کاڵی و ساردییەوە*) چیتان دەوێت؟

بێکمەن: بەڵێ. ڕۆژباش... من......

خانمی کرامەر: چی...؟

بێکمەن: ئەرێ دەزانن کە پارچە ئاسنی ناوەکەمان، چی لێ هاتووە؟

خانمی کرامەر: چ پارچە ئاسنێکی ناوەکەمان؟

بێکمەن: ئەو ئاسنی ناوەی کە بەدرێژایی سی ساڵان بێرەوە بوو؟

خانمی کرامەر: نازانم.

بێکمەن: ئەی نازانن کە دایک و بابم لە کوێن؟

خانمی کرامەر: ئەوان کێن و ئێوە کێن؟

بێکمەن: من ناوم بێکمەن و ئالێرەدا لەدایک بووم. ئەمەیش خانووەکەمانە.

خانمی کرامەر: (*تادەهات بێ چاو و ڕوو و دەمەوەر دەبوو*) نەخێر، شتی وەها نییە و ئەمەیش ماڵی ئێمەیە. لەلایەن منەوە، جا با لێرەیش لەدایک بووبیت، چییە؟ ئەم خانوویەش هی ئێوە نییە و هی ئێمەیە.

بێکمەن: بەڵێ، بەڵێ. ئەی باشە دایکم و بابم لە کوێن؟ خۆ دەبێت لە جێیەکدا بژین؟

خانمی کرامەر: وتتان کە ئێوە کوڕی ئەوانن، کە ناویشیان بێکمەنە؟ ناوی تۆیش بێکمەنە؟

بێکمەن: بەڵێ، هەر وەهایە. من بێکمەنم و ئا لەم خانووەیشدا لەدایک بووم.

خانمی کرامەر: دەبێت وەسا بێت. بەڵام بۆ من هیچ گرنگ نییە و ئەم خانووەیش هی ئێمەیە...

بێکمەن: ئەی دایک و بابم؟ ئەی ئەوان لە کوێن؟ ناتوانیت پێمی بڵێیت لە کوێن؟



خانمی کرامەر: ناشزانن، دەشڵێن کوڕیانن؟ پێم وایە کە ئەوان ئەمە هەر نەزانن... تێ دەگەیت...؟

بێکمەن: ئۆف خودایە، ئەو پیرانە لە کوێن؟ خۆ ئەوان سی ساڵان لێرەکانە دەژیان. ئیدی نهاکە لە خۆوە لێرەکانە نین؟ دە شتێک بڵێن؟ ئەی خۆ دەبێت لەجێیەک بن!

خانمی کرامەر: بەڵێ، هێندەی من بیزانم، وان لە بەشی پێنجەهەم....

بێکمەن: بەشی پێنجەهەم چییە؟ چ بەشێک؟

خانمی کرامەر: (*کەمێک دێتە خوارترەوە. لە ژێر کارگەری ئازاردایە، هەتا ئازاردان*) بەشی پێنجەهەم لە (ئۆهڵسدۆرف). خۆ دەزانن کە (ئۆهڵسدۆرف) کوێیە؟ شوێنی گۆڕی لێیە. دەزانن لە کوێیە؟ لە کن (فوڵس بوتڵ)ەوە، لە باکوور و کن سێهەم وێستگەی (هامبۆرگ). لە (فوڵس بوتڵ) بەندیخانە هەیە. لە (ئەڵستێردۆرف)یش شێتخانە و لە (ئۆهڵسدۆرف)یش گۆڕستان. کە پیرەکانت لەوێکانەن. ئەوان ئێستاکە لەوێ دەژین. ئەوان جێگۆڕکەیان کردووە. گواستوویانەتەوە و تەواو. جا دەبێت ئەوە نەزانیت؟

بێکمەن: ئەوان لەوێدا چی دەکەن؟ ئایا ئێوە مەرگن؟ خۆ ئێوە تا نهاکە زیندوویەک بوون؟ من دەبێت لە کوێوە بزانم؟ بەدرێژاییی سێ ساڵان لە سیبیریا بووم. زیاد لە هەزار ڕۆژ. تۆ بڵێیت ئەوان مردبن؟ خۆ لەپێشدا لێرەکانە بوون؟ بۆچی بەرلەوەی کە من بگەڕێمەوە، ئەوان مردوون؟ خۆ لە هیچیان کەم نەبوو. هیچ هۆکارێکیش لەگۆڕێدا نەبووە؟ دەی خۆ نابێت هەروا بەسانایی و بێ دەنگی بمرن؟

خانمی کرامەر: (*بەئاگایی و زۆڵێتی و گوایە بەهەستەوە*) لەوەدەچێت کە جەنابتان کەسێکی سەیر بن. ئێوەی کوڕێکی سەیر. دەی باشە واز بێنە. هەزار ڕۆژی سیبیریاش گاڵتە نییە. لەوە تێ دەگەم کە مرۆڤ پێی تێکبچێت و ئەژنۆکانی چۆک دادەنە سەر زەوی. دەزانیت کە (بێکمەن)ە پیرەکان، ئیدی سەبریان نەما؟ خۆ دەشزانیت کەمۆکەیەک لەتەک ئیمپراتۆری سێهەمدا بوون؟ باشە پیرە پیاوێکی وەها چ پێویستییەکی لەوەدایە، بەرگی سەربازی بپۆشێت؟ ئەوجا کەمێکیش جوولەکەی دەبووخزاند. خۆ تێ دەگەن؟ خۆ ئێوەی کوڕیان لەوەی تێ دەگەن، کە پیرەکانت جوولەکەیان بۆ هەرس نەدەکرا و هەبوونیان هۆکاری تووڕەبوونیان بوون. ئەو دەیویست کە بەدەستی خۆی، هەر هەموویان ڕەوانەی فەڵەستین بکات. هەمیشەیش بۆڵەی بوو. دەزانن کە لە حەشارگەدا و کاتێک بۆمبایەک دەکەوتە خوارەوە، دەیبۆڵاند و جنێوی بە جوولەکە دەدا. پیرە جەنابەکەتان، کەمۆکەیەک چالاک بوو. هەر تەواو خۆی تەسلیمی نازییەکان کردبوو. بەڵێ، ئیدی سەردەمی قاوەییەکان بەسەر چوو و هەڵواسران. جەنابی باوکتان زۆر لە جوولەکە بەقین بوو. مەگەر ئەویش نەیدەتوانی دەمی خۆی بگرێت؟ بەڵام پیرە بێکمەن، زیاد لە پێویست کارا بوو. ئیدی کە سەردەمی (لاوانی قاوەیی) بەسەرچوو. برێک ددانەکانیان پڕ کردنەوە. ئا... بەڵێ... هەر هەموو ساتەکەیش خۆشیم لەو شتە دێت، کە بەسەر لووتتانەوە داتان ناوە. بۆچ وەها کارێکی شێتانە دەکەن؟ خۆ مرۆڤ ناتوانێت بەچاویلکەیەکی ژیرانەی دابنێت. لاڤۆک، دانەیەکی ئاساییتان نییە؟



بێکمەن: (*بەخێرایی*) نەخێر. ئەمەیش چاویلکەیەکی گازماسکە. ئەو سەربازانە وەریان دەگرت کە......

خانمی کرامەر: دەزانم، دەیناسم. نەخێر من بم وەها شتێک ناخەمە بەر ڕوخسارم و لە ماڵەوە دەمێنمەوە. بۆ ئەم تەمەنەی منیش، وەها چاکترە. دەشزانیت کە بەخەڵکی وەک تۆ چی دەوترێت؟ پێت دەڵێن: کورە دەوروبەری پردی (ئەنتلیزە) هەڵبژێرە....

بێکمەن: دەی درێژەی پێ بدە، کە بابم چی لێ هات؟ زۆرتری باس بکەن. باسەکە خەریک بوو گرنگ دەبوو. دەی درێژەی پێ بدە. خانمی کرامەر درێژەی پێ بدە...

خانمی کرامەر: هیچ شتێک بۆ باسکردن نەماوە. باوکتیان بەبێ مووچەی خانەنشینی، بەهەوادا برد. تێ دەگەن؟ ئەوان دەبووا لە خانووەکە بچنە دەرەوە. بۆشیان هەبوو تەنیا مەنجەڵ لەتەک خۆیاندا ببەن. کە بێ شک ئەوەیش خەمبار بوو. ئیدی هەر ئەوە بوو و هیچی دی. خۆشیان هیچی تریان نەدەویست. نا، پاشان هەر خۆشیان خۆیان لە (نازی)یەتی پاک کردەوە. مرۆڤ دەبێت ئەوەیش بڵێت، کە ئەوەیش لە لایەن پیرەکانتەوە، قبووڵ کردن و وازهێنان بوو....

بێکمەن: چییان کرد؟ ئەوان خۆیان......

خانمی کرامەر: (*وەک لە ویژدانەوە و نەک لە خراپە*) بەوەیش دەوترێت؛ خۆ لەنازی پاککردنەوە. خۆ تێ دەگەن؟ ئەمە دەستەواژەیەکی تایبەتی ئێمەیە. بەڵێ. بەرێزەکانتان مافی حەز و ئارەزووشیان نەمابوو. سەرلەبەیانییەک، ڕەق و شین هەڵگەڕاو، لە چێشتخانەکەدا کەوتبوون. مێردەکەم دەڵێت: چ بێ مێشکییەک

بوو، دەمانتوانی کە بەو گازە یەک مانگ خواردن لێ بنێین.

بێکمەن: (*بە ئاسپایی و ترسی زۆرەوە*) پێم وایە باشترە کە دەرگاکە دابخەن... زۆریش خێرا...زۆر خێرا دای بخەن. پێتان دەڵێم؛ کە زۆر خێرا دەرگاکەتان دابخەن!... دای بخەن......

*(دەرگاکە جیرەی دێت. خانمی کرامەر بەهێستریاوە دەقیژێنێت و دەرگاکە دادەخرێتەوە)*

بێکمەن: تەحەمول ناکەم. تەحەمول ناکەم. تەحەمول ناکەم!

ئەوی تر: بەڵێ بێکمەن، بەڵێ. مرۆڤ تەحەمول دەکات.

بێکمەن: نەخێر ناتوانم تەحەمولی ئەم هەمووە بکەم... تۆی بەڵێ بێژی بێ مێشک برۆ بەولاوە. دەی لاچۆ....

ئەوی تر: نەء بێکمەن، شەقامەکەت لێرە و بە مسەرەوەیە. بێکمەن، وەرە و لە سەرەوە بمێنەوە. شەقامەکە هێشتاکە درێژە... وەرە...

بێکمەن: هۆ بەڵێ، هۆو، مرۆڤ تەحەمول دەکات! تۆ بەرازێکیت. گوایە مرۆڤ بەسەر ئەم شەقامەوە تەحەمول دەکات و بەرەو پێشتریش دەچێت. جارجارە کەسێک بە هەناسەبڕکێوە دەیەوێت کەسێک بکوژێت. بەڵام مرۆڤەکە بەردەوام هەناسەبڕکێیەتی، لێ، کوشتنەکەیش ڕوونادات. کە ئیدی مرۆڤ، نەدەقیژێنێت و نە شیوەنیش دەکات. مرۆڤ تەحەمول دەکات. تەنیا دوو مردوو! کێ لەم ڕۆژگارەدا باس لە دوو مردوو دەکات؟

ئەوی تر: بێکمەن، بێدەنگ بەو وەرە!

بێکمەن: زۆر ناخۆشە کە ئەو دوو مردووە، دایک و بابت بن. ئەوجا



دوو مردووی پیریش. لە لایەکی تریشەوە، حەیف و خەسار بۆ ئەو گازەی کە مرۆڤ دەیتوانی، یەک مانگ خواردنی پێ لێ بنێت!

ئەوی تر: سەربەوێ مەبە بێکمەن. وەرە و شەقام چاوەڕێت دەکات.

بێکمەن: بەڵێ، سەربەوێ مەبە. لێ، مرۆڤ تەنیا یەک دڵی هەیە. ئەو دڵەیش هاوار دەکات، دەشێت کوشتنێک ڕوویدات. کڵپەیەکی تر لە دڵەوە. مرۆڤ گەرەکیە ئەوانە بکوژێت کە پرسە بۆ گاز دەگرن. دەی خۆ مرۆڤ تەنیا دڵێکی هەیە و گەرەکیە لە قووڵایی (ئێلبە)دا بخەوێت. تێ دەگەیت؟ خۆ دڵەکەیش بەگەرمییەوە هاواری کرد؟ بەڵام کەسێک لێرەکانە و لەم خوارەوە نەیبیست کە وا دوو مرۆڤی پیر بۆ گۆڕەکانی (ئۆهڵسدۆرف) ڕۆیشتوون. پێ دەچێت کە پێرێ دوو هەزار و دوێنێش حەفتا هەزار بووبن. سبەینێش چوار و یان شەش میلیۆن بن کە بەکۆمەڵ دەگوازرێنەوە. ئەی پاشان کێ پرسیار ئاراستە دەکات؟ کەس. نە هیچ گوێیەکی مرۆڤ، لێرەو لەم خوارەوە دەیبیستێت و نە خوداوەندیش بەوسەرەوە. خوداوەند خەوتووە و ئێمەیش بەردەوام دەژین!

ئەوی تر: بێکمەن، بێکمەن! سەربەوێ مەبە بێکمەن. تۆ لە چاویلکە گازماسکەکەتەوە، هەموو شتێک بەخواروخێچی دەبینیت! سەربەوێ مەبە بێکمەن. بێکمەن لە ڕابردوودا، سەردەمێک بوو، خۆ ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامە لە (کاپ شتات) بیانخوێنبایەتەوە؛ کە دوو کچ لە ئالاسکادا، لە سەرمادا ڕەق بوونەتەوە، ئەوانیش لە ژێر تیشکی سەوزی گڵۆپەکاندا خۆیان بەخەستی سەرخۆش

دەکرد. لە ڕابردوودا وەها بوو. خەڵکی (هامبۆرگ) خەویان لێ نەدەکەوت ئەگەر بیانبیستایە، منداڵێک لە (بۆستن) فڕێنراوە. لە ڕابردوودا ئەگەری ئەوە زۆربوو. کە بیانبیستایە گوایە لە (پاریس) باڵۆنێک بەلێخوڕەکەیەوە بەربووەتە خوارەوە، لە (فرانسیسکۆ) پرسە دەگیرا.

بێکمەن: ڕابردوو، ڕابردوو، ڕابردوو. ئەرێ کەی بوو؟ ئەرێ کەنگێ بوو؟ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر؟ ئەمڕۆکە تەنیا سفر دەخرێتە پێش ژمارەی مردووەکانەوە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ پێخەفێکی هەبێت، ئەوا لە ژێر گڵۆپدا خۆی تەواو سەرمەست ناکات. بەڵکوم بەئارامی و قووڵی لێی دەخەوێت، ئیدی بە ماتیش ڕوو لەئازاری یەکتر وەردەگێڕن! گوپ قووپاو، ڕەق هەڵگەڕاو، چۆماوە، تەنیا و ژمارە خواردوو دەکرێن. بەو ژمارانەشی کە ناتوانن بیانلێنەوە، چونکە هێندە درێژن. ژمارەکانیش بەو مانایەن....

ئەوی تر: بێکمەن، سەر بەوێ بەمە...

بێکمەن: سەربەوێ مەبە، سەربەوێ مەبە. ژمارەکانیش بەو مانایەن؛ مردوو، نیوە مردوو، بەنارنجۆک و یان پارچە بۆمب کوژراو. لەبرسا مردوو. لە زریانی بەفردا شین هەڵگەڕاو. لە ئۆقیانووسدا خنکاو. لە گوماندا مردوو، بزر بوو، لەبیرکراو. سفری ئەو ژمارانە، لە ژمارەی ئەنگوستەکانمان زیاترن.

ئەوی تر: سەربەوێ مەبە بێکمەن، تۆ شەقام چاوەڕێت دەکات. وەرە...

بێکمەن: هەی لە تۆ، ئەی بۆ کوێ دەچێت؟ ئێمە لە کوێین؟ واهێشتاکە لێرەین؟ هەر زەمینە کۆنەکەیشە؟ پێستی ئاژەڵمان نەگرتووەو



کلکمان لێ نەڕواوە؟ ددان و چنگی ئاژەڵی وەحشیمان نەگرتووە؟ ئەرێ هێشتاکە هەر لەسەر دوو پەلان ڕێ دەکەین؟ هەی مرۆڤ هەی، چ شەقامێک و بەرەو کوێ دەچێت؟ دەی وەڵام بدەرەوە ئەی تۆی ئەوی تر؟ دەی وەڵامبێژ، وەڵام بدەرەوە؟ هەی وەڵامدەرەوەی هەمیشەیی...

ئەوی تر: بێکمەن، تۆ خۆت بزر دەکەیت. وەرە و لە سەرەوە بمێنەوە. شەقامەکەت لێرەوەیە و سەرەولێژاییشە. سەر بەوان مەبە! نەشکەویتە هاوار هاوار، مادام شەقامەکە سەرەو خوارە و تاریکیش دابێت. چونکە شەقامەکە درێژەی هەیە و لە هەر لایەکیش گڵۆپ هەیە. ڕۆژ و ئەستێرەکان و ئافرەت. پەنجەرە و گڵۆپی عامود و دەرگای کراوە. نەکەویتە هاوار، ئەگەر شەو بەتەنیاو بۆ نیو دەمژمێر لە تەمدا بیت. وەرە و تۆ بەخەڵکی تر هەر دەگەیت. کوڕۆ وەرە و ماندوو مەبە. گوێش لەو لێدانە شیرینەی کسیلۆفۆنە مەگرە و سەر بەوێش مەبە...

بێکمەن: ئەرێ ئەمە هەموو وەڵامەکەتە؟ سەربەوێ مەبە؟ میلیۆنان کوژراو و نیوە کوژراو، بێ سەر و شوێن. هەر هەموو وەک یەکن و قەیدیشی نییە؟ تۆیش هەر دەڵێیت؛ سەربەوێ مەبە؟ من خۆم بزر کردووە؟ بەڵێ، شەقامەکە بۆر و ناحەز و بێ کۆتاییشە. بەڵام خۆ ئێمە لە دەرەوە و بەسەریەوە بەڕێگەوەین؟ بەدرێژاییی شەقامەکەیش دەشەلین. شیوەن دەکەین و برسێتی دەچێژین. هەژار و سەرمابردەڵە و ماندوو. بەلام (ئێلبە)یش، منی هەروەک قەپاڵێکی بۆگەن کردوو تف کردەوە و فڕێ دایەوە دەرەوە. (ئێلبە) لێ ناگەڕێت بخەوم. وتیشی کە دەبێت بژیم.

ئائەم ژیانە بژیم؟ دە پێم بڵێ بۆ؟ بۆ کێ و بۆچی؟

ئەوی تر: بۆ خۆت. بۆ ژیان. شەقامەکەت چاوەڕێت دەکات. جارجاریش گڵۆپ هەر دەبێت. هێندە ترسنۆکیت کە لە تاریکی نێوان دوو گڵۆپیشدا دەترسیت؟ دەتەوێت کە بەتەنیا گڵۆپت هەبێت؟ دەی وەرە بێکمەن، هەتا لای گڵۆپەکەی تر......

بێکمەن: هەی هەی، من برسیمە. شەقامەکە تاریکە و هەموو دەرگاکانیش داخراون. دەمت داخە، هەی بەڵێ بێژەر و سیەکەیش بدەرە کەسێکی دی. من بەتاسەی ماڵەوە و کن دایکمم. برسیمە و ئارەزووی نانی ڕەش دەکەم. پێویست ناکات بسکویت بێت. نەخێر. بێ شک کە دایکم پارچەیەک نانی ڕەش و گۆرەوەی گەرمی بۆ من دەبێت. ئەوجا لە کورسییە نەرمەکەی جەنابی فەرماندەدا دادەنیشم و (دۆستۆیۆفسکی) و یانیش (گۆرگی) دەخوێنمەوە. گەلێک خۆشە کە مرۆڤ خۆی تێر بێت و لە گەرمادا بێت و ئەوجا بەخوێندنەوە لە گوزەرانی خەڵکی دی ئاگادار بێتەوە و خەفەتی پێ بخوات! بەڵام لێ مخابن کە هەرگاڤ چاوەکانم دادەخرێن. چونکە وەک سەگێکی ماندوو، ماندووم. حەزیشم دەکرد کە بمتوانیبایە، وەک سەگ باوێشک بدەم. باوێشک هەتا دەرکەوتنی قورقوڕاگە. هەی لە تۆ، هەی. من ماندووم و ئیدی ناتوانم بەپێوە بم. من ماندووم. ئیدی ناتوانم و ناشخوازم، تێ دەگەیت؟ میلیمێترێکیش نا....نەخێر...

ئەوی تر: بێکمەن، وەرە و خۆ تەسلیم مەکە. بێکمەن، وەرە و ژیان چاوەڕێت دەکات!

بێکمەن: نامەوێت (دۆستۆیۆفسکی) بخوێنمەوە. من ترسم هەیە.



نەخێر، ماندووم و نایەم. نەخێر من نایەم. دەمەوێت ئالێرە و لەبەر دەرگاکەمدا بخەوم. هەروەسا لەسەر پلیکانەکان دادەنیشم و دەخەوم. دەخەوم. هێندە دەخەوم هەتا ئەوڕۆژەی دیوارەکانی ماڵەکەم دەکەونە کرچە کرچ و لە کۆنیدا، بەسەر یەکدا دەڕمێن. دەخەوم. یانیش هەتا بانگکردنێکی تری سەربازی، دەخەوم. من بەئەندازەی باوێشکی هەموو دنیا پێکەوە، ماندووم!

ئەوی تر: بێکمەن، ماندوو مەبەو وەرە بژی!

بێکمەن: ئائەم ژیانە؟ نەخێر! ئەم ژیانە لە هیچیش کەمترە. وەی لە تۆ، ئیدی من لەتەکتدا نیم. ئەوە چی دەڵێیت؟ ئەی هاوڕێیان بۆ پێشەوە؟ بێ شک ئەم پارچەیەش هەتا کۆتایی، بە ڕێکوپێکی دەژەنرێت. کێ دەزانێت کە ئێمە لە چ سووچێکی تاریکی دنیادا کەوتووین. یانیش لە چ سنگ و بەرۆکێکی شیریندایین، کە ئیدی پەردەکە دادەدرێتەوە. ئینجا پێنج پەردەی بۆری لەبەر باران خووساوەدا.

ئەوی تر: بێکمەن لەگەڵدابە و ژیان زیندووە! تۆیش لەگەڵدا زیندوو بە!

بێکمەن: ئاتۆ بێدەنگ بە، ژیان ئاوەهایە:

بەشی یەکەم: ئاسمانی بۆر و ئازار بەکەسێک دەگەیەنرێت.

بەشی دووەم: ئاسمانی بۆر و مرۆڤ هەمدیسان ئازار دەدرێتەوە.

بەشی سێیەم: تاریک دەبێت و باران دەبارێت.

بەشی چوارەم: هەر زۆر تاریکترە و مرۆڤ دەرگایەک بەدی دەکات.

بەشێ پێنجەم: قووڵاییی شەوە. دەرگایەک داخراوە و مرۆڤیش لە

دەرەوە وەستاوە. لەبەر دەرگای دەرەوە. مرۆڤێکیش بەسەر (ئێلبە)ەوە وەستاوە. یانیش بەسەر (زاینە) و (ڤۆڵگا) و یان (میسی سیپی)یەوە. مرۆڤێک لەوێکانەدا وەستاوە. تێکچووە و هەڵدەلەرزێت. برسێتی دەچێژێت و گەلێکیش ماندووە. کە ئیدی لە پردا شڵپە هەڵدەستێت و شەپۆلەکان بەناو یەکدا بازنە دەبەستن. پەردەیەکیش ورشەی دێت و دادەدرێتەوە. ماسی و کرمەکانیش بەهاسپایی چەپڵە لێ دەدەن. ئاوەهایە. ئایا ئەمە لە هیچ زۆرترە؟ نەخێر، ئیدی من لەتەکدا نیم. باوێشکەکەیشم بەئەندازەی دنیای فراوان گەورەیە.

ئەوی تر: بێکمەن، تۆ خەو دەتباتەوە. تۆ دەبێت درێژەی پێ بدەیت.

بێکمەن: دەڵێیت چی...؟ وا لە ناکاو بەنزمی دەپەیڤیت...؟

ئەوی تر: بێکمەن هەڵسە و شەقام چاوەڕێتە.

بێکمەن: شەقام پێویستە، واز لە هەنگاوە ماندووەکانم بێنێت! ئەوە بۆچ هێندە دووریت...؟ ناتوانم..... تێ... ت.... ب.... گە.... م...... (*باوێشک دەدات*)

ئەوی تر: بێکمەن، بێکمەن...!

بێکمەن: هم......(*خەوی لێ دەکەوێت*)

ئەوی تر: بێکمەن، ئەوە خەوتوویت؟!

بێکمەن: (*بەدەم خەوتنەوە*) بەڵێ.... من... خەوتووم...

ئەوی تر: بەئاگا بەرەوە بێکمەن، تۆ دەبێت بژیت.

بێکمەن: ژیان؟ لە کوێ؟ وا من خەون دەبینم کە دەمرم.

ئەوی تر: هەستە و بڵێ کە من دەژیم.



بێکمەن: نەخێر، ئیدی حەز ناکەم بەئاگا بیمەوە. وا تازە خەونی خۆش دەبینم، کە لەسەر شەقام پاڵکەوتووم و دەمرم. ئیدی نە (سی) و نە (دڵ) دەیانەوێت درێژ بەژیان بدەن، نە قاچەکانیش. هەر هەموو بێکمەنەکان، ناخوازن بەردەوام بن. گوێت لێیە؟ ئەوان هەر تەواو لە فەرمان دەرچوون. ئیدی بێکمەنی جێگری ئەفسەر، لەگەڵدا نییە و نایکات. باشە...؟ چی...؟

ئەوی تر: بێکمەن، وەرە و تۆ دەبێت بەردەوام بیت.

بێکمەن: بەردەوام بم؟ مەبەستت لە سەرەوەیە؟ فەرەنسی دەڵێن (ئاباس). ئاخ چەند خۆشە کە بمریت. ئۆ نەمدەزانی کە وەهایە. لە باوەڕەیشدام کە مردن، زۆر میهرەبان و شایانی قبووڵ و تەحەمول کردن بێت. زۆریش لە ژیان میهرەبانترە. وادەزانم کە لە ئاسمانم و هەست بەخۆیشم ناکەم. دەڵێت هەست بەخۆ نەبوونەکە، لە ئاسمان بوونەکەیە. وا لەولایەوە پیرە پیاوێک دێت، کە لە خوداوەندی خۆشەویست دەچێت. بەڵێ، هەر لە یخوداوەندی خۆشەویست دەچێت. بڕێک دیندار و دڵپڕ دیارە. مەگەر ئەوە خوداوەندی خۆشەویستە؟ ڕۆژباش ئەی پیرەپیاو، تۆ یەزدانی خۆشەویستیت؟

خوداوەند: (بەگرینۆکییەوە) بەڵێ من یەزدانی خۆشەویستم، لاڤۆک، لاوە هەژارەکەم.

بێکمەن: ئاخ. کەواتە تۆ خوداوەندی خۆشەویستیت؟ بەڕاستی کێ ئەو ناوەی لە تۆ ناوە؟ مرۆڤ یاکوو خۆت؟

خوداوەند: خەڵکی ناویان لێ ناوم خوداوەندی خۆشەویست.

بێکمەن: سەیرە. دەبێت ئەوانەی کە ئەو ناوەیان لە تۆ ناوە، زۆر سەیر بن. بێ شک کە ڕازی و خۆشحاڵ و تێریت و ئەوانیش لێت دەترسێن؟ ئەوانەی لە ڕۆژە هەتاوییەکاندا، شەیدا و تێر و کەیفسازن. یانیش ئەوانەی کە شەوان لێت دەترسێن و دەڵێن؛ ئەی خوداوەندی خۆشەویست. بەڵام من وەها ناڵێم و شتێکیش بەو ناوەوە ناس ناکەم

خوداوەند: منداڵەکەم، هەژارەکەم.

بێکمەن: ئەرێ کەنگێ وەها لەبەر دڵان بوویت، ئەی خوداوەندی خۆشەویست؟ ئایا ئەو ساتەیش هەر خوداوەندی خۆشەویست بوویت، کە منداڵە کورە جارێ یەک ساڵانەکەم، بەبۆمبای قیژەکەر پارچە پارچە بوو؟ ئەو کاتەیش هەر میهرەبان بوویت کە لێ گەڕایت بکوژرێت؟ ها؟ ئەی خوداوەندی خۆشەویست؟

خوداوەند: من نەبوومەتە هۆی کوشتنی ئەو.

بێکمەن: بەڵێ، تەواوە. بەڵام لێ گەڕاویت. چونکە ئەو ساتەی کە بۆمباکان گرمە و شیرەیان هاتووە و ئەویش قیژاندوویەتی، گوێت نەگرتووە، ئەی خودای خۆشەویست. یان ئەو ساتەیش هەر خودای خۆشەویست بوویت، کە یازدە کەس لە مەفرەزەکەم کەمی کرد؟ یازدە پیاو کەمتر و تۆیش هەر لەوێکانە نەبوویت. یازدە کەس بەئاشکرا لەو دارستانی تەنیاییەدا هاواریان دەکرد. بەڵام هەی خودوەندی خۆشەویست، تۆ لەوێ نەبوویت؟ هەر خوداوەندی خۆشەویستیش بوویت؟ چۆن؟ بەڵێ؟ بەڕاستی تۆ کەنگێ خوداوەندی خۆشەویست بوویت؟ ئەی خوداوەند کەنگێ و جارێک لە خەمی ئێمەدا بوویت، ئەی خوداوەند؟



خوداوەند: ئیدی کەسێک باوەڕی بەمن نەماوە. نە تۆ و نە کەسێکی تریش. من ئەو خوداوەندەکەم کەسێک باوەڕی پێ نەماوە و لە خەمیدا نییە. ئێوەیش لە خەمی مندا نین.

بێکمەن: ئەی خوداوەند، خوێندنی (ئایینناسیت) تەواو کردووە؟ کێ لە خەمی کێ دایە؟ ئاخ خوداوەند. تۆ پیر بوویت و کۆنخوازیشیت. سەریش لەو لیستە درێژە ترسناکاوییەی مردووەکانمان دەرناکەیت. بۆیە ئیدی بەڕاستت ناناسین و تەنیا خوداوەندی خۆشەویستی ناو حیکایەتەکانیت. ئەمڕۆکە پێویستمان بەخواوەندێکی نوێیە. خواوەندێک بۆ ساتی ترس و تەنگانەکانمان. خۆ دەزانیت، یەکێکی هەر تەواو نوێ. ئەی خوداوەند کە ئێمە بەدواتا گەڕاین. لە هەر کەلاوە و چاڵی بۆمبێکدا، هەموو شەوێک بانگمان لێ دەکردیت و هاوارمان لێت دەکرد. ئەگریاین و جنێومان دا. ئەی تۆ لە کوێ بوویت، ئەی خوداوەندی خۆشەویست؟ ئەی ئەم ئێوارەیە لە کوێیت و ڕووت لێ وەرگێڕاوین؟ ئەی خوداوەند، خۆتت لە پشت دیواری کەنیسایەکی نوێوە شاردووەتەوە؟ ئەی مەگەر لە بۆشایی پارچەی پەنجەفرەکانەوە، گوێت لە هاوارمان نییە؟ ئەی خواوەند تۆ لە کوێیت؟

خواوەند: منداڵەکانم ڕوویان لێ وەرگێڕاوم، نەک من لەوان. بەڵێ ئێوە لە من. من ئەو خواوەندەم کە ئیدی کەسێک باوەڕی پێی نییە. ئێوە ڕووتان لە من وەرگێڕاوە.

بێکمەن: بەولاوە هەی پیرە پیاو. چونکە مردنەکەم لێ تێکدەدەیت. وا دەبینم کە تۆ تەنیا ئایینناسێکی گرینۆکیت. برۆ بەولاوە، چونکە

تۆ ڕستەکان بەراوەژوو دەکەیت. کێ لە خەمی کێ دایە و کێش ڕووی لە کێ وەرگێڕاوە؟ ئێوە لە من؟ ئێمە لە تۆ؟ ئەی خوداوەند تۆیش مردوویت. زیندوو بە. لەتەک ئێمەدا زیندوو بە. شەوانی سارد و تەنیایی و گەدەیش لەو بێدەنگییەدا قۆڕەی دێت. ئەی خوداوەند لەتەک ئێمەدا زیندوو بە. ئاخ، بڕۆ بەولاوە. تۆ پیرێکی، وەک مەرەکەبی سوور، خوێناوی. بڕۆ بەولاوە تۆ گرینۆکیت، ئەی پیاوە زۆر پیرەکە...!

خوداوەند: کوڕەکەم. کوڕە هەژارەکەم! بەڕاستی ناتوانم هیچ بگۆڕم. هیچیشم بۆ ناگۆڕدرێت.

بێکمەن: بەڵێ، هەروایە خوداوەند. تۆ ناتوانیت هیچ بگۆڕیت. بۆیە کە ئیدی خۆشمان ناوێت و ترسیشمان لێت نییە. تۆ نوێژەن نیت و ئایینناسی تۆی پیر کرد. پانتۆڵەکەت ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووەتەوە و بنی پێڵاوەکانیشت کون کون بوون. دەنگیشت وەها نزم بووەتەوە کە بۆ زرمەزلێی ئەم سەردەمەمان گەلێک نزمە، کە ئیدی ناشتوانین گوێمان لێت بێت.

خوداوەند: نەخێر، کەسێک گوێم لێ ناگرێت. هیچ کەسێکتان. ئێوە زۆر بەغەڵبەن...

بێکمەن: یانیش تۆ زۆر نزمیت. مەرەکەبی هێجگار زۆر لە خوێنتدایە خوداوەند؟ خوێنی زۆر ڕوونی ئایینناسی؟ بڕۆ ئەی پیرە پیاو. تۆیان خزاندووەتە پشتی دیوارەکانی کەنیساوە، کە ئیدی گوێمان لەیەکتر نییە. بەڵام بڕوانە؛ کە تۆیش، پێش هاتنی تاریکی، جێیەک، کونێک، بەرگێکی نوێ و یانیش، دارستانێکی تاریک پەیدا بکەیت. ئەگینا ئەگەر گوزەرانەکە خراپ بێت،



ڕەوانەی ئێرەت دەکەن. پیرە پیاو مەکەوە تاریکییەوە. چونکە ڕیگاکە زۆر سەرەولێژییە و پڕیشە لە نەخۆشی (ئەنفلۆنزا). بۆیە، خوداوەند لووتت بگرە. باشیش بخەوە، ئەی پیرە پیاو.... شەوباش......

خواوەند: بەرگێکی نوێ و یانیش دارستانێکی تاریک؟ ئەهـ منداڵە هەرە هەژارەکەم؟ لاوە خۆشەویستەکەم...؟

بێکمەن: بەڵێ، بڕۆ و شەوباش.

خواوەند: ئەی هەژاری، هەژارەکەم.........

*(بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت)*

بێکمەن: لەم ڕۆژگارەدا، پیرەکان ناخۆشترین گوزەرانیان هەیە. ئەویش لەبەرئەوەی کە ناتوانن، خۆیان لەتەک هەلومەرجی نوێدا بگونجێنن. ئێمە هەموومان لە دەرەوەین و خواوەندیش هەر لە دەرەوەیە. کە ئیدی کەسێک دەرگای لێ ناکاتەوە تەنیا مەرگ نەبێت. لە کۆتاییدا مەرگ دەرگایەکی کراوەی بۆ ئێمە هەیە. وا منیش بەڕێگەی ئەوێوەم.

ئەوی تر: تۆ نابێت چاوەڕێی ئەو دەرگایە بیت، کە مەرگ لێمانی دەکاتەوە. ژیان هەزار دەرگای هەیە. کێ بەڵێنت پێ دەدات کە لە پشت دەرگای مەرگەوە، لە هیچ زیاتر هەیە؟

بێکمەن: ئەی چی لە پشتی ئەو دەرگایانەوە هەیە کە ژیان لێمانی دەکاتەوە؟

ئەوی تر: ژیان، ژیان خۆی. وەرە و تۆ دەبێت بەردەوام بیت.

بێکمەن: بەڵێ، سییەکانم خیزەیان دێت. ئەرێ ئەوە چییە وا خیزەی

دێت؟ گوێ بگرە: خخ...خخ...خخ.... ئەوە چییە؟

ئەوی تر: ئەوە گسکی کەناسێکە لەوێکانەدا. هۆ لەوێکانەوە کەناسێک دێت. ئەوەتا بەلاماندا دێت. کە گسکەکەی لە زەوی دەخشێت، وەک (سی)یەکانی نەخۆشێکی ڕەبۆ، خیزەی دێت. ئەوە سییەکانت نین کە خیزەیان دێت. گوێت لێیە؟ ئەوە گسکە. گوێ بگرە، خخ...خخ...خخ...

بێکمەن: گسکی کەناسەکە، هەروەک سییەکانی قورگ گیراوێکی پڕ لە بەڵغەم، خخ...خخ، دەکات. دوو هێڵی سووریش بەملاولای پانتۆڵەکەیەوەن. خۆ ئەوە ژەنەڕاڵێکی کەناسە؟ ژەنەڕاڵێکی کەناسی ئەڵمانی گسک دەدات و سیی مردووەکانیشە وا خخ... خخ دەکەن. هۆ کەناس...!

کەناس: من کەناس نیم!

بێکمەن: تۆ کەناس نیت؟ ئەی تۆ چیت؟

کەناس: من کارمەندێکی فەرمانگەی ناشتن و تێدابردنی زبڵم.

بێکمەن: یانیش مەرگیت و لە شێوەی کەناسدا دەسوورێیتەوە؟

کەناس: دوێنێ وەک ژەنەڕاڵ و ئەمڕۆیش وەک کەناس. نابێت مەرگ هەڵبژێردرێت. چونکە مەرگ لە هەر جێیەک هەیە. دوێنێ لە مەیدانی شەڕو ئەمڕۆکەیش سەر شەقامەکان. لەوێدا ژەنەڕاڵ مەرگ بوو و ئاوازی کسیلۆفۆنش، مۆسیقای بەڕێکردن. وا ئەمڕۆکە لەسەر شەقام پاڵکەوتوون و گسکی مەرگیش، خخ... خخ... دەکات...

بێکمەن: گسکی مەرگیش، خخ... خخ... دەکات. لە ژەنەڕاڵەوە بۆ



کەناسی. ئایا مردووەکان بەکۆمەڵ ڕەوانەی خوارەوە دەکرێن؟

کەناس: بۆ خوارەوە، بۆ خوارەوە. ئەویش بێ سڵاوی سەربازی. بێ باس لە مردن. بێ خوێندنی دوعای مردوو. بێ پەیکەری بیرەوەریش. ئەوان بۆ خوارەوە و گسکیش هەر خخ... خخ... دەکات.

بێکمەن: دەبێت درێژی پێ بدەیت. دە لێرە بمێنەوە ئەی مەرگ. مەرگ؟ منیش لەگەڵ خۆتدا ببە. ئەگینا تۆ من لەبیر دەکەیت، مەرگ!

کەناس: کەسێک لەبیر ناکەم. کسیلۆفۆنەکەم ئاوازی (کۆنە هەڤاڵ) دەژەنێت و گسکەکەیشم، خخ... خخ... دەکات. کەسێک لە بیر ناکەم.

بێکمەن: مەرگ؟ مەرگ؟ دەرگاکەم لێ بکەرەوە. دەرگاکەم لێ دامەخە، مەرگ.

کەناس: دەرگاکەم هەمیشە کراوەیە. بەیانیان و پاشنیوەڕوان و شەوانیش. بەڕووناکی و لە تەمیشدا. دەرگاکەم هەمیشە کراوەیە. هەمیشە و لە هەموو جێیەک و گسکەکەیشم، خخ... خخ... دەکات...

(خخ... خخ... هەردەم نزمتر دەبێتەوە و مەرگ *هەڵدەکشێت*)

بێکمەن: خخ... خخ... گوێت لێیە کە چۆن سییەکانم، وەک گسکی کەناسێک خیزەیان دێت؟ کەناسەکەیش کە ناوی مەرگە، دەرگاکە بە کراوەیی جێ دەهێڵێت. گسکەکەی هەروەک سییەکانی من دەکات. یانیش وەک باندۆڵی کاتژمێرێکی کۆن. خخ...خخ....

ئەوی تر: بێکمەن، لە خەو ڕابە و هێشتاکە کات هەیە. وەرە و هەناسە بدە. بەتەندروستی باشتەوە، هەناسە بدە.

بێکمەن: بەڵام سییەکانم وەها دەکەن...

ئەوی تر: سییەکانت وەها ناکەن، بێکمەن. ئەوە گسکی کارمەندێکی میرییە.

بێکمەن: گسکی کارمەندێکی میری؟

ئەوی تر: بەڵێ. لە مێژیشە کە ڕۆیشتووە. هەڵسە و وەرە هەناسە بدە. ژیان بەهەزاران گڵۆپی دارتێل و هەزاران دەرگاوە، لە چاوەڕێی تۆ دایە.

بێکمەن: دەرگایەک. تەنیا دەرگایەک بەسە. وتیشی کە بەکراوەیی بۆمی جێ دەهێڵێت. بۆ هەمیشە و هەموو کاتێک، تەنیا دەرگایەک...

ئەوی تر: ڕابە، تۆ خەونێکی خۆکوژی دەبینیت. بەو خەونە دەمریت. ڕابە و بەئاگا بەرەوە.

بێکمەن: نەخێر، بەڕاکشاوی دەمێنمەوە. ئالێرەکانە و لەبەر ئەم دەرگایەدا. وتیشی کە دەرگاکە کراوە دەبێت. ئالێرەدا پاڵدەکەوم. من دەبێت هەڵسم؟ نەخێر. هەی لە تۆ هەی. وا تازە خەونی خۆش دەبینم. خەونێکی هەر زۆر خۆش. خەون دەبینم. خەون دەبینم کە هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتووە. کەناسێکیش بەم ناوەدا هات و خۆی ناونابوو مەرگ. گسکەکەیشی وەک سیی و بەڕادەی مردن خیزەی دەهات. ئەو بەڵێنی دەرگایەکی پێ دام. دەرگایەکی کراوە. دەشبێت کە



کەناسەکان میهرەبان بن. میهرەبان هەروەک مەرگ خۆی. بەڵێ، وەها کەناسێک بێرەدا تێ پەڕی...

ئەوی تر: تۆ خەون دەبینیت، بێکمەن. خەونێکی خراپ. بەئاگا بەرەوە و بژی....

بێکمەن: بژیم؟ ئەوەتا کە من لەسەر شەقام ڕاکشاوم و هەموو شتێکیش کۆتایی پێ هاتووە؟ بێگومان کە منیش مردووم. منیش مردووم و هەموو شتێک کۆتایی پێهاتووە. مردوو........

ئەوی تر: بێکمەن، بێکمەن، تۆ دەبێت بژیت. هەمووانیش دەژین. لەپاڵتا، لای چەپ، لای ڕاست.لە پشتەوە و هی ترو... ئەی تۆ؟ تۆ لە کوێیت؟ بێکمەن بژی، چونکە ئەوانی تریش دەژین...

بێکمەن: ئەوانی تر کێن؟ فەرماندە؟ بەڕێوەبەر؟ خانمی کرامەر؟ ژیان لەتەک ئەواندا؟ ئۆف چەند جوان مردووم. ئەوانی تر زۆر دوورن و ناشمەوێت بیانبینمەوە. ئەوانی تر بکوژن...

ئەوی تر: بێکمەن، تۆ درۆ دەکەیت.

بێکمەن: من درۆ دەکەم؟ ئەوان خراپ نین و باشن؟

ئەوی تر: تۆ مرۆڤ ناناسیت. ئەوان باشن.

بێکمەن: ئۆوو، ئەوان باشن؟ لە زۆر باشییانەوە منیان کوشت و تا ڕادەی مردنیش پێکەنین. ڕاویان کردم و خستمیانە بەر دەرگا. ئەمە هەمووی لە باشی مرۆڤەوەیە؟ ئەوان هەتا قووڵاییی خەونەکانیان ئینکارن. بەڵێ هەتا قووڵاییی خەونەکانیان. ئەوان بەپێکەنین و گۆرانی وتن و جووین و هەرسکردن و خەوتنیشەوە، بەلای لاشەکەمدا تێ پەڕین. گوایە مردنەکەم هەر هیچ نییە.

ئەوی تر: بێکمەن، تۆ درۆ دەکەیت.

بێکمەن: نەخێر وەهایە، بەڵێ بێژ. خەڵکی بەلای لاشەکەمدا ڕادەبوورن، چونکە لاشە، ناحەز و نیگەرانکەرە.

ئەوی تر: خەڵکی بەلای مردنەکەتدا ڕانابوورن، بێکمەن. چونکە خەڵکی دڵیان هەیە و پرسەی مردنەکەیش دەگرن. خۆ لاشەکەیشت لەمێژە شەوانە، لەسەر ڕێگەکەیانە. ئەگەریش خۆیان بخوازن، خەویان لێ دەکەوێت. لێ، ئەوان هەروا بەلاتا گوزەر ناکەن.

بێکمەن: بەڵێ وایە، بەڵێ بێژ. وەهایش دەکەن. چونکە لاشە ناحەز و ناشیرینە، بۆیە لووتی خۆیان دەگرن، چاوانیان دەنووقێنن و خێرایش تێ دەپەڕن....

ئەوی تر: ئەوان وەسا ناکەن. بەڵکووم هەمووو مردنێک دڵیان دەگوشێت!

بێکمەن: ئاگاداربە، وا دەبینیت کە یەکێک دێت. ئەوە ناسیتەوە؟ ئەوە فەرماندەیە کە دەیویست بە بەرگە نوێکەی خۆی، من بکاتە مرۆڤێکی نوێ. جەنابی فەرماندە؟ جەنابی فەرماندە؟

فەرماندە: ئۆوو، ئۆوو، چ مەسخەرەبازییەکە. هەمدیسان وەک ڕابردوو سواڵکەر هەیە.

بێکمەن: هەر وەهایە جەنابی فەرماندە. هەموو شتێک وەک پێشووە. تەنانەت سواڵکەرەکانیش هەر لە هەمان دەستە و چینن. بەڵام جەنابی فەرماندە، من سواڵکەر نیم. نەخێر. من لاشەیەکی ئاویم. من هەڵهاتووم، جەنابی فەرماندە. چونکە سەربازێکی هەر زۆر ماندوو بووم، جەنابی فەرماندە. من دوێنێ ناوم



جێگری ئەفسەر بێکمەن بوو، جەنابی فەرماندە. خۆ لە بیرتانە؟ بێکمەنی کە تۆزێک نەرمۆکە بوو. وانییە جەنابی فەرماندە؟ خۆ لە بیرتانە؟ ئیدی سبەینێ ئێوارەیش مێشک پووت و لاڵ دەکەومە ڕۆخی گۆمی (بلانک)وە. جا چەندە ناحەز و ناشیرین، جەنابی فەرماندە؟ ئەوجا منیش دەکەومە سەر ژمارەی حیسابەکەتان، جەنابی فەرماندە؟ ناحەزە، نا؟ دووهەزار و یازدەو زائید بێکمەن. ئەوا دەکاتە دوو هەزار و دوازدە. دوو هەزار و دوزادە خێوی شەوان. ئۆهوو!

فەرماندە: ئۆهۆی، کوڕە من تۆ هەر ناس ناکەم. هەرگیز هیچم لە بێکمەنێکەوە نەبیستووە. چ پلەیەکی ڕاژەتان هەبوو؟

بێکمەن: بەڵام جەنابی فەرماندە، جەنابی فەرماندە، خۆ دەبێت کۆتایی کوشتن وەبیری خۆتان بێننەوە. ئەو کەسەی کە بەچاویلکە گازماسکەکە و مۆدێلی قژی هەروەک سزادراوەکان و لاقێکی بەگیر وەستاوەوە، جێگری ئەفسەر بێکمەن، جەنابی فەرماندە...

فەرماندە: ئێ تەواوە. دەزانیت کە ئەو جۆرە پلەی خزمەتانە، لەلایەن بانکیشەوە هەر جێی گومانن؟ بێ باوەڕو بۆڵەکەرەکان و نارازییەکان و دژەشەڕەکان و لاشە پووف هەڵدراوەکان. ئێوە، خۆتان خنکاند. بەڵێ. یەکێک بوون لەوانەی کە لە جەنگدا، بڕێک بوونە وەحشی و نامرۆڤ. ئەویش، بێ هیچ باشییەکی سەربازی و یانیش سەرنجی ناشیرین و شتی لەو بابەتە...

بێکمەن: بەڵێ. نەخێر وەها نییە، جەنابی فەرماندە. سەرنجی ناشیرینی ئەو هەموو لاشە ئاوییە پووفدراو و سپی هەڵگەڕاو و

نەرمانە، کە جەنابیشتان بکوژەکەن، جەنابی فەرماندە. جەنابتان. ئایا جەنابتان تەحەمولی بکوژی دەکەن، جەنابی فەرماندە؟ ئەی وەک بکوژێک هەست بە چی دەکەن، جەنابی فەرماندە؟

فەرماندە: جا بۆچی من؟ تکایە؟

بێکمەن: بەڵێ. جەنابی فەرماندە. جەنابتان بەمردنەکەم پێکەنینتان هات. پێکەنینەکەتان لە هەموو مردنەکانی دنیا زاڵمانەتر بوو، جەنابی فەرماندە. جەنابتان تا ڕادەی مردن پێم پێکەنین، جەنابی فەرماندە.

فەرماندە: (وەک *بێ ئاگایەک*) ئاوا؟ دەی با وابێت. خۆ هەندێک لەوان بێ شک قابیلی کردنە بەر سەگ بوون. کەواتە، ئێوارەتان باش!

بێکمەن: شەوێکی بێدەنگی خۆش، جەنابی فەرماندە. زۆریش سپاس بۆ بەسەرکردنەوەکەم. بەڵێ بێژ؟ هاوەڵی مرۆڤ، خۆ گوێت لێ بوو؟ بەسەرکردنەوەی سەربازێکی خنکاو! مرۆڤێک لە بری مرۆڤێکی دی!

ئەوی تر: تۆ خەون دەبینیت، بێکمەن. تۆ خەون دەبینیت. مرۆڤ باشن!

بێکمەن: وەی لە تۆی گەرموگوڕ و گەشبین. ئەرێ دەنگت تێداچووە؟ بەڵێ، مرۆڤەکان باشن. بەڵام جارجارە، ڕۆژانێک هەیە، کە مرۆڤ تەنیا بەرەو ڕووی ئەو چەند خراپانە دەبێتەوە کە هەن. بەڵام مرۆڤیش هێندە خراپ نین. ئەوە من هەر خەون دەبینم. بۆیە نامەوێت نایەکسان بم. مرۆڤەکان باشن، بەڵام زۆر لەیەک جیاوازن. بەڕادەی باوەڕنەکردن جیاوازییان تێدایە. مرۆڤێک فەرماندەیە، بەڵام لە هەمان ساتیشدا، یەکێکی تر پلەیەکی



خوارتری هەیە. فەرماندە تێرە، تەندروستیشی باشە و پانتۆڵێکی خوریشی لەبەر دایە. ئێوارانیش، پێخەفێک و ژنێکیشی هەیە.

ئەوی تر: بێکمەن، ئیدی خەن مەبینە! هەڵسە و بژی! تۆ خەونەکان بەپێچەوانەوە دەبینیت.

بێکمەن: ئەی ئەوەی کە برسێتی دەچێژێت؟ هەنگڵەشەلێیەتی؟ تەنانەت کراسێکیشی نییە؟ ئێوارانیش لە بریتی پێخەف، کورسیە کۆنێکی هەیە. زیقەی ڕەبۆ ئاسایی جرجەکانیش لە ژێرخانەکەیدا، لە بری هەناسە و چرپەی ژنەکەیین؟ نەخێر مرۆڤەکان باشن. بەڵام ئەوان تەنیا جۆراوجۆرن. هەر تەواو لێک جیا.

ئەوی تر: مرۆڤەکان باشن. بەڵام ئەوان تەنیا بێ ئاگان. هەمیشە بێ ئاگا. بەڵام دڵەکانیان، لە دڵەکانیان بڕوانە، دڵەکانیان باشە. تەنیا ژیان نایەڵێت کە ئەوان دڵەکانیان پیشان بدەن و دەربخەن. بەڵام لە ناخەوە هەر هەموویان باشن.

بێکمەن: بەڵێ، لە ناخەوە. بەڵام ئەو ناخە جارجارە هێندە قووڵە کە باس ناکرێت. بەڵێ، لە بناغەوە هەموو باشن، بەڵام وەک وترا، جیاوازییان هەیە. یەکێک سپییە و یەکێکی تر بۆر. یەکێک دەرپێی هەیە و یەکێکی تر نییەتی. جا ئەو بۆرەی بێ دەرپێی ژێرەوەیە، منم. بەختی ڕەشی بوو، بێکمەنی لاشە ئاوی. بێکمەنی جێگری ئەفسەر. بێکمەنی هاومرۆڤ!

ئەوی تر: بێکمەن تۆ خەون دەبینیت و بەئاگا بەرەوە. بژی! بڕوانە کە مرۆڤ باشن!

بێکمەن: بەڵام ئەوان بەلای لاشەکەمدا دەڕۆن. دەچوون و پێدەکەنن و تف دەکەنەوە هەرس دەکەن. ئاوەها بەلای لاشەکەمدا ڕادەبوورن. ئەو باشی باشانە!

ئەوی تر: بەئاگا بەرەوە هەی خەواڵوو! بێکمەن، تۆ خەونێکی خراپ دەبینیت، لە خەو ڕابە!

بێکمەن: ئۆو بەڵێ. من خەونێکی بەردەوامی خراپ دەبینم. ئەوەتا. ئەوەتا بەڕێوەبەری کابارێت لەوێوە دێت. هەی بەڵێ بێژ، گفتوگۆیەکی لەتەکدا بکەم؟

ئەوی تر: بێکمەن وەرە و بژی. شەقامەکە پڕە لە گڵۆپی سەر جادە. هەمووان دەژین و تۆیش لەگەڵیاندا بژی!

بێکمەن: دەبێت منیش لەگەڵدا بژیم؟ لە تەک کێدا؟ لە تەک فەرماندەدا؟ نەخێر!

ئەوی تر: لەتەک ئەوانی تردا، بێکمەن. لەتەک ئەوانی تردا بژی!

بێکمەن: لەگەڵ بەڕێوەبەریشدا؟

ئەوی تر: لەتەک ئەویشدا و لەتەک هەمووواندا!

بێکمەن: باشە. لەگەڵ بەڕێوەبەریشدا. سڵاو جەنابی بەڕێوەبەر!

بەڕێوەبەر: چی؟ بەڵێ؟ چییە؟

بێکمەن: من دەناسن؟

بەڕێوەبەر: نەخێر. ئا بەڵێ، چاوەڕێ بە. چاویلکەی گازماسک، مۆدێلی قژی ڕووسی و پاڵتۆی سەربازی. بەڵێ دەستپێکەری جیابووەوەی خێزانیش! ئەرێ ناوتان چی بوو؟

بێکمەن: بێکمەن.



بەڕێوەبەر: تەواوە، ئێ، ئیدی؟

بێکمەن: جەنابی بەڕێوەبەر، ئێوە منتان کوشت...

بەڕێوەبەر: بەڵام، ئەی خۆشەویستەکەم...

بێکمەن: هەوەهایە. چونکە جەنابتان نابوێر بوون. چونکە جەنابتان ناپاکیتان لە بەرامبەر ڕاستیدا کرد. ئێوە منتان بەرەو (ئێلبە)ی تەڕ بەڕێ کرد. لەبەرئەوەی کە جەنابتان دەرفەتتان بەدەستپێک نەدا، دەست پێ بکات. من برسیم بوو و دەمویست کار بکەم. بەڵام دەرگاکەتان لەسەرم داخست. جەنابی بەڕێوەبەر، ئێوە منتان بەرەو ئێلبە پاڵ پێوەنا!

بەڕێوەبەر: دەبێت لاوێکی هەست ناسک بووبێتن. خۆ خستنە ئێلبەو تەڕییەوە...

بێکمەن: لە ئێلبەی تەڕدا، جەنابی بەڕێوەبەر. ئیدی منیش لەوێکانەدا، لێ گەڕام هەتا پڕلە ئاوی ئێلبە بووم و تێر بووم. هەر بۆ ئەوەی جارێک تێر بم، جەنابی بەڕێوەبەر. جارێک تێربم و ئیدی بمرم، جەنابی بەڕێوەبەر. تراگیش؟ نا؟ ئەرێ نابێتە هەوێنی ئاوازێکت؟ ئاوازی سەردەم: مردن لە پێناوی یەکجار تێربووندا!

بەڕێوەبەر: (*بەهەستەوە، بەڵام زۆر ڕووکەش*) ئەوە زۆر کارگەرە. ئێوە یەکێک لەوانە بوون، کەمێک هەست ناسک بوون. ئەوەیش پێویستی ئەمڕۆکە نییە. ئێوە هەر تەواو عەوداڵی ڕاستی بوون. تۆی پەڕگری بچکۆلانە! بەخوێندنەکەت سەرشۆڕی بینەرانت دەکردم.

بێکمەن: هەر بۆیەش کە دەرگاکەت بەڕوومدا داخست، جەنابی

بەڕێوەبەر. ئیدی لە خواریشەوە (ئێلبە) بوو.

بەڕێوەبەر: بەڵێ، لە ئێلبەدا و خنکان، تەواو. ئەی مالۆسی هەژار. ژیان بەژێریەوە کردوویت. زەختی لێ کراوە و لوول دراوە. بەڵێ. جارێک تێر بیت و بۆی بمریت. جا ئەگەر ئێمە هەموومان ئاوەها هەست ناسک بووینایە!

بێکمەن: بەڵام وەها نین، جەنابی بەڕێوەبەر! هێندەیش هەست ناسک نین...!

بەڕێوەبەر: نەبەخوا وەها نییە. نەخێر. ئێوە یەکێک لەو ملیۆنانە بوون کە دەبوایە بەشەلەشەل بەژیاندا گوزەری بکردبایە، بەوەی خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر بکەوتایە. جا کەوتنە ناو (ئێلبە، شپرێ و تێمزێ) و هەر جێیەکی تر بێت جیاوازی نەبوو. ئەگینا ئارامتان نەدەگرت...

بێکمەن: ئینجا جەنابیشتان شەقێکتان تێ هەڵدام، هەتا تێی کەوم.

بەڕێوەبەر: بێ مانا! کێ وا دەڵێت؟ ئێوە بڕیاری دەوری تراژێدیتان بۆ خۆتان دابوو. بەڵام بابەتەکە هەر زۆر نایاب و داستانی دەستپێکەرێک: لاشەیەکی ئاوی بەچاویلکەیەکی گازماسکەوە. زۆر جێی داخە کە بینەران نایانەوێت وەها شتێک تەماشا بکەن، جێی داخە...! *(لە چاو بزر دەبێت)*

بێکمەن: شەوێکی ئارامتان بۆ دەخوازم، جەنابی بەڕێوەبەر! گوێت لێ بوو؟ جا دەبێت لەتەک جەنابی فەرماندە و بەڕێوەبەردا، درێژە بەژیان بدەم؟

ئەوی تر: تۆ خەون دەبینیت، بێکمەن. لەخەو ڕابە.



بێکمەن: خەون دەبینم؟ هەر هەموو شتەکان بەهۆی ئەم چاویلکەی گازماسکەوە، بە شێواوی دەبینم؟ ئەمانە هەموویان بووکەپەڕۆینە -ماریۆنێت- ن؟ مرۆڤی خواروخێچ و دروستکراو؟ گوێت لەو بڕیارە بوو کە کوژەرەکەم دای؟ کۆتایی قسەکانی دەستپێکەرێک: هەروەها یەکێک لەوان. بۆیە دەبێت لە ژیاندا بمێنمەوە؟ بەردەوام و شەلەشەل، بەلای ئەوانی تردا، بەسەر شەقامەکاندا بسووڕێمەوە؟ هەر هەموویان خاوەنی هەمان کەمتەرخەمی قێزەونن لە هەمبەر خەڵکانی تردا. هەر هەمووشیان هێندە زۆر قسە دەکەن، ئەگەر مرۆڤ تەنیا تکای بەڵێیەکیان لێ بکات. ئیدی دەبنە دەبەنگ و لاڵ. لێ، نابوێریشن. ئەوان خیانەتیان لە ئێمە کردووە. خیانەتێکی ترسناک. ئێمە کە زۆر منداڵ بووین، ئەوان دەستیان بەجەنگ کرد. کە گەورەیش بووین، بەحەز و شەقەوە باسی جەنگیان دەکرد. هەمیشەیش بەجەنگ سەرسووڕماو بوون. ئەوجا کە ئێمە گەورەتر بووین، بیریان لە جەنگێکیش بۆ ئێمە کردەوە و ئێمەیان بۆ جەنگەکە ڕەوانە کرد. ئەوان پێی سەرسام بوون. کەسیش بەئێمەی نەگوت، ئەرێ ئێمە بۆکوێ دەچین؟ کەسێک بەئێمەی نەگوت، کە ئێوە دەچنە دۆزەخ. بەڵێ، کەسێک نەیوت. ڕەویان پێکهێنا و مارشی سەربازییان لێدا. سروودی پاڵەوانێتی و خەڵاتی خوێن. ئاوەها سەرسام بوون. کە ئیدی جەنگ هەڵگیرسێنرا، ئێمەیان بۆ ئەوێکانە ڕەوانە کرد. لەوەیش زیاتریان پێ نەوتین: هەموو شتێک باش بێت، لاڤۆ. تەنیا پێیان وتین: هەر شت باش بێت لاوەکان. ئاوەها ناپاکییان لەگەڵدا

کردین. ناپاکییەکی ترسناک. ئێستاکەیش، وەک: جەنابی ڕاوێژکاری خوێندن. جەنابی بەڕێوەبەر. جەنابی ڕاوێژکاری دادگا. جەنابی بەڕێوبەری پزیشکان. لەو دیوی دەرگاکانیانەوە دانیشتوون. ئێستاکە دەڵێن، کەسێک ئێمەی بۆ ئەوێ نەناردووە. نەخێر، کەسێک. هەر هەموویان نهاکە لە پشتی دەرگاکانیانەوە دادەنیشن. دەرگاکانیشیان قایم داخراوە و ئێمەیش لە دەرەوە وەستاوین. لە بان کورسی وانەبێژی و قەنەفەکانیانەوە، بە ئەنگوست ئاماژە بەئێمە دەکەن. ئاوەها ناپاکییان لە هەمبەر ئێمەدا کرد. ئاوەها ناپاکییەکی تۆقێنەر. ئێستاکەیش هەر زۆر بەسانایی، بەلای کوژراوەکانیاندا تێ دەپەڕن. زۆر بە سانایی تێ دەپەڕن. بە سانایی بەلای کوژراوەکانیاندا تێ دەپەڕن.

ئەوی تر: ئەوان تێ ناپەڕن، بێکمەن. تۆ زیادەبێژی دەکەیت و خەون دەبینیت. بڕوانە دڵ، بێکمەن. ئەوانیش دڵێکیان هەیە! ئەوان باشن!

بێکمەن: بەڵام خانمی کرامەر، بەلای لاشەکەمدا ڕادەبوورێت.

ئەوی تر: نەخێر. ئەویش هەر دڵێکی هەیە!

بێکمەن: خانمی کرامەر!؟

خانمی کرامەر: بەڵێ.

بێکمەن: دڵێکتان هەیە؟ خانمی کرامەر؟ ئەو ساتەی کە منتان کوشت، دڵتان لە کوێدا بوو؟ بەڵێ، خانمی کرامەر، جەنابتان کوڕی بێکمەنی پیرتان کوشت. ئەی دایک و باببیشیتان، تێدا نەبرد؟



چۆن؟ بەڕاستی؟ خانمی کرامەر؟ تەنیا تۆزێک هاوکاری مردنەکانیانت کردووە؟ بەڵێ؟ بڕێک ژیانت ترش و خوێ کردن؟ وانییە؟ ئەوجا کوڕەکەیانت بەرەو ئێلبە هەڵفڕاند؟ بەڵام ئەی دڵت، خانمی کرامەر، دڵت چی دەڵێت؟

خانمی کرامەر: بەم چاویلکە ناحەزەوە خۆتان فڕێداوەتە (ئێلبە)وە؟ هەرگیز بیرناکەمەوە شتی وەها بووبێت. زۆر مەراقی دێیتە بەر چاوانم، بچکۆلە. کوڕۆلکەی هەژار خۆی فڕێدەداتە ئێلبەوە!

بێکمەن: چونکە جەنابتان لە دڵەوە و بەدڵسۆزی، باسی کۆتایی ژیانی دایکم و باوکمتان بۆ کردم. دەرگاکەتان بۆ ئەوان کۆتایی بوو. لێشدەگەڕێیت کە لە دەرەوە بمێنمەوە. ئەگەرچی من هەزار ڕۆژ و هەزار شەوی سیبیریا، بەهیوای بینینەوەی ئەم دەرگایەوە بووم. جەنابتانیش کەمۆکەیەک لە کوشتنەکەدا هاوکاریتان کردووە، مەگەر وەها نییە؟

خانمی کرامەر: (ڕەپ خۆی گرتووە *هەتا نەگری*) هەندێک فیگور هەن، هەرچۆنێک بکەن، هەر بەدشانسن. ئەوان کەسانێک بوون لەوانە. سیبیریا، بەلۆعەی گاز، ئۆهڵسدۆرف، بڕێک کارم لێ دەکات. دەچەقێتە دڵەوە. بەڵام مرۆڤ بەکوێ دەگات، ئەگەر بۆ هەر کەسێک بگریت! لاڤۆک، ئەوان زۆر خەمبار و ڕەشبین دەبینران. خۆ ناشێت بکەوینە ژێر کارگەری وەها کوڕۆڵەیەکەوە. ئەگینا ئەو تۆزە کەرەیەشمان لێ خراپ دەبێت کە مرۆڤ بۆ نان چەورکردن هەیەتی. هەروەک ئەوەی بیکەیتە ئاوەڕۆوە. بەڵێ، مرۆڤ شتی بەسەردا دێت. هەر ڕۆژەیشی یەکێکی تری لێ ڕوودەدات.

بێکمەن: بەڵێ، بەڵێ، بەبێوەی بژیت، خانمی کرامەر! ئەوی تر گوێت لێ بوو؟ خەمخۆری لە دڵەوەی ژنێکی پیر بۆ لاوێک. گوێت لێ بوو؟ هەی بێدەنگی بەڵێ بێژ؟

ئەوی تر: بێکمەن، بەئاگابەوە....

بێکمەن: ئەرێ تۆ یەهوو، بەنزمی قسە دەکەیت. هەر لە ناکاو زۆر دوور کەوتیتەوە...

ئەوی تر: بێکمەن، تۆ خەونێکی کوژەر دەبینیت. ڕابە و بژی! خۆت هێند بەگرنگ مەگرە. چونکە هەموو ڕۆژێک خەڵک دەمرن. ئایا دەبێت کە ئەزەلی پڕ بێت لە هاواری خەمناکی؟ بژی و نان و کەرەکەت بخۆ. بژی! ژیان هەزار سەری هەیە و پەلامار بدە. هەڵسە و پەلامار بدە!

بێکمەن: بەڵێ. من هەڵدەستم. هۆ لەوێکانەوە ژنەکەم دێت. ژنەکەم باشە. ئەویش هاوەڵەکەی لەتەک خۆیدا دێنێت. بەڵام ژنەکەم، جارانیش هەر باش بوو. ئەی بۆچیش کە سێ ساڵان لە سیبیریادا مامەوە؟ چونکە دەزانم کە ئەویش سێ ساڵان چاوەڕێی کرد. ئەو هەمیشە لەگەڵ مندا باش بوو. سووچی منە. بەڵام ئەو باش بوو. جا ئایا ئەو ئەمڕۆکە هەر باشە؟

ئەوی تر: هەوڵ بدە کە بژیت!

بێکمەن: ئاخ لە تۆ. مەتۆقێ و منم. من پیاوەکەتم، بێکمەن. سەیرم بکە. دەڵێم: ژنەکەم، من ژیانی خۆمم کۆتایی پێ هێنا. تۆیش دەبووایە ئەوەت لەتەک ئەوی تردا نەکردبایە! خۆ من هەر تۆم هەبوویت. گوێم لێ ناگریت! بەڵێ، دەزانم کە دەبووایە زۆر



چاوەڕێ بکەیت! بەڵام خەمباریش مەبە، چونکە من گوزەرانم باشە، من مردووم. چونکە بەبێ تۆ، ئیدی نەمدەویست، لێم بڕوانە! دەی لێم بڕوانە...(*ژنەکەی قۆڵی لە قۆڵی دۆستەکەی دایە. بێ ئەوەی کە گوێی لە بێکمەن بێت، بەهێواشی تێ دەپەڕێت.*)... ئەرێ خۆ تۆ هاوسەرم بوویت! لێم بڕوانە. تۆ منت کوشت! بۆیە دەتوانیت کە جارێکی دیش لێم بڕوانیت! تۆ هیچ گوێت لە من نییە!؟ تۆ منت کوشت و کەچی نهاکەیش، هەروا بێ پەروا ڕادەبووریت! باشە بۆچ گوێت لێم نییە؟ (*ژنەکە لە تەک دۆستەکەیدا تێ پەڕین*) . بەڵێ، گوێی لێمەوە نەبوو! ئەو ئیدی من ناس ناکات! ئەرێ من هێندە لەمێژە مردووم، کە ئیدی ئەو منی لەبیر کردبێت! خۆ من وا ڕۆژێکە مردووم! ئاوا، مرۆڤەکان ئاوەها باشن! ئەی تۆ؟ بەڵێ بێژی هوراکەری وەڵامدەر؟ تۆیش هیچ ناڵێیت؟ تۆیش هێندە دوور وەستاویت! بۆیە لە سیبیریاوە گەڕاومەتەوە، کە درێژە بەژیان بدەم؟ تۆ، تۆیش دەڵێیت کە دەبێت درێژە بەژیان بدەم؟ هەر هەموو دەرگاکانی لای چەپ و ڕاستی شەقامەکە، داخراون! هەر هەموو گڵۆپی عامودەکان کوژاونەتەوە! هەموویان. مرۆڤیش بۆیە دەتوانێت بەرەو پێش بچێت، چونکە تێی دەکەوێت! جا تۆیش دەڵێیت کە دەبێت هەمدیسان تێی بکەومەوە؟ هیچ ڕووداوێکت نییە کە بەئەنجامی بگەیەنم؟ هەی بێدەنگ، هێندە خۆت دوور مەخەرەوە. ئەرێ گڵۆپێکت هەیە بۆ من، لە تاریکیدا؟ دەی قسە بکە. خۆ تۆ هەمیشە شتی زۆر دەزانیت!!

ئەوی تر: ئەوا کچەکە دێت. ئەو کچەی تۆی لە ئاوی ئێلبە دەرکێشایە دەرەوە. گەرمی کردیتەوە. ئەو کچەی کە مێشکە پووتەکەت

دەبووایە ماچی بکات. ئەو بەلای مردنەکەتدا ڕانابووریت و هەموو جێیەک لە دوات گەڕا.

بێکمەن: نەخێر، ئەو لە دوای من نەگەڕاوە! هیچ مرۆڤێک بەدوای مندا نەگەڕاوە! بۆیەش ئیدی نامەوێت کە وەها باوەڕ بکەم. ئیتر ناکەومە بەر سەرنجەوە، بۆیە کەسێک لە دوای من ناگەڕێت، گوێت لێیە؟

ئەوی تر: ئەو کچە هەموو جێیەک لە دوای تۆ گەڕا!

بێکمەن: ئەی بەڵێ بێژ، بڕۆ لاچۆ، تۆ ئەشکەنجەم دەدەیت!

کچ: (*بێ ئەوەی ئەو ببینێت*) ماسی! ماسی! لە کوێیت؟ ماسییە بچکۆلە ساردەکە!

بێکمەن: من؟ من مردووم!

کچ: ئۆە، تۆ مردوویت؟ منیش دنیات بەشوێندا دەگەڕێم!

بێکمەن: بۆچ بە شوێنمدا دەگەڕێیت؟

کچ: بۆچ؟ لەبەرئەوەی تۆم خۆش دەوێت! هەی خێوی هەژار! کەچی وا مردوویت؟ من حەزم دەکرد کە ماچت بکەم، ماسی سارد!

بێکمەن: هەروا هەڵسم و ڕێکەوم؟ بەو هۆیەی کە کچ بانگم لێ دەکات؟ کچ؟

کچ: بەڵێ، ماسی!

بێکمەن: ئەی ئەگەر من نەمردمایە؟

کچ: ئەوجا پێکەوە دەچووینەوە بۆ ماڵەوە و بۆ لای من. دەی بۆ من زیندوو بە، ماسی بچکۆلەی سارد! دەی لەگەڵمدا وەرە، ئێمە دەمانەوێت کە زیندوو بین!



بێکمەن: بەڕاستی بەشوێنمدا گەڕایت؟ من دەبێت بژیم؟

کچ: هەمیشە. تۆ و تەنیا تۆ. هەر هەموو کاتەکەیش بۆ تۆ، ئاخ! خێوی هەژار، بۆچ مردوویت؟ ناتەوێت لەگەڵ مندا زیندوو بیت؟

بێکمەن: بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. لەگەڵتا دێم. دەخوازم لەتەک تۆدا زیندووبم!

کچ: ئۆف ماسییەکەم!

بێکمەن: من هەڵدەستم. تۆیش ئەو گڵۆپەی کە بۆ من لەوێکانەدا داگیرساوە! تەنیا بۆ من! دەشمانەوێت کە پێکەوە زیندوو بین. دەشمانەوێت کە بەسەر جادەی تاریکەوە، لەپاڵ یەکتریدا بڕۆین! وەرە... ئێمە دەخوازین کە پێکەوە زیندوو بین و تەواو لە پاڵ یەکدا بین...

کچ: بەڵێ. من تەنیا بۆ تۆ، لە جادەی تاریکدا دەسووتێم.

بێکمەن: دەڵێیت دەسووتێیت؟ ئەی ئەوە چییە؟ ئەرێ هەر تاریکتر دەبێت؟ دەی تۆ لە کوێیت؟

*(مرۆڤ هۆو لەو دوورەوە، گوێی لە دەنگی تاق تۆقی یەک لاقەوەیە)*

کچ: گوێت لێیە؟ کە کرمی مردوو لە دەرگا دەدات؟ من دەبێت بڕۆم، ماسی. دەبێت بڕۆم، ئەی خێوی هەژاری سارد.

بێکمەن: بۆ کوێ دەچیت؟ لێرە بە. لەپڕێکدا ئەم ناوە تاریک بوو! گڵۆپێک، گڵۆپێکی بچکۆلانە! ڕووناکییەک! ئەوە کێیە دەرگا دەکوتێت؟ کەسێک لە دەرگا دەدات! ئەوە کێ بوو کە بەتاق... تۆق...تاق... لە دەرگای دا؟ تاق... تۆق...تاق...تۆق...! هەتا بێت

نێزیکتر و بڵندتر، تاق... تۆق... تاق... تۆق... (دەشیرێنێت) ئەوەتا! (بەچرپەوە) زەبەلاحەکەیە! زەبەلاحە یەک لاقەکەی بەدار شەقەکانییەوە. تاق... تۆق... نێزیک دەبێتەوە! تاق... تۆق... ئەو بەرەو ڕووی من دێت. تاق... تۆق... تاق... تۆق...!! (هاوار دەکات)

یەک لاق: (*بەپوختی و وەک لە هەموو شت ئاگادار بێت*) بێکمەن؟

بێکمەن: (*بەهێواشی*) من لێرەم.

یەک لاق: (*بەپوختی و وەک لە هەموو شت ئاگادار بێت*) بێکمەن؟ هەڵساوی بە کوشتن، بێکمەن، کەچی هێشتاکە دەژیت؟

بێکمەن: من بەهیچ کوشتنێک هەڵنەساوم!

یەک لاق: بەڵێ، بێکمەن. ئێمە هەموو ڕۆژێک دەکوژرێین و کەسێکیش دەکوژین. هەر ڕۆژێکیش بەلای کوژراوێکدا ڕادەبوورین. وە تۆیش منت کوشت، بێکمەن. دەڵێیت لە بیرت چووەتەوە؟ بێکمەن، خۆ منیش سێ ساڵان لە سیبیریا بووم. دوێنێ ئێوارە دەمویست بۆماڵەوە بگەڕێمەوە. بەڵام جێگاکەم گیرابوو. بێکمەن تۆ لەوێکانە بوویت، لەناو جێگەکەمدا. بێکمەن، بۆیە منیش هەر دوێنێ ئێوارە بەرەو ئێلبە چووم. ئیدی بۆ کوێ بچوومایە؟ وانییە، بێکمەن؟ بەڵام، ئەی کە ئێلبە تەڕ و سارد بوو. بەڵام ئیدی خووم پێوە گرتووە، چونکەی ئیدی مردووم. بێکمەن، تۆ ئاوەها زوو لە بیرت کرد؟ مرۆڤ هەرگیز وەها خێرا، کوشتنێکی لە یاد ناچێت. چونکە هەر بەدواتەوەیە، بێکمەن. بەڵێ، منیش هەڵەیەکم کرد. دەبوایە بۆ ماڵەوە نەهاتمایەتەوە. چونکە لە ماڵەوە جێگە بۆ من نەبوو، بێکمەن. چونکە تۆ لێ بوویت! من شکاتیش لە تۆ ناکەم، بێکمەن، چونکە



هەر هەمووومان، هەموو ڕۆژێک و شەوێک کوشتن بەئەنجام دەگەیەنین! بەڵام خۆ نامانەوێت کە وەها خێرا، قوربانییەکانی خۆمانمان لە یاد بچێت؟ خۆ نامانەوێت کە بەلای کوژراوەکانماندا ڕابوورین؟ بەڵێ، بێکمەن، تۆ جێگەکەمت داگیر کرد. بەڵێ، تۆ لە کن ژنەکەم بوویت و لەسەر قەنەفەکەم. لای ژنەکەم کە سێ ساڵان، هەزار شەوانی سیبیریا، خەونم پێوە دەدی! پیاوێک لە ماڵەکەمدا بوو کە بەرگەکانی منی پۆشیبوو، بەرگەکانیش بە بەری زۆر گەورە بوون. بەڵام ئەو لەبەریدا بوو. ئەویش لە بەرگەکانمدا گەرم و کەیفساز بوو، لە کن ژنەکەم. ئەو پیاوەیش تۆ بوویت، بێکمەن، تۆ. بۆیە منیش خۆم بەرەو (ئێلبە) و بۆ ناو (ئێلبە) بەکێش کرد. بێکمەن، هەر زۆر سارد بوو، بەڵام مرۆڤ خووی پێوە دەگرێت. وا تازە ڕۆژێکە مردووم. تۆیش منت کوشت و کەچی لەبیریشت چووەتەوە؟ نا بێکمەن، نابێت لە یادت بچێت. مرۆڤ نابێت کوژراوەکەی لە یاد بکات. تەنیا خراپەکان وەها کارێک دەکەن. خۆ تۆ منت لە بیر ناچێت، بێکمەن، وا نییە؟ دەبێت بەڵێنم بدەیتێ کە تۆ کوژراوەکەت لە یاد ناکەیت!

بێکمەن: من لە یادت ناکەم.

یەک لاق: ئەمەیش باشییە لە تۆوە، بێکمەن. ئیدی مرۆڤ دەتوانێت بەئارامی مردبێت. هیچ نەبێت کەسێک بیر لە من دەکاتەوە. هیچ نەبێت بکوژەکەم. هیچ نەبێت جارجارە و شەوانەیش، بێکمەن، شەوانە. ئیدی کە تۆ نەتوانیت بخەویت، ئەوا منیش دەتوانم بەئارامی مردبێتم..... (*بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت*)

بێکمەن: (*لە خەو بەئاگا دەبێتەوە*) تیق... تۆق... تیق... تۆق!!! من لە کوێم؟ ئەرێ خەونم دی؟ من نەمردووم؟ من هێشتاکە نەمردووم؟ تیق... تۆق... تیق... تۆق، بەناو هەموو ژیاندا، تیق... تۆق... بەناو مردندا، تیق... تۆق.... تیق.... تۆق! گوێت لێیە کرمی مردوو؟ ئەی من؟ من دەبێت بژیم؟ هەموو شەوێکیش کەسێک بەئاگاوە بەسەر جێگەکەمەوە دەبێت؟ کە هەنگاوەکانیم لە کۆڵ نابێتەوە؟ تیق... تۆق... تیق...تۆق... نەخێر!

ئەوە ژیانە. ئەوە مرۆڤێکە. مرۆڤەکەیش هاتووەتەوە بۆ ئەڵمانیا. مرۆڤەکەیش سەرمابردوو و ڕچیوە. مرۆڤەکە برسێتی دەچێژێت و هەنگڵەشەلێیەتی. مرۆڤێک بۆ ئەڵمانیا و بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام پێخەفەکەی گیراوە. دەرگایەک شەق دادەخرێت و ئیدی ئەو لە دەرەوەیە. پیاوێک دێتەوە بۆ ئەڵمانی و کچێک دەدۆزێتەوە. کچەکە مێردێکی هەیە. مێردێکی یەک لاق. کە بەردەوام خورتە و بۆڵەیەتی و ناوێک پاتە دەکاتەوە. ناوەکەیش (بێکمەن) ە. دەرگایەک شەق دادەخرێت و ئیدی ئەو لە دەرەوەیە. پیاوێک بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە. ئەو بەدوای مرۆڤدا دەگەڕێت. بەڵام فەرماندەیەک نیوە مردوو، پێی پێدەکەنێت. دەرگایەک شەق دادەخرێت و ئیدی ئەو لە دەرەوەیە. پیاوێک دێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە دووی کار وێڵە. بەڵام بەڕێوەبەرێک نابوێرە و دەرگاکە دادەخرێت. کە ئیدی هەمدیسان لە دەرەوەیە. پیاوێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە دوای دایک و بابی دەگەڕێت. کەچی ژنێکی بەساڵاچوو، خەم لە گاز دەخوات. کە ئیدی دەرگاکە دادەخرێتەوە و ئەو لە دەرەوەیە.



پیاوێک دێتەوە بۆ ئەڵمانیا. پاشانیش یەک لاق بەتیق... تۆق... تیق... دێت. یەک لاق دەڵێت: بێکمەن. هەر دەڵێت بێکمەن. ئەو بێکمەن هەڵدەمژێت. بێکمەن دەپرخێنێت ئاخوئۆفیشی هەر بێکمەنە. ئەو هاوار و جنێودان و تکاکانیشی هەر بێکمەنە. ئەو بەژیانی کوژەرەکەیدا گوزەر دەکات، تیق... تاق...تیق...تاق.... کوژەرەکەیشی منم. من؟ منی کوژراو. منێک کە کوژرابێت. من کوژەرم؟ کێ لەوەی دەمانپارێزێت کە نەبینە کوژەر؟ ئێمە هەموو ڕۆژێک دەکوژرێین و یەکێکیش دەکوژین! ئێمە هەموو ڕۆژێک بەلای کوژراوێکدا تێ دەپەڕین! ئیدی بێکمەنی کوژەر تەحەمول ناکات، چ بکوژرێت و یانیش ببێتە بکوژ. ئەو بەڕووی دنیادا هاوار دەکات: من دەمرم. ئینجا لە جێیەکی سەر شەقام پاڵ دەکەوێت. ئەو پیاوەی کە بۆ ئەڵمانیا هاتەوە، دەمرێت. لە ڕابردوودا، قنچکە جگەرە، توێکڵی پرتەقاڵ و کاغەز لەسەر شەقام بوون. بەڵام ئەمڕۆکە مرۆڤ. ئەوجا کەناسێک هۆ لەوێکانەوە دێت. کەناسێکی ئەڵمانی بەبەرگی سەربازییەوە، کە دوو هێڵی سووریش بەڕاست و چەپی پانتۆڵەکەوەیەتی، کە لە فەرمانگەی زبڵ و تێدابردنەوە نێردراوە. ئەو بێکمەنی کوژراو دەدۆزێتەوە. کە لە برسا و لە سەرمادا، لەوێکانەدا کەوتووە و بەجێ ماوە. ئەویش لە سەدەی بیستەمدا و لە ئەڵمانیا و لەسەر شەقام. مرۆڤەکانیش بێ گرنگی پێدان، بەخەمباری و ماتی، بە قێزەونییەوە، هەر زۆر بەهیچ زانین، بەهیچ زانین، بەلایدا ڕادەبوورن. مردووەکەیش لە خەوەکەیدا، بەقووڵی هەستی پێ دەکات، کە مردنەکەی هەروەک ژیانی بووە. بێ کەڵک . بێ مانا،

بۆز... تۆیش دەڵێیت کە دەبێت بژیم؟ بۆچی؟ بۆ کێ؟ مەگەر مافی مردنەکەیشمم نییە؟ مەگەر مافی خۆکوشتنەکەمم نییە؟ دەبێت درێژە بەکوژران و کوشتن بدەم؟ بەرەو کوێ بچم؟ بۆچی بژیم؟ لەگەڵ کێدا و لە پێناوی چیدا؟ لەم دنیایەدا بۆ کوێ بچین؟ ئێمە ناپاکیمان لە گەڵدا کراوە. ناپاکییەکی تۆقێنەر. ئەی ئەوی تر تۆ لە کوێیت؟ خۆ تۆ هەمیشە ئامادە بوویت؟ تۆ نهاکە لە کوێیت، بەڵێ بێژ؟ ئێستاکە وەڵامم بدەرەوە. ئێستاکە پێویستم پێتە، وەڵامدەر! تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە پڕێکدا نەمایت؟ وەڵامدەر تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە کوێیت کە مردنیشم پێ ڕەوا نابینیت؟ ئەی ئەو پیرە پیاوە لە کوێیە کە خۆی ناوناوە خواوەند؟ بۆچ قسە ناکات؟!! وەڵام بدەرەوە! بۆچ هەموو بێ دەنگن؟ بۆچ؟ وەڵام نادەنەوە؟ وەڵام نادەنەوە؟!! وەڵام نادەنەوە؟!! نادەنەوە؟!!!.



# پێڕست


لەمەڕ ئەم بەرهەمەوە ........ 5
پوختەی بابەت ........ 7
پێشەکییەکی وەرگێڕ ........ 9
پێشپەردە ........ 13
دیمەنی یەکەم ........ 21
دیمەنی دووەم ........ 29
دیمەنی سێیەم ........ 39
دیمەنی چوارەم ........ 57
دیمەنی پێنجەم ........ 69